کۆمەڵەی کوردی - یوولاند
DEN KURDISK FORENING - JYLLAND

# Kurdan
# کوردان

وەرزەگۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتیە کۆمەڵەی کوردی یوولاند دەریدەکات



## govarekî giştî komela kûrdî ya Jylland

ژمارە { ١ }هاوینی ساڵی ٢٧٠٧ کوردی بەرامبەر بە ٢٠٠٧ زایینی / ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی کوردی

سەرنووسەر
عەبدولکەریم بەرزنجی

دەستەی نووسەران
ئادەم ئۆدیسۆن
سارا عومەر
شاهین کەریمی

وتەی ژمـارە

# گۆڤاری کوردان



عەبدولکەریم بەرزنجی

{ کوردان }یەکەم گۆڤاری کوردیە [ کۆمەڵەی کوردی یوولاند] لە وڵاتی دەنیمارك ، بۆ کوردانی نیشتەجێی نیمچەدوورگەی یوولاند ، بە زمانی شیرینی کوردی...دەیخاتە بەر دەست و دیدی خێزانانی کوردی ئازیزی لانەوازی کوردستانی گەورە و پەراگەندەی وڵاتی دەنیمارك.
ئێمە دەستەی ڕاپەڕاندنی چالاکیە ئەدەبی و هونەرییەکانی کۆمەڵەی کوردی یوولاند ، هەوڵ و تەقەللاکانمان یەکخستوە بۆ خزمەت گەیاندن بە خانەوادە کوردەکانی ئەم دەڤەرەی یوولاند . بەڵام ..! کورد واتەنی: چەپڵە بە دەستێك لێنادرێت. بۆیە ئێمە چاوی هیوامان بڕیوەتە نووسەران وشاعیران وهونەرمەندان ، وسەرجەم کوردانی نیشتەجێی دەنیمارك و ووڵاتانی دیکەی ئەورووپا ، بە ئومێدی هاوکاری هەموانین وپشت ئەستووری لای ئەو ئازیزانەین کە تاراوگە لەخۆی گرتوون و لە کوردستانی گەورەمان لانەوازن .
دڵنیاشین کە نووسەران و شاعیران و هونەرمەندانی هێژا هاوکاری گۆڤاری کوردان دەبن ، ئومێدەوارین ئەم ساوا خنجیلانەیە بە سۆزی خۆشەویستی ئەوان پەروەردە بێت ولەم گڕوگاڵە ئەدەبییەوە سەرەتاییەوە دەستی داوەتێ، لە سایی توانای لەبن نەهاتووی ئەواندا بگۆڕێتە لافاوێك لە وشە و بڕژێتە دەریای ئەدەبی کوردیەوە .
ئێمە سەرجەم:سەرنووسەر و سکرتێری نووسین و دەستەی نووسەرانی گۆڤاری کوردان بەڵێن بە نووسەران و شاعیران و هونەرمەندانی ئازیزمان دەدەین ، بۆ گەیاندنی ڕەوتی کاروانی پێشکەوتنخوازی

ڕێبازی ئەدەب و هونەری کۆمەڵگەی کوردەواریمان کەمتەرخەم نەبین و پەیامی ئێوەی هێژا و پێشەنگ ، بە کوردانی ئازیزی ئەم دەڤەرە بگەیێنیین .

ئومێدەوارین بتوانین لە بوارە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەرییەکاندا ، لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بین.

ئێمە بە سینگی فراوانەوە ڕەخنە و پێشنیارەکانتان قبووڵ دەکەین و بە هاوکاری دڵسۆزانی ﴿کۆمەڵەی کوردی یوولاند﴾، هەوڵی چارەسەرکردنی کەموکوورییەکانمان دەدەین و خوا یاربێت کۆمەڵەکەمان دەخینەوە سەر ڕێچکەی ڕاست و ڕەوانی ئاوێتەبوونی سەرجەمی کوردانی نیشتەجێی دەڤەری یوولاند .

لە کۆتاییدا دەڵێین : ئێوە شاد و کوردستان ئازاد .

**سەروەری بۆ نەتەوەی کورد لەسەر خاکی پیرۆزی کوردستان .**



# نامەی کیژۆڵە شاعیری بەتوانا ، سارا عومەر ... بۆ ڕێزلێنان لە ﴿ کۆمەڵەی کوردی یووڵاند ﴾



بۆ زێدە بەڕێز و ئازیز کاک کەریم بەرزنجی کۆمەڵەی کوردی یووڵاند لە وڵاتی دانیمارک ، پێشکەشە .

لە سینەیەکی پڕ لە موحیبەت و دلسۆزییەوە سڵاو و پیرۆزبایم ئاڕاستەی ئێوەی بەڕێز دەکەم بە بۆنەی ڕازیبوونتان بە بوون بە سەرۆکی کۆمەڵەی کوردی یولاند و پیرۆزبایی گەرمی هەڵبژاردنی ناوی تازەتان لێدەکەم ، هیوام وایە لێم قبووڵ بفەرموون تکایە!ڕێگام بدەن با دەستپێکی ئەم پیرۆزباییە بە کۆپلەیەك لە هۆنراوەی شاعیری نەمرو کورد پەروەر ( پیرەمێرد ) بڕازێنمەوە ، کە بۆ یەکەم جار لە ڕۆژنامەی( ژین )ی ژمارە ١٢٢١ی ساڵی **١٩٥٤** بڵاوکراوەتەوە هۆکەشی دەگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی ، کە یەکەم بابەتی بەڕێزتان یادی بەخێر، بۆ یەکەم جار لە ڕۆژنامەی{ژین}دا بڵاوکراوەتەوە .

ئەبێ‌بەخشندە ملکەچکا،لەڕاستی‌مووچەخۆری خۆی
ســـوراحی بـۆ پیاڵە ســـەر فرۆدێنێ کە تێکـــا بـۆی !

کاتێك خۆری دەم بە بزە لە ژێر گەرمی خۆیدا گشت هەناسەکان کۆدەکاتەوە و لە خۆی ڕازی دەکات . کاتێك ئەستێرەیەك هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ خۆیدا لەسەر لەپی تروسکەکانی ، پانتایی ئاسمانی فراوانت لەگەڵدا دەکێڵێت و لەکاتی ماڵیاوایشدا دەڵێت ، ئەی تارمایی ئامانەتی تۆ و ئەو هەناسانەی لەژێر سێبەری ئێمەدا هەوای ئازادی هەڵدەمژن! کاتێکیش من بەهێمنی و لەسەرخۆ وەك زەرنەقووتەیەکی تەنیا لەسەر لم و قەراغ دەریاکانی هیوا بە ئەسپایی لە خۆرنشین دەڕوانم ، پێت دەڵێم بابە گیان ئامانەتی تۆ و ئەو کووچە وردیلانەیەی کە خەریکی بناغەدانانیت.چۆن دڵنیام شیعر تاکە هاوڕێیەکە ، کە جێگای

خۆشنودییه بۆ من، ئاوهاش سەدقات دڵنیام ، کە ئەم نەجابەت کێشان و دەست بەکار بوونەت دەبێتە ڕەنگدانەوەی خزمەتگوزارییەکی گەورە وڕێنماییەکانیشت کت ومت نەخشی بەرد دەبێت بۆ ئەوکەسانەی کە گوێت لێرادەگرن ولەڕاستیشدا لێی تێدەگەن!چونکە ئەگەر مرۆڤێك گوێ بۆ ڕۆشنبیرێکی بەئەزموون ڕابگرێت دڵنیام هەرگیز زەرەر ناکات .
بەڕێز بەرزنجی..ئەو مرۆڤەیە،کە دەبێت گوێی لێبگیرێت ، بۆیە ئازیزم دڵنیایی لای خۆت حەشار بدە وچیتر بەدوای گەڵاڵەی ئەگەرەکاندا مەگەڕێ . چونکە گومانی تێدا نییە ، کە بەڕێزت چالاکی و بەرنامەکانی کۆمەڵە کوردییەکە ، وەك پەیامێکی کامڵ دەگەیەنێتە جێگای مەبەست و دواجاریش بۆ سودی هەمووان دەگەڕێتەوە ! لەکاتێکدا هەر لە سەرەتاوە جێگادەستی نورانیت ڕەنگی داوەتەوە و بەر لە هەموو شتێکیش وەك کوردێکی هەمیشە خەمخۆر پێشنیاری ڕێکخستنی کۆمەڵەیەکی مەزنترتان کرد و لەئەنجامیشدا هەرچوارپارچە زێڕینەکەی کوردستانی باوك باپیرانمانت لە بەرنامەکەدا خوێندۆتەوە ، کە بەڕاستی جێگای شانازییە . ئەم هەنگاوە زۆر پیرۆزە و دیارە زیرەکی ئێوەش دەورێکی باڵای هەبووە ، بۆیە لە دوای هەڵبژاردنێکی عادیلانە ، دیسان جارێکی تر داواکرا کە بەڕێزتان بەرپرس بن لە کۆمەڵەی کوردی دا . بێگومان من بەڕاشکاوانە دەڵێم کە هەردەم ئاواتەخواز بووم ئەو شەرەفە مەزنە ئەو پۆستە بێسەروشوێنە تەسلیم بە بەڕێزتان بکرێت ، بۆ ئەوەی پارچە درزبردوو و شکاوەکانی کۆبکەنەوە . چونکە بە بۆچونی من کۆمەڵەی کوردی ڕابردوو نەك هەر لە ونبوون و خنکاندا بوو ، بەڵکو ئێوەی بەڕێز لە گەڕەکەکانی مردندا جارێکیتر دۆزیتانەوە و ڕۆحتان کردەوە بەبەریدا.!هەرچەندە ماندوبوون و شەکەتییەکی زۆری بەدواوەیە ، هەم لەلایەنی گیانی وهەم دەروونیشەوە ، بەڵام دڵنیابە( **برا لە پشت برا بێت مەگەر قەزا لای خوا بێت** ). بە بەرەوپێشچوونی کورد ، و یەکێتی و تەبایی لەناو هەر نەوەیەکی کورد پەروەردا دڵنیام سەرکەوتن بۆ هەمووان

دەبێت. بەڕێزم کارە باڵا چنارییەکانی بەڕێزتان وەك: کتێبخانەی مەشخەڵ و بابەتە قەشەنگەکانی ناو کۆمەڵی ڕوانگە و ڕۆژنامەی ژین گوڤاری ئەدەبی نۆزا ، هەردەم ئەستێرەیەکی گەش دەبێت لە ئەدەبی فرەخونچەی کوردیدا.من پشتگیرییەکی زۆرتان دەکەم لە هەڵگیرساندنی مەشخەڵی گوڤاری[ کوردان ]دا و هەرجارەو بە هۆنراوە و بابەتی بەسود بەسەرتان دەکەمەوە ، من دەستی بوێریتان دەگوشم . بەهیوام ئەو گۆڤارەش ببێتە خزمەتگوزارێکی بەرچاو و ڕووناك بۆ هەموو کوردێکی ئەم دەڤەرانە. ئومێد دەکەم وەك کچە شاعیرێك بتوانم دەنگی پێنووسێکی ڕاستگۆیانە و داهێنەرانە بگەیەنمە بەر دیدی هەموو ئەدەب دۆستانێك .
من دووبارە پشتگیری خۆم بۆ خۆتان و کارەکانتان وەبیر دەهینمەوە و هیوادارم کۆمەڵەی کوردی نوێ بۆ بەرژەوەندی هەموو ئەزیزێك بێت بەبێ جیاوازی کردن، ئەمەش زۆر لە ئێوە ڕادەبینم و هەتا هەناسە بەتینەکانی کاك کەریم بەرزنجی ئەو کۆڕ و کۆمەڵەیە گەرم بکات گومانی تێدا نییە هەموو پێیەك لە ئەرز توند دەکرێت بۆ بەخشینی خۆشەویستی و بەرز ڕاگرتنی مافی هەر کوردێکی بەشدارو ، دواتر بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵە و داهێنانی نوێ و قەشەنگ .
لە کۆتایدا هیواخوازم ئاوڕ لە پێنووسە هەمەڕەنگ و چەشنەکانیش بدەنەوە وەک وڵاتانی دونیای پێشکەوتوو بەسازدانی کۆڕی جیاجیا ، دەنگیان بگەیەنن بە لایەن و زۆرینەی کەسایەتییەکانی وڵاتی دانیمارک. بە سڵاو و ڕێزی تایبەتیم بۆ هەمووان کۆتایی بەم پیرۆزبایی و پێشنیارانە دەهێنم و هیوام وایە هەموو پێکەوە بتوانین بە پێشنیار و بەرنامەی ڕەنگاڵە کۆمەڵەی کوردی یووڵاند گەورەتر بکەین و سەری بەڕێزتان وەک سەرۆکی کۆمەڵە هەردەم بەرزتر ڕابگرین ، لەگەڵ ڕێزم دا .

کچی بچکۆلەی خۆتان / سارا عومەر

٢٦ /٦/ ٢٠٠٧

تێبینی/ ئەم نامەیە لەسەر ویستی شاعیری بەڕێز سارا عومەر بڵاو کرایەوە

# بۆ دایک ، بۆ دایکان ، بۆ ڕۆژی دایک ، بۆ سەروەری دایک

لەگەڵ ئەوپەڕی هەست و ڕێز و خۆشەویستم بۆ دایکی ئازیزم



شاهین کەریمی

١٣ – ٥ - ٢٠٠٧

ڕۆژی ١٣ مانگی مەی ، ڕۆژی جیهانی دایکه . ڕۆژێکی گرینگ و پیرۆز بۆ مرۆڤایەتی . ڕۆژێك که سومبۆلی هەمو شته جوان و بەڕێزەکانه . له ١٣ی مەی دا ، دیاری و سەوقاتی پێشکه ش دەکەن به دایکان . هەرکەسەو به جۆرێك هەوڵ دەدات دایکی خۆشحاڵ بکات . هەڵبەت ئەو کەسانەی که له بوون و نازی دایك بێ بەشن ، جێگای خاڵی دایك هەست پێ دەکه . بەڵام بەڕاستی له تەواوی بوون و دونیا و کائینات دا ، چ شتێك له سەرووی دایك و بوونی دایك و هەستی دایکەوەیه ؟ چ شتێك جێگەی دایك ئەگرێتەوە ؟ چ خۆشەویستی و چ هەستێك وەك هەستی دایك جوان و پڕ مانایه ؟ چ شتێك له ئاستی خەمخۆری و دڵسۆزی و پەرێشانی دایك دایه ؟ دایك بۆ کۆرپەکەی و بۆ کچ و کوڕە- کەی چی ناکات ؟ لەو ڕۆژەوەی که کۆرپه له ناخی دایك دا دەخولقێ دایك خۆی له بیر دەکات و زۆربەی کات و هەست و توانای خۆی بۆ کۆرپەکەی تەرخان دەکات . شەونەخونی و ماندوێتی ، ژیان و کاری ناو ماڵ و ڕاکەڕاکەی ڕۆژانه ، تەنگ و چەڵەمەی ژیان و کەم و کورتی و نەهامەتی ژیان ، هەڵاواردن و ستەم و زوڵم و

زۆرێك لە پیاوان و پیاوسالاری ، هەموو وا لە دایك دەكات ، كە سەرقاڵی و گرفتارییەكی زۆری هەبێت ، بە خۆی و ڕۆشنبیری خۆی ڕانەگات . بەڵام سەرەڕای ئەوە هیچ كات ڕۆڵ و بەرپرسایەتی خۆی بۆ منداڵەكەی لە بیر ناكات . لە سەخت ترین و دژوارترین كات دا ، لە كەمترین پێداویستی زۆرترین بوون بەرهەم دێنێ و ڕەوڕەوەی ژیان دەبابەڕیوە . لە كۆمەڵگەی كوردەواری دا ، نەخش و ڕۆڵی دایك زۆر بەرچاو و بەرزە . دایك لە هەموو بەشەكانی ژیان دا ، چـ لە ناو ماڵ و كار و بەرهەم هێناندا و چـ لە ناو كۆمەڵگەدا ئامادەیە . زۆرترین باری سەختی و دژواری لەسەر- شانی دایكە ، بەرپرسایەتیەكی زۆر ڕوو دەكاتە دایك . بەڵام كەمترین ماف و دەسەڵاتی هەیە . كێشەی ژن و دایك ، كێشەیەكی قووڵە لە كۆمەڵگای كوردیدا ، كە تێك هەڵكێشی نەریت و سونەت و یاساو و ئایین و كەلتوو بووە و پێوسیتی بە گۆڕانكارییەكی جیدی و بنەڕەتی هەیە لە ڕۆشنبیری و شێوەی ژیانی تاك و كۆی كورد دا. ئەوەی كە ڕوون و حاشا هەڵنەگرە ، چەوساندنەوە و نایەكسانییەكی زۆرە بەرانبەر بە ژنان كە لەگەڵ بەهاو پێشكەوتنەكانی مرۆڤ و ژیانی هاوچەرخ دا ناتەبایە . لە كۆتاییدا ئەوەماوە بڵێم كە دایك پیرۆزە ، دایك سەروەرە ، دایك جوانە دایك شیرینە ، دایك بەڕێزە ، دایك لە سەروی هەموو بوونێكە وەیە .



چەپكە گوڵێكی ڕازاوە پێشكەش بە هەموو دایكێكی بەڕێز



خاڵە حەمە

# ئەڕۆم ... ئەڕۆم ...

ئەڕۆم .. ئەڕۆم تا دڵ دەکەم بە کۆتری
لە هێلانەی چاوەکانتا (ئۆقره) بگری
ئەڕۆم تۆش دیاری لێمەوە
بەفری کوێستان بە کڵپەی حەز ئەتوێنمەوە
ڕێگەی پیرۆزی عاشقان
لە (نشێو) و لە بەرزیا ئەبڕێنمەوە
ئەڕۆم تەنیا عەشقی تۆنیم بەدەورتا بخولێمەوە
من کۆچەری شاری دڵ نیم سەرهەڵبگرم نەیەمەوە
من عاشقی وولاتێکم
(لووتکە) ی بەرزی چیاکانی سپی و سوورە
من عاشقی وولاتێکم
گشت عاشقن!
عەشقیش بۆتە گڕوخوێن و چاوەڕوانی
بۆتە هەتاو بۆ کاروانی..

کوردستان/سلێمانی/١٩٨٣

# ئیدی من نهێنییەکی عازەبم!



سارا عومەر/ دانیمارك
تەمموزی ٢٠٠٧
Xozga86@hotmail.com

خۆشنوودی خۆزگەیەکی مەحاڵە ، کە بەردەوام گلێنەکانمان پڕ دەکات لە زەریایەک شەونمی خوێنین و شەتاو شەتاو بە کوڵمە ئاڵەکانی شەرمی واقیعماندا ، جۆگە لێدەدات بۆ لاکۆڵانەکانی تەنیایی و ڕۆدەچێت بە ناخی بێزاریماندا!

من کە نەتوانم هەناسەیەک لە شێنەیی شنە هەڵبکێشم
کە نەتوانم بە پێوانەی دییە تەیس و تەنگەبەرەکەمدا
بارستاییەک لە شینایی ئاسمانەکان دەستەبەر بکەم بۆ فڕین
کە نەتوانم سەربنێم بە سنگی ئەندێشە سەوزباوەکانەوە و
هێندەی مارێکی زەردباوی ئاماڵ سوور
خۆم لە پەلکەکانی ئاسودەگی بئاڵێنم
ئیتر چۆن
ئەو هەناسە جێماوەی دوای مەرگی واقیع و
ئەم هاڵاوە کوشندەیەی ژیان
فیرە ماڵی پەژموردەییم ناکات؟!
نائاکارە
سەفەر بەرەو نیمچە دوورگە دوورەکانی مەحشەر
هەڵگەڕان بە بەرزاییەکانی سۆراغدا بەرەو مەلەکووت
ئاسودەگی دەستەبەر ناکرێت لەم شەوی یاسەمین ڕنینەوانەدا

لە کاتێکدا
لە خوێناودا شەڵاڵ بووبێتی و سێبەرەکان بە قووڵپ پێت
پێبکەنن!!
زیندەگی دەستەبەر ناکرێت
لە کاتێکدا
ئەو دوو گلێنەی تووڕە و
دڵێکی گەنیوە
بەردەوام خەون بە تاریکییەوە دەبینێت و
مۆڕە لە هەڵاڵە تازە پێگەیشتووەکان دەکات
بە خۆی و گەردوونێک لە چڵکی بارووتەوە
بە خۆی و نیشتیمانێک لە گومانی فڕێدراوی نەریتەوە
جورئەت دەنوێنێت
نەخشە ئەبەدییە ئەفسوناوییەکانی
سەر باڵی جووچکە کەوە ئاواز کلارنێتەکان بشێوێنێت
کۆرپەلە سوێسکە سرک و لاوازەکان
لە ئامێزی هێلانەکانی حەسانەوەی نەفەس زەوت دەکات و
لەناکاوێکڕا
بەهەشت پڕ دەکات لە تاوان و ئەستەم
تاوان و فەنابوون
لە دۆزەخ!
ئاخر ئەو
گەمەی سەیر سەیر بەو عاشق ڕووخسار و
دڵۆپە سوورە مەستانە دەکات

دەستی تێوەر دەدات
هەڵی دەگلۆفێت
دەیڕژێتە سەر نیشتیمان و
هەڵی دەقووڕێنێت!!
ئای لەم گڕە شەرابە و لەو دڵە بڕۆنزییە
ئەریێ لالۆ؛
ئەو پارچە گۆشتە گەنیوە پێکهاتەی تەنەکەیە یاخود بەرد!؟
تەماشاکە ئەم هەموو چاخە دێن و دەچن
چاخی هەنسکە پیشاوەکان
چاخی تیشکی ڕەش
چاخی بڵێسەی بایەقوشەکانی ڕێبوارساز
چاخی دەوار و دەربەندە جەنجاڵەکان
چاخی کرێوەی ماچە بەفراوییەکانی شەم
چاخی وەرزی کوژاندنەوەی تروسکەکانی ڕۆژهەڵات!
چاخی چەقۆکانی دەستی کوشتن
چاخی تەیکردنی تارماییەکانی دیوار
چاخی وەڕسیی خەندە و
باوەش کردنی درۆکانی نیشتنەوە!!!!
ئەو
بازنەیەک ئاگری سزای کردۆتە ئەنگوستیلە و
پەنجە شەڕانگێزەکانی
بە سەر و قژی گوڵی ناو کاسە تەزیوەکاندا دەهێنێت
دەیانسوتێنێت وەک گفتە کاڵ و کرچەکانی خۆی و

دەڕوات
وەک زەندەقی بڵێسە خۆڵەمێشییەکان و
پێکە تاڵەکانی فەرامۆشیی
ڕێدەکات!
جار جار
ترسی قدومی شەقەی باڵەکانی لێدەنیشێت و
داخی پەستی و گوناهە ژاکاوەکانی خۆی
داخی ڕێزانە کوژاوەکانی و
بوخچە کرم خواردووەکانی زەمەنی
بە نەغمەکانی نێرگز دەڕێژیت
بۆیە
ئەو لالەنگییەکی تەپیوی وەریوە
تەنانەت لیتاویش نایگرێتە خۆی
پەڕتووکێکی سووتاوە پڕیەتی لە زریکەی مێلوورەکان!
ئای لەم پەلک وەراندنە
لەم هەڵاتنی شەوبۆیانە
لەم سەمای بێزوکەرانە بە دوکەڵ و
بە وەهم کردنی خۆزگە سوتووەکانی جگەرەوە!
ئیتر تێناگەم
ئەم پیاسەو خۆ گێل کردنەی لەپاش چی؟
دەشێت خڵەفابێت و وا تێبگات
ئەمە سەرکەوتنە بەسەر پلەکانی سەرووەریدا
کە دەست بخەیتە ناو دڵە خۆشنوودەکان و

ماڵی فیردەوسەکان کاول بکەیت؟
شەلالە خوێنی ئەم گوڵە سوورانە بڕێژیت و
ئەو نیگایانە بشێوێنیت، کە بریسکە پەرژینیانە؟
باشتروایە
کۆڵوانەی داڵغە سەمەرەکان و
زڕاندنی پێڵوی خەونەکان فڕێبدات و
بەدەم گریان و واوەیلاوە
کڕنووش بۆ فنجانی قاوەچییەکان ببات
تا پارچەی ئاسارەکانی بۆ کۆبکاتەوە و
بەفری گوناحەکانی بۆ بماڵێت!
باچیتر تەڵە گورگ و
تەڵە ڕێوییەکانیش
لاقی نووکتەکانی ناهەقی نەگەزن!
با ئەو چاک بزانێت
نێچیرەکان بەردەوام مامۆستایەکن لە ئەستێرە
مەتەڵێکن لە شیعر و هەڵبەستی هەڵمی پەمەیی
زەردەوێکن لە تیشکی خۆری بێ سنوور
هەرچی سروودی نەوا ئێسک سووکەکان نەبێت نای هۆننەوە!
هەرچی سترانی سێبەرەکانی گێلاس نەبێت نای چننەوە!
ئیتر تاوانە
دەستی خۆ سوور کردن
بەو خونچەگوڵەی تازە پشکووتووە و
بۆنی خەرمانی ئەوینی لێدێت!

بۆیە هەتا ئەو
لە  بڵندی و هەڵبەزەی فیکرە ترسناکەکانییەوە
کەوە نەخمە سۆزیارەکان هەڵبفڕێنێت
پەرندە خۆشگوزەرەکان نامۆ بکات و
نامەی هەڕەشە
بۆ بەهار و
ڕیحان و
کوێستان و داستان بنێرێت
ئەوا
من بەڵێن دەدەم بە شەم
دەستم دەخەمە ناو دەستەکانی دڵنیاییەوە و
تا ئەبەد
لانکی بەد و دەسترازەی ئاودامان
لە سنگ و مەچەکی بزە مەکراوییەکانی عەبدبوون گیر ناکەم!
کتێبی فەلسەفەکانی پاکبوونەوە بۆ هیچ مێژوویەک باس
ناکەم!
ترسی تۆبە
ترسی ئاگر
ترسی شەهوەت
ترسی ئەهریمەن و
ترسی درزبردنەکانی ڕەحم
لە خشتەی هیچ وانەیەکدا تۆمار ناکەم!
زامەکانی عەرد

نادەمە دەم دەرکەوتنی ساتەوەختە شەرمەزارییەکانی ئەو
چیتر لە ئاوێنەی گۆمە پڕ قەوزەکەی ئەودا
دوا هەنسکی شیعرەکانم ناکەمە قوربانی بۆ وەرین!
سەما لەگەڵ خولیا شپرزەئاساکان ناکەم
کە بۆنی خیانەتی لێدێت و
ماڵی دڵەکانی ئیماندار هەڕاج فرۆش دەکات!
دەستی پەراوێزبوونی مەخلوقاتە وێڵگەییەکان ناگرم
کە ترپەی هەورە بەڵەکاوییەکان بەفریو دەبات
کە ڕۆحی باخچەکان مین ڕێژ و مەلوول دەکات
ڕاوچی
ئیدی من نهێنییەکی عازەبم!
لەوحەی ڕابردوو
داهاتوو
ئایندە ڕەشدەکەمەوە و
پێکێکی هەناسە لەگەڵ بێتۆیدا نۆش دەکەم!
حاشا لە کرێوەی ئەو زستانە خەونانەش
کە بە تینوویەتیەکی کزۆڵەوە
هاوکێشەی سەرکەوتنی ئەوی تێدا دەبینم!
وێران بێت ئەو دەڤەرەش
کە درۆکانی تابووت بناغەیەتی
قووڕگی چرپە چرپەکانی بێدەنگیش ووشکبێت
کە دەم دەخەنە زاری پیری و
بزکە و قووڵپاوی پێکەنینیان لێهەڵدەستێت

لە کاتی ئارایشتکردنی
زوولفی خوێناوی مەعشوقەکان و
سوورکردنی دەفەکاندا!
ئای لەو عەسرانەی
بە تۆپزی
کەللەی زەینەبی کوێستانەکانی تێدا دەپژێندرێت
ملوانەی بێئاگایی ووردەواڵە فرۆشەکانی تێدا دەپچڕێندرێت
خەونی مەعشوقەکان لە باوەشی ئەمینداریێتیدا سنووورپێو
دەکرێت!
حەوشە پڕ باو بریقەکانی حیکایەتخوان و لاوکبێژ
پڕ دەکات لە پەڕ و باڵی دەنووک سوورەکان!
دەم و بزە خەیاڵاتییەکانی مەحبوبەی تێدا مەحکەم دەکرێت و
دواتریش
وەک تۆبەکارە هەمەچەشنە سەرزارەکییەکان
لە دڵێکی ژەهراوی بەردینەوە
مەراسیمی هەڵپەڕکێ
بۆ هەڵوەرینی باڵەکان دەگێڕێت!!!
ئاخر
ئەگەر بۆ چەند ساتێک
پارچەیەک نەبوومایە لە خەون
لە ڕابردوو
لە هەناسەکانی ئایندە
هەرگیز لەم فێڵانەی عەسرەکانی ڕاوچی نەدەگەیشتم!

بۆیە تا دوا ساتەکانی هەناسەدانم
تەلیسمی بزە لەگەڵ هیچ عەسرێکی ڕاوچیدا بەشناکەم
نەفرەت لەو زیندەگییەش بێت
کە بە دەستە سووربارەکانی
جەوهەرەکانی گەردوونی تیادا دەخنکێندرێت!
تازە ئەو هێندە گوناهسازە
تۆبەخانەش نایگرێتە خۆی!!
ئای چەندە گوناهە ئەو دەژی و
ئەوان ناژین
ئەو دەجوڵێت و
ئەوان ووشکن
ئەو زیندووە و
ئەوان مدوون
چەندە ئەستەمە
لەکاتی ناردنی فاتیحاکاندا
ئەو
بە دوو چاوی کینە و خوێنتێزاوەوە بە خودا دەڵێت؛
( هەناسەی کچێکی پاکی تر لەسەر ڕۆحم کەڵەکە بووە
سبەی لەگەڵ خۆر نشینندا
دەبێت ماچی نمەکێکی بەساڵاچووی لێبسەنمەوە
ئەو کیژێکە بەردەوام لە فرِیندایە و بۆنی خاکی لێدێت
لە سپێدەیەکی خۆشنوودی شین دەچێت و
زەردەخەنەی لێدەچۆڕێت

بۆیە بەر لە نیشتنەوەی
دەبێت دواهەمینماڵئاوایی پێبکەم لەگەڵ عەشق! )
لەدوای ناردنی ئەم فاتیحایەش
ئەوی گوناهبار دەڵێت؛
خودایە لێم قبووڵ بکە، ئەم ڕۆح کوشتنە لە پێناوی تۆدا
دەکەم!!!!!
ئاخر خوای گەورە
ئەمە کوفرە .. کوفر
ئاخر ئەو ئەو ماسییەیە
تەنانەت خیانەت لە سازگاری (ئاو)یش دەکات
ئەو پەنجەرە هەڵماوییەیە
غیرەیی بە ڕووخساری مۆم دەبات و
بەردەوام
سەرقاڵی تیژکردنەوەی بەردەکانێتی
بۆ پانکردنەوەی پۆپکە هەڵتۆقاوەکانی قارچکە بەهارینییەکان!
بۆیە هەتا هەتایە
دەبێت خەون بەو نامە جاویدانەوە ببینێت
کە لە ماڵەکانی ئاسودەگییەوە
شنەی شەماڵ بۆی ناهێنێت!
دواجار پێی دەڵێم؛
ئەو ماڵەی کە لە زوڵم دروستت کردووە
بەردەوام لە حەژمەت کوفرەکانی تۆدا
بەسەر گوناهەکانی بێدەسەڵاتیدا دەڕووخێت!

بۆیە بۆ هەر کوێیەک بچێت
هاوارەکانی خودا بە شەوقەوە پێی دەڵێت؛
ڕاوچی
دەبوو بەر لە شکاندنی باڵەکان
باشتر لە خۆت تێبگەیت!!!!



# ئینسانیەتی ئافرەت

/ عبدالکریم بەرزنجی

وشەی ئینسان لە زمانی عەرەبیدا ، بە واتای دوو‹‹ ئینس ›› هاتووە . کەواتە لە بنەڕەتدا وشەکە تەعبیرە لە یەککەوتنی دوو مرۆڤ ، کە هەردووکیان ‹‹ مەخلووق ››ی‹‹ ئینس ››ن .

لیرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە پەوەردگار لە قورئانی پیرۆزدا بۆ چەند جارێك وشەکانی ‹‹ ئینس ›› و ‹‹ ئینسان ››ی باسکردووە ، و لە چەند ئایەتێکدا دووپات بووەتەوە ، وەك دەفەرمێت :

بسم‌الله‌الرحمن‌الرحیم

{وما خلقت الجن والإنس إلا لیعبدون} ئایەتی[٥٦]الذاریات .

{وَلَقَدْ خَلَقْنَا الإِنْسَانَ مِنْ صَلْصَالٍ مِنْ حَمَإٍ مَسْنُونٍ} ئایەتی(٢٦) الحجر . یان

{وَأَنَّهُ كَانَ رِجَالٌ مِنَ الإِنْسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِنَ الْجِنِّ فَزَادُوهُمْ رَهَقًا}

[ ئایەتی ٦ الجن ]

یان{ وخلقنا الإنسان في أحسن تقويم.....هتد}

{ يَا أَيُّهَا الْإِنْسَانُ إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَى رَبِّكَ كَدْحًا فَمُلَاقِيهِ } ئایەتی[٦]الإنشقاق .

یان{ ویوم یحشرهم جمیعا یا معشر الجن قد استکثرتم من الإنس وقال أولیاؤهم من الإنس ربنا استمتع بعضنا ببعض وبلغنا أجلنا الذي أجلت لنا قال النار مثواکم خالدین فیها إلا ما شاء الله إن ربك حکیم علیم }

سورەتی الأنعام - ئایەتی ١٢٨

کەواتە هەردوو ڕەگەزی نێر ومێ لای پەروەردگار یەکسانن و لەیەك سات و چرکەدا بێ کەموکووڕی ، گیانی بەبەر هەردوو [ئینس]ی نێر ومێیدا کردووە و لەگەڵ یەکدا کۆی کردوونەتەوە .

بۆیەش لە سەرەتادا دەفەرمویێت < ئینس > و پاش کۆکردنەوەی هەردوو ڕەگەزەکە پێکرا ، پێیان دەڵێت [ ئینسان ] .. یانی ٢ ئینس . من لەم ڕوانگەیەوە دەڵێم ڕەگەزی مێ هیچی کەمتر نیە لە ڕەگەزی

نێر و تەواو یەکسانن ، و مرۆڤایەتی پێکهاتە و بەروبوومی ئەو دوو مرۆڤە گرنگ و بە توانایەیە کە پەروەردگار بە هاوتەریبی ژیانی سەرزەمینی پێ سپاردوون .

بێگومان کە سەرەتای بوونی مرۆڤایەتی لە باوکە[ ئادەم ]ی‹‹ ئینس ›› و دایکە [حەووای]ی ‹‹ ئینس ›› ەوە سەری هەڵداوە .

بە گوێرەی ئەو چیرۆکانەیش بێت کە لە سەرجەم کتێبە ئاسمانییەکاندا هاتوە و باس لە بنەچەی مرۆڤەوە دەکەن ، دەیسەلمێنن کە ئەو دوو مرۆڤە توخمی سەرەکی زیادبوونی مرۆڤن لە سەرزەمیندا.

هەروا دەردەکەوێت کە تەبایی نێوان ئەو دوو‹‹ ئینس››ە لەو سەردەمەدا سەد دەرسەد باشتر و گونجاوتر بووە لە سەردەمەکانی ژیانی مرۆڤ لەسەر زەویدا . ئەوانبوون سەرەتای مرۆڤایەتیان دارِشت و نەوەی پاش خولقاندنیان پەراگەندەی سەر ڕووی گۆی زەوی کرد .

بەپێچەوانەی سەردەمی ژیانی ئەو دوو‹‹ ئینس ››ە ی سەرتاوە بۆتەی ژیانی زۆربەی کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی ، لێوانلێوە لە ستەم و پێشێلکردنی مافی ڕەگەزە بنەڕەتییەکە ، کە ئافرەتی دایك و سەروە ر وقوتابخانە و پەرستار و گەورە و بێهاوتایە .

گەورەیی ڕەگەزی مێ تەنها داهێنەری وی دەتوانێت هەڵیسەنگێنێت و ئاستی بۆ دیاری بکات . گەربەوردی بە مێژوودا بچینەوە ، دەبینین ئافرەت هەوێنی گۆڕانکارییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بووە و رەوتی ژیانی بەرەوپێش بردووە و مرۆڤایەتی لە فەوتان و لەناوچوون پاراستووە . بڕوانە پەرتووکە ئاینییەکان - ئەفسانەکان - ئەو مێژووانەی کە مرۆڤایەتی پاش بیرچوونەوە و لەناوچوونی زۆر لە داب ونەریت و مافەکانی نێوانیان لە درێژەی مێژوودا .

دەبینیت پاش بەهۆشهاتنەوە و بەبیرهاتنەوەی هەندێك لە ڕابردووی تاڵی مرۆڤایەتی و نووسینەوەی هەندێك لە مێژووی پڕ لە مەینەتی

نەوەکانی ئەو دوو‹‹ ئینس››ە لەسەر دەستی خودی مرۆڤ و ناساندنی دەرئەنجامە خراپەکانی بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ، هەندێك مرۆڤ گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە دەبێ حەقیقەتی مافناسی نێوان رەگەزی ﴿ نێر ومێ ﴾ بێتەوە ناساندن و چەسپاندن .
خۆگەر لە ڕوانگەی پەرتووکە ئاینییەکانەوە سەیری مێژوو بکەین ، چەندین کەسایەتی وەك : مەریەمی کچی عیمران ، یان سارای خێزانی پەیامبەر ئیبراهیم ، یان ئامینەی دایکی حەزرەتی موحەممەد [د.خ] ، یان فاتیمەی کچی پەیامبەر و دایکی حوسەینی شۆڕشگێڕ .. دەبینین کە ئافرەتانێکی بێ هاوتا و سەروە ر و پەروەردەکار و خاوەن کەسایەتی ئەوتۆ بوون...کە لە ڕەگەزی بەرامبەردا کەمتر بەدیکراوە.
بەرهەمهێنانی کەسایەتی ئەو پەیامبەرانە و ئەو کەسایەتیانەی کە ئەو ئافرەتانە پێیانگەیاندوون ، ناشاردرێتەوە و لەبیر ناکرێت .
بۆیە دەبێ هەمیشە بوترێت و بزاندرێت کە بەبێ ئافرەت وبێ زامنکردنی مافەکانی ئافرەت ، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەرەو ئیفلیج بوون و هەڵدێر دەچێت.

# [ ٤ ]ی یـوولی

/عەبدولکەریم بەرزنجی

جەژنی چواری یوولی < Fourth of Juli > وەك هەندێ کەس حەزدەکەن ئاوا ناوی لێبنێن ، وەبیرهێنانەوەی ڕوداوی ساڵی [١٧٧٦]ە ، کە کاتێك نوێنەرانی ١٣ ولایەتی ئەمەریکی سەربەخۆیی خۆیان و جیابوونەوەیان لە بریتانیا ڕاگەیاند تا بە فەرمی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا پێکبێت . پاش ئەوە جەنگێکی خوێناوی لە نێوان ئەمریکا و بریتانیا دا کەوتەوە . لە پاش جەنگی{ یورکتاون } لە ویلایەتی ڤەرجینیا کە لە ساڵی ١٧٨١ دا لە نێوان بریتانییەکان و ئەمەریکیەکان دا ڕوویدا ، ئەمریکا لەو جەنگەدا سەرکەوتنی بەدەسهێنا . پاشتر لە ساڵی ١٧٨٣ لافاوی ڕێککەوتننامەی ڤەرسای لە فرەنسا ڕوویدا ، ڕێککەوتننامەکە وەك ڕاگەیاندنی کۆتایی شۆڕشی ئەمەریکی وابوو . لە ساڵی ١٧٨٧ دا سەرجەمی نوێنەرانی ١٣ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەودەمە ئیمزایان لەسەر دەستووری وڵات کرد کە لە ساڵی ١٧٨٨ دا بڕوای پێ بەخشرا . ئاهەنگگێڕان بەم جەژنەیە ئەهمییتێکی تایبەتی هەیە ، ئەو جەژنەیە یەکەم جەژنە کە هەموو ئەمەریکییەکان تیایدا جەژن ئەگێڕن ] لەگەڵ ئەو دووبەرەکییەی کە لەسەر کێشە ناوەکی و دەرەکی باگراوەندی سیاسی و ئایدیۆلۆژی ئەمەریکییەکاندا هەیە :- لیبراڵییەکان- چەپەکان - پارێزگارەکان - گێرەشێوێنەکان - سپی پێست و ڕەش پێستەکان -لاتینێکان - کۆچبەرەکان - لە

هەموو وڵاتانی دونیاوە ] . جەژنی سەربەخۆیی لە هەموو جەژنەکانی تری ئەمەریکا بەربڵاوترە لەنێو خەڵك دا . جەژنی سەربەخۆیی گەورەترین[جەژن] ێکە لە جەژنەکانی ئەمەریکا ، کە تاك و خێزانەکان لەو پارکە گەورانەدا کۆدەبنەوە کە پێشتر لە هەموو شارە گەورە و بچوکەکانی ئەمەریکا دا بۆ ئەو مەبەستە ئامادە کراوە ، لەم جەژنەدا خەڵکی بە تەقاندنی فیشەکەشێتە و بینینی ئاگربازکێ و شەکاندنەوەی ئاڵا لە سەعات نۆی تەواوی ئێوارەی ئەوڕۆژە دا دەس بە ئاهەنگگێڕان دەکەن .



# Ziman

ھۆزان

Adam Odison( Newaf )

Ey kurd bibe xwendevan
Dest bavêje Qelem ji bo ziman
Zimanê me şîrîne ewe jiyan
Milet nîne eger nebê ziman
Em tên naskirin li jihan
Ta miletê kurd werê pivan
Rojhelat, rojava,bakur u başuran
Kurmancî, zazakî, bahdinî u soran
Ji bo ew ziman ez bibim qurban
Bixwînîn zimanê xwe ey biran
Bixwînin zimanê xwe ey xwişkan
Eger şarezabî zor nakî ziyan
Dest bi dest qet namînen nezan
Rakin li ser xwe ew barê giran
Çav ronî dibî nasdikî hemu reyan
Lê fêrbe gelek zimanê miletan
Erebî, tûrkî, zimane eceman
Hemu zimanên ku tu li ew welatan
Dikevê destê te kilîle zor deryan
Deghî ermanca xwe ey xwendevan

baggrund og forskellige ønsker skal kunne fungere og arbejde sammen mod fælles mål.
Et fælles mål kan binde de enkelte parter sammen og giver stabilitet og positivitet i forandringsprocesserne, og åbner vejen til en sund integration, men det forudsætter et ligeværdigt samarbejde om de mål, der ligger formålet. Integration er ikke lige med assimilation(indsmeltning i det danske samfund), en indvandrer eller flygtninge må gerne beholde sine passende positive værdier og identitet fra sit hjemland og bruge dem som redskab til at kunne fungere bedre i det nye samfund uden at det strider mod de danske love og regler, samt at være parat til at lære dansk bedst muligt, udvikle sig, deltage aktivt i de daglige aktiviteter, ikke flygte fra sine forpligtelser og gemme sig bag en religion eller kulturelle undskyldninger, skal være til rådighed for arbejdsmarkedet og dette gælder både for mænd og kvinder, da der er ingen køn forskel her i Danmark. For at kunne integrere sig i det danske samfund, skal der også være alle nødvendige betingelser opfyldt, dvs. Samme ret mulighed og adgang i alle retningerne for indv./flyg. På lige fod som danskerne. Brug guleroden før pisken.

# INTEGRATION !???

Adam Odison

Her i Danmark er vi alle automatisk blevet mere eller mindre integreret i de samfund, som vi nu engang er vokset op i. Der er forskellige former for integration, og den største forskel ligger nok i dem der er fra byen, og til dem der er fra landet. Det samme gælder naturligvis også dem som er kommet her til landet enten som indvandrer eller flygtninge, men de her naturligvis også haft en integrationsform i deres hjemland, og det har selvfølgelig haft en stor betydning for deres socialisering og identitets udvikling.
Vi lever i en verden, der bliver mere og mere multikulturel, og der vil komme flere med anden etnisk baggrund end dansk og vi ved at indvandring til Danmark er ikke et nyt fænomen, men har allerede fundet sted i 1870, så hvorfor ikke modtage dem positivt og tage ved lære af dem.
Vigtigt er det at kende de forskellig former for integration, da tale om integration er i sig selv tale om forskellen, dvs. at man skal tilpasse sig til de nye omgivelser og at forskellige personer med forskellige

# Du skal være dig

*Sofie Odison*

Du skal ikke være bange for at tale,
For din mening den er li'så god som min,
Du skal ikke være bange for at fejle,
Det er mere sjovt end flovt at bli'til grin.

Du skal ikke være bange for at lytte,
den, der lytter, sætter andre mennesker fri,
du skal høre efter det, der ikke siges,
For så hører du den fulde melodi.

Du skal ikke være bange for at vælge,
og at møde andre med et kærligt nej,
der går ikke skår af dig, når du er ærlig,
og du gavner alle ved at være dig

# Elbûmî kûrdîylekanî Kûrdan


Kani Jebari


Hareem Berzinji


Hwir Rekani


Kariyn derbendi


Daro Shierko


Miyran Swrchi


Aland Barzinji




Adam Faraidon

DEN KURDISKE FORENING
JYLLAND / HORSENS

کۆمەڵەی کوردی
یووڵاند - هۆرسنس

---

بەرێزان نووسەران و شاعیران و هونەرمەندانی سەربەرزی کورد . . !

سڵاو و حورمەتمان ئاراستەی ئێوەی هەڵگرانی مەشخەڵی سەرفرازی و پێشکەوتنی نەتەوەی کوردمان دەکەین و سەری نەوازش لە ئاستی بەخشندەییتان دا دادەنەوێنیین و هەمیشە لە ئاستی دڵسۆزی و نیشتمان پەروەریتان دا سوپاسگوزارین . ئێوەی پارێزەرانی هونەر و ئەدەبی کوردیمان بە هەموو بوارەکانییەوە ، هەردەم شۆڕەسواری ڕێبازی خەباتی نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەری بوون و قەڵەم نێزە و ووشە تیری ڕووبەڕوو بوونەوەتان بووە لە ڕووی دوژمنانی سەرسەختی گەلی کوردمان دا ، لە هەر ئان و زەمانێك دا . حەق بێژی ئێوەی نیشتمان پەروەر ، شۆڕشێکی نەبڕاوە و غەزێنەیەکی لەبن نەهاتووی پڕ لە سەروەری بووە و هەمیشەیش وادەبێ . بۆیە ئێمە لە کۆمەڵەی کوردی یووڵاندەوە لە وڵاتی دەنیمارك ، ڕوو دەکەینە دەرگای بەخششی ئێوەی میللەت پەروە ر ، تا لە هەر چرایەکی گەشی ئێوەوە تروسکێك ڕووناکیمان بەرکەوێ و لە سایەی چراخانی بەرهەمی ئەدەبی ئێوەی- هیوا- دا مەشخەڵی گۆڤاری{ کوردان }

هەڵگیرسێنین . ئێمە بە ئومێدی خزمەتگوزاری بۆ خێزانانی کوردی لانەواز لەم وڵاتی غوربەتە دا پشت بە هاوکاری ئێوەی ئازیز ئامادەکاریمان بۆ ئەم گۆڤارە وەرزیە کردوە . هیوادارین گۆڤارەکەمان بە بابەتە بەپێزەکانتان دەوڵەمەند بکەن تابتوانی بەرهەمەکانی بیری ڕووناکتان بخەینەبەر دیدەی خوێنەری ئازیزی کورد لەم دەڤەرانەدا .

دووبارە ڕێزمان قبووڵ بفەرموون .

*k-kurdi@hotmail.com*

**عبدالکریم بەرزنجی**
**سەرۆکی کۆمەڵەی کوردی یوولاند**
**٢٥ / ٦ / ٢٠٠٧**



# yekem padişaî Mad { Diyako } î mezin

**Têbînî - تێبینی**

* بەرگی یەکەم :  هەڵبژاردنی پەرلەمان لە { کۆبنهاگن } .

* بەرگی دووەم : {دیـــاکۆ} یەکەم پادشـای ئیمپراتۆرییەتی ما د .

kurdan2007@hotmail.com

# Kurdan
# کوردان

وەرزەگۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتیە کۆمەڵەی کوردی یوولاند دەریدەکات




## govarekî giştî komela kûrdî ya Jylland

ژمارە {٢} پایزی ساڵی ٢٧٠٧ کوردی بەرامبەر بە ٢٠٠٧ زایینی / ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی کوردی

سەرنووسەر

عەبدولکەریم بەرزنجی

دەستەی نووسەران

ئادەم ئۆدیسۆن    سارا عومەر

شاهین کەریمی    سەلام بەرزنجی



وتەی ژمارە

# بوونی ناوەندێکی چالاک .. مەرجێکی بنەڕەتییە

عەبدولکەریم بەرزنجی

بوونی دەستەیەکی سەرکردایەتی هۆشمەند و کارا و چالاک لە هەموو دامەزراوەیەکی رۆشنبیری دا ، یەکێکە لە هۆیە گرنگەکانی سەرکەوتنی کار و چالاکییەکانی ئەو دامەزراوەیە . بوونی ئاوا سەرکردایەتییەک لە هەر دامەزراوەیەک دا ، کاربکات ، لە دامەزراوە هاوچەشنەکانی جیای دەکاتەوە . جا گەر چالاکییەکانی لە ڕێگەی پێشکەشکردنی بابەتی مینبەرییەوە بێت یان لە ڕێگەی بڵاوکراوەی فیکری ، و میدیای دەنگی و ڕەنگییەوە . هەر ئەو هەوڵ و لەخۆبوردنەیشە تواناکان لە ساحەی ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیری دا دەردەخات . ناشکرێ حوکمی سەرکەوتن یان سەرنەکەوتن بەسەر هیچێک لەو دامەزراوانەدا بدرێت پێش پراکتیزە کردن و دەرکەوتنی تواناکان ، کە بۆ ئەو مەبەستەی لە پێناویدا دامەزراوەکە هێنراوەتە کایەوە . بەڵام هیچ دەستەیەکیش ناتوانێ سەرکەوتن بەدەس بێنێ ئەگەر ناوەندێکی هونەری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری چالاک بوونی تێدا نەبێ و دوور لە

سوودی تایبەت و حیساباتی شەخسی
دڵسۆزانە لە کاردا بن و سووربن
لەسەر ئامادەبوون و ئەنجامدانی
ئەرکەکانیان و هەمیشە تێکەڵ بن
بە چالاکیە هونەری و وەرزشی و
ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان .



نەرویج / بێرگن: 03.08.2007

بۆ دەستەی کارگێڕی / کۆمەڵەی کوردی یووڵاند / دانمارك

# جوانترین پیرۆزبایی

بە ناوی کۆمەڵەی منداڵانی کورد ( KMK ) لە نەرویج بە بۆنەی هەڵبژاردنی دەستەی نوێی کارگێڕی کۆمەڵەکەتان (کۆمەڵەی کوردی یووڵاند) لە دانمارك. جوانترین پیرۆزباییتان لێدەکەین و هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنتان بۆ دەخوازین.

لە لایەن برای بەڕێزو دڵسۆزمانەوە ـ شێخ عەبدولکەریم بەرزنجی سەرۆکی کۆمەڵەکەتان. ژمارە سفری گۆڤاری (کوردان) تان بە دیاری پێشکەشمان کرا. زۆر سوپاسی کاکە شێخ دەکەین. پڕ بە دڵیش پیرۆزبایی لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری کوردان دەکەین.

ئێمە بە پێی توانامان هاوکاری گۆڤاری کوردان دەکەین.

دەرچوونی هەر کتێب و گۆڤارێکی بەسوودی کوردی هاوتای لە دایك بوونی منداڵێکی ڕەسەنی کوردە.

دووبارە هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین

براتان

ڕەزا شوان

سەرۆکی کۆمەڵەی منداڵانی کورد / نەرویج

# منداڵانی ئەمڕۆ نەوەی داهاتوون



ڕەزا شـــوان
نەرویـــج

منداڵەکانمان بەنرخترین سامانو سەرمایەی گەلەکەمانن ، کە لە سامانی نەوتو زێڕیش زۆر بەنرخترن .

ئەگەر لە باوکێکی کورد بپرسین : لەبەر چی حەزدەکەی منداڵت زۆر بێ ؟ لە وەڵامدا دەڵێ : جا ئەگەر ئێمەی کورد منداڵمان زۆر نەبێ ئەوا دوژمنەکانمان هەر بە یەکجاری لەناومان دەبەنو زوو قڕمان دەکەن .

لەم پێودانگەوە کە « منداڵانی ئەمڕۆ نەوەی داهاتوون» بێگومان ژیانێکی خۆشترو ئاسوودەتر ، ئایندەیەکی گەشترو شیاوتر بۆ کوردو کوردستان ، لە ڕادەی خەم لێخواردن و بە ڕاستیو درووستی ڕێنمایی و

پەروەردەکردنی منداڵە چاوگەشەکانی ئەمڕۆمان دا بەدی دەکەین و دێتەدی . چونکە هەر ئەم کاکەڵە ڕووحسووکانەی ئەمڕۆمانن ، سبەی دەبنە پێشەنگ و سەرکردەی قارەمان ، دەبنە پیاوانی مەزن و جوامێرو میرخاس . هەر ئەم خونچە گەشانەی ئەمڕۆمانن ، سبەی دەبنە شەکرە ژنانی خانومان و ، دایکانی دڵسۆز و میهرەبان . ئەم کوردیلە ژیرو قسەخۆشانەی ئەمڕۆمانن ، سبەی دەبنە شۆڕەسواری بەجەرگی مەیدانی کوردایەتی و مەردایەتی ، جڵەوی کاروبار و دەسەڵاتی کوردستانی شیرینمان دەگرنە دەستیان. هەر ئەمانیش دەتوانن بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان یەکبخەن و ، خەون و خۆزگەکانی ئەمڕۆی ئێمە بهێننەدی و ، لە هەموو بستێکی کوردستان دا ، ئاڵای پیرۆزی کوردستان هەڵبکەن . منداڵانی کورد لە توانا و زیرەکی و بلیمەتی دا ، لە منداڵانی گەلانی تر کەمترنین .

پێویستە ئەو ڕاستیانە لەبەرچاو بگرین و ، بە ڕادەی پێویست و درووست گۆش و پەروەردەیان بکەین ، هەلومەرج و زەمینەیەکی لەباریان بۆ بڕەخسێنین ، هۆیەکانی پێشخستن و گەشەکردنی بەهرەو توانا و ئارەزووەکانیان بۆ دابین بکەین . بە ڕاشکاوی گوزارشت لە خەون و حەزو پێویستیەکانی خۆیان بکەن و ، ئازادبن لە ڕاو بۆچوونی خۆیان . جیهانی وەنەوشەیی پڕ لە حەزو خەونی سەوزی خۆیان لێ تێک نەدەین . پێویستە بە نەرمی ڕەفتاریان لەگەڵدا بکەین و ، ڕێزی کەسایەتی و خواستەکانیان بگرین .. بەڵام پێویستە لایەنە نەگەتیڤەکانیان بە پۆزەتیڤ ڕاست بکەینەوە ،

ئەگەر بە تەمای بەرپاکردنی شۆڕشێکی نوێخوازی و گۆڕانکاری بین ، لە هەموو بوارەکانی ژیانی گەلەکەماندا ، بە ڕاهێنان و ئامادەکردنی جگەرگۆشەکانی ئەمڕۆمان دەست پێ بکەین .

بە دارشتنی پرۆگرامێکی پەروەردەیی هاوچەرخی تێرو تەسەل و، پەیڕەوی کردنی پلانێکی تۆخمەی ڕاست و درووست، بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێی کوردی بڕوابەخۆ، کە لە ئاستی بەرپرسی و خواستەکانی گەلەکەمان بن. ئۆبالی منداڵەکانمان لە ئەستۆی ئێمەدایە، بۆیە نابێت فەرامۆشیان بکەین و بیاندەینە دەستی قەزاو قەدەر، ئەگینا بە سەقەتی پەروەردە دەبن و، لاڕێ دەبنەوەو دووچاری دوارۆژێکی ڕەشی پڕ لە نەهامەتی و، چارەنووسێکی نادیار دەبن، گوناهی ئەم ئاکامەش لە ئەستۆی ئێمەدا دەبێ و، هەموومان باجی دەدەینەوە، مێژووش لێمان نابوورێت، پاساوهێنانەوە و پاکانەکردنمان لێ قبوڵ ناکرێت. جا بۆ ئەوەی شەرمەزاری نەوەی داهاتوومان نەبین و، کار لەکار نەترازێ، پێویستە پێشبینی بکەین و ئەو ڕاستیانە لەبەرچاو بگرین. کورد خۆشی دەڵێ:

لە گوڵیان پرسی زۆر گەشی ؟ لە وەڵامدا وتی : باخەوانەکەم مەردەو شانازی بۆ ئەوە .

دەبا ئێمەش باخەوانێکی دڵسۆزو بە ئەمەکی کوردیلەکانمان بین ، لێیان غافڵ نەبین و بەڕاستی و دروستی پەروەردەیان بکەین ، تا گوڵی گەش و داری بەرداریان لێ بێتە بەرهەم .

ئەگەر بە ژیاننامەی زۆری کەلە ناودارانی جیهان دا بچینەوە ، ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێ کە زۆربەیان بەهرەو بلیمەتیان ، لە قۆناغی منداڵی دا لێیان دەرکەوتووە ، هێدی هێدی گەشەیان کردووە ، تا بوونەتە ئەو ناودارانەو ناوبانگیان دنیای گرتۆتەوەو ، بوونەتە مایەی ڕێزو شانازی بۆ گەل و وڵاتەکانیان .

کۆرد ڤالڈ هایم ، ئەمینداری گشتی پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ :

« سەر لەبەری دنیا قەرزاری منداڵن »

ئاخۆ ئێمەی کورد ، توانیومانە بەشێکی ئەم قەرزەی منداڵەکانمان ئادابکەین ؟ بۆ لەبەر بارودۆخی ناهەموارو شاڵاوی کوردقڕان و ، کاولکردنی کوردستان توانیومانە ئاورێك لە زارۆکەکانمان بدەینەوە ؟ با هۆیەکانی بەدبەختی منداڵانی کورد بۆ جاسێکی تر بهێڵینەوە . تەنها بۆ نموونەو زۆر بە کورتی.

تا ئەمڕۆش لە باکورو ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوای کوردستاندا، لە سایەی ڕژێمە دڕندەو ڕەگەزپەرستانی داگیرکەرانی ئەم بەشانەی کوردستان . منداڵانی کورد سەرەڕای برسێتیو پێخاوسیو کوێرەوەریو بێنازی ، لە ترسو دڵەڕاوکێیەکی بەردەوامدا دەژین. ڕۆژانە زرمو هۆڕی تۆپو تانكو قرمەی شەستیرو چاوڵێزەقکردنەوە پۆستاڵ لەپێی دڵڕەق ئەترەشیان دەبەن ، ڕۆژانە دیمەنی کوشتنو گرتنو ڕاونان دەبینن . تا ئەمڕۆش لە قوتابخانەکانی باکووری کوردستاندا ، هەر لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە،

ڕۆژانە منداڵانی کورد ، بەزۆر دەبێت ئەم درووشمە ڕەگەزپەرستیە بە زمانی تورکی بڵێنەوە :

« ئەز تورکم ، دایکم تورکە ، باوکم تورکە ،
داپیرەم تورکە ، باپیرەم تورکە ، بنیادەم تورکە ،
زۆر بژیّ جەمهووریەت ، زۆر بژیّ جەمهووریەت ،
شاد ئەو کەسەیە کە بڵیّ من تورکم »

مەبەستی کەمالییەکان ئەوەیە ، منداڵانی کورد هەڵبگەڕێنەوە بۆ ئەوەی نکوڵی لە کوردو کوردستان بکەن و بەزۆر بیانکەن بە تورك . هەر منداڵێکی کورد ئەو درووشمە قیژەوەنە نەڵێتەوە ، لە قوتابخانە دەردەکریّ و ، باوك و دایکیشی دەگرن و ، خوا دەزانیّ چییان بەسەر دەهێنن . تا ئێستا چەندین لاوی کوردیان لە سێدارە داوە ، هەر لەبەر ئەوەی کە سەرپێچیان کردووە لە وتنەوەی ئەو درووشمە . تا ئەمڕۆش دایرەی ئامارکردن لە تورکیادا ، ناوی کوردی تۆمار ناکەن ، دەبیّ ناوی تورکی لە منداڵانی کورد بنرێت .

ئەمەیە حوڕیەت و عەدالەت و دیموکراتیەتی دەوڵەتی کەمالی عیلمانی ، دەوڵەتی بە ناوە موسوڵمان و نەوەی ئالی عوسمان!

خۆ بارودۆخی منداڵانی کورد ، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان ، لە باکووری کوردستان باشتر نییە ، ئەوانیش خوێندن بە زمانی فارسی و عەرەبی فەرزکراوە بە سەریاندا .

دایک و باوکانی هێژاو دڵسۆز
کوردو کوردستان پەروەرانی بەسۆز

بۆ ئەوەی منداڵەکانمان ، لە تاراوگەدا .. لە سۆزو خۆشەویستی بۆ کوردو کوردستان دانەبڕێن.. بۆ ئەوەی کوردیلەکانمان لە کولتوورو کەلەپوورو داب و نەریتی ڕەسەنی کوردیمان نابەڵەد نەبن.. بۆ ئەوەی جگەرگۆشەکانمان لە زمانی شیرینی کوردیمان کە ناسنامەو گرنگترین کۆڵەکەی

نەتەوایەتیمانە لەبیر نەکەن.. بۆ ئەوەی منداڵەکانمان دەربارەی جوگرافیای کوردستان و مێژووی کورد و شۆڕش و سەرکردەو ناودارەکانمان کوڵەوار نەبن.. بۆ ئەوەی لە جەژنی نەورۆز و بۆنە تاڵ و شیرینەکانی گەلەکەمان دوورە پەرێز نەبن.. بۆ ئەوەی منداڵانی کوردی ئامەد و مەهاباد و کەرکووك و قامیشلی و هەموو شوێنەکانی تری کوردستان بە یەکتری نامۆ نەبن.. بۆ ئەوەی لە ناو منداڵانی گەلانی تردا، وەکوو منداڵێکی کورد و کوردستانی خۆیان پێناسە بکەن.. بۆ ئەوەی تام و چەژی وێژەو هونەری کوردییان لا کاڵەوە نەبێ.. بۆ ئەوەی... بۆ ئەوەی...

پێویستە بە هەست و سۆزی کوردایەتی و کوردستان پەروەری پەروەردەو گۆشیان بکەین. بەهرەو توانا و ئارەزووەکانیان لە بواری ڕۆشنبیری و زانیاری و هونەری و وەرزشی و... هتد بقۆزینەوە.. ڕووەو ئامانجەکانی گەلەکەمان ئاراستەیان بکەین. هەردەم هاندەرو پاڵپشت و

ڕێنمایی کەریان بین . ئەم ئەرکە پێویست و پیرۆزەش لە ئەستۆی هەموومان دایە.. دایکان و باوکان ، مامۆستاکان ، نووسەرو شاعیران ، هونەرمەندان ، سیاسەتمەداران ، کۆمەڵەو ڕێکخراوو پارتە کوردستانییەکان ، هەر هیواخوازێکی ئایندەیەکی خۆشترو شایستەتر بۆ کوردو کوردستان .

هیوادارم هەموومان هەست بە گرنگی ئەم ئەرکەی سەرشانمان بکەین و هەریەکەشمان ڕۆڵی خۆمان لە ڕێنمایی و پەروەردەکردنی منداڵە چاوگەشەکانمان ببینین .

شوان

# ڕۆڵەی کوردین

ڕەزا شوان

ڕۆڵەی کوردین دلێرین
هەردەم شێرتر لە شێرین

ئێمە هەموو دڵسۆزین
بۆ کوردستان بەسۆزین

شانازییە کە کوردین
قارەمانین نەبەردین

کوڕو کچان شان بە شان
شان دەکەینە تێکۆشان

بۆ ڕزگاری کوردستان
خەبات دەکەین بێوەستان

خۆڕاگرین کۆڵنەدەین
تا بە ئاواتمان دەگەین

کەرکوك: 1993

# دنیای کچێکی منداڵ

سارا عومەر، دانیمارک2007
Xozga86@hotmail.com



**دیاری سارا عومەر**
**پێشکەشە بە کچۆڵە چاوگەشەکان**

کچێکی جـــــــوانی وردم
هاوڕێی پەپوولەی کوردم

مووی قژ و پرچم ڕەشـــن
چاوەکانم زۆر گەشـــــــن

بەژن و باڵام نەشـــــمیلە
دەم و لێوم خنجیــــــــــلە

دڵ خۆشم بەم ژیـــــــانە
هیوام ڕاستی جیهـــــانە

من کە بە ژین دڵخۆشـــم
هەوای شادی ئەنۆشـــــم

بووکە خەپەی من جـــوانە
سپی و ســۆڵ و خەپـــانە

عەزێی سووری پۆشـــیوە
جوانی بە گوڵ بەخشـــیوە

من و بووکەڵەی چاوشـــین
گۆرانی بۆ یەک ئەچڕیـــن

هەرچی غەمی دونـیـــایـە
گشتی پشتگوێمان ئەنێـین

ئای چەند خۆشە ئەم ژینـە
شادییە و گوڵ باریـــــنـە

گشتڕۆژمانجەژنەوشادی
ئاڵ و والآ و ڕەنگیـــــنە

دڵـــی خنجیـــلـەم شـــادە
هاوڕێی نیرگزی پـــــاکە

# دەروازەیەك بۆ دونیای منداڵان



شاهین کەریمی

مرۆڤ لە ژیان دا قۆناخ و سەردەمی جۆراوجۆر تێدەپەڕێنێ. لەو کاتەوەی کە مرۆڤ وەک بوونەوەرێک هەست و گیان و توانا دێتە جەستەیەوە، لە هەرقۆناغێک لە ژیانی دا خاوەنی کاراکتەر و ڕەوشتی تایبەت بەخۆیەتی. تەنانەت لە سەردەمێکی تایبەت دا ، بۆ وێنە سەردەمی منالّی یان لاویەتی، هەڵسوکەوت و مامەڵەی مرۆڤ ساڵ بە ساڵ دەگۆڕێ و ئاررەزوو و خواست و کاردانەوەی بەرنابەر بە دیاردەکان جیاوازە .

سەردەمی منالّی قۆناغێکی گرینگە لە پەروەردەکردن و داڕشتنی کەسایەتی مرۆڤدا . لە ڕاستیدا فاکتەری جۆراوجۆر لەسەر پرۆسەی گەشەو دەوڵەمەند بوونی کەسایەتی و توانای مرۆڤ کاریگەری ڕاستەوخۆ و قورسیان هەیە. خێزان و دایک و باوک لە پلەی یەکەم دان بۆ مندال. دواتر کاتێک منال پێ دەنێتە ناو کۆمەڵگا و تەجرەبەی باخچەی منالان و خوێندنگا دەکا، مامۆستا دەچێتە پلەی یەکەمەوە و ڕەنگە هاوڕێ و هاوقوتابی ببنە پلەی دوهەم و دایک و باوک دابەزن بۆ پلەی سێهەم. تەلەفزیۆن و گۆڤار و کۆمپیتەر و یاری و هتد لە کات و شوێنی خۆیدا دەوریان هەیە لەسەر دروست بوون و گەشەی کەسایەتی منال . بە بڕوای زۆرێک لە پسپۆڕان و زانایانی بواری پەروەردە بۆئەوەی ئەوکەسانەی کە لەگەڵ منال پێوەندیان هەیە ، دەورێکی پۆزەتیڤ و باشیان هەبێ لەسەر دروست بوونی کەسایەتی ، پێویستیان بە هاوڕێیەتی و نزیکبوونەوە لە منال هەیە . تەنها لەو حاڵەتەدایە کە

مناڵ لە ڕووی حەز و ئارەزووی خۆیەوە ڕوودەکاتە گەورەساڵ و قسەو هەڵسوکەوتەکانی وەردەگرێ. بەڵام بۆ نزیکی و هاوڕێیەتی لەگەڵ مناڵ، گەورەساڵ پێویستی بە کەرەسە و شمەک هەیە. لەڕاستیدا لەڕێگەی هەڵسوکەوت زمان و مامەڵەیەکی جوانەوەیە کە ڕێگە بۆ ناخی مناڵ دەکرێتەوە.

یەکێک لەو لایەنانەی کە لە جوڵانەوە لەگەڵ منال دەوری هەیە، چاوەڕوانیمان لە منالە. واتە ئێمە، منال چۆن دەبینین و دەمانەوێ منال چۆن بێت و کاردانەوە و قسەو ڕەفتاری چۆن بێت. بەبڕوای من هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر منال وەک خۆمان ببینین. واتە ئەگەر چاوەڕوانی ئەوەمان هەبێ کە منال ژیر بێت و وەک گەورەسال مامەڵە بکات.

مرۆڤ لە سەردەمی منالیدا چ لە باری جەستەیی و چ باری دەروونی و فیکریەوە خاوەنی تایبەتمەندی و جیاوازییەکانی خۆیەتی. مامەڵەی دروست و شیاو لەگەڵ منال ئەوەیە کە بەلەبەرچاو گرتنی هەمو پێداویستی منال و هەروەها توانای خێزان، جۆرێک لەگەڵ منال هەستان و دانیشتن بکرێ کە هاوکات لەگەڵ جێ خستن و بەخشینی کەسایەتی و بەها بەرزەکان، لایەنەکانی هەستیار و ئاستەمی پەروەردەیی لە بەرچاو بگیرێت و منال هەست بکات کە لە ڕێگەی گونجاوەوە دەتوانێ بە خواستەکانی خۆی بگات. ئەوەی گرینگە بۆ جێ خستنی خالی پێویست دەبێ بە زمانی منال بدوێین و لە زۆر و ترس و تۆقاندن و هەڕەشە خۆبپارێزین. منال کاتێک ڕوودەکاتە دایک و باوک و گەورەسال و قسەی خۆی دەکات و گوێ دەگرێ کە ئەوان بە دۆستی خۆی بزانێ. بۆ گەیشتن بەم ئاستە و دۆستایەتی لەگەڵ منال دەبێ گوێی لێ بگیرێ و ڕێز بۆ خواست و پێداویستیەکانی دابنرێ. دەبێ بە زمانی منال بدوێین و بچینە دونیای منالەوە.

یەکێک لەو ئامرازانەی کە دایک و باوک و گەورەساڵ دەتوانێ بەکاری بێنێ هەست و خۆشەویستی خۆیەتی. مناڵ لە هەر کاتێک دا پێویستی بە سەرنج و خۆشەویستی ئاگا لێبوونی کەسوکاریەتی. مناڵ لە زۆر لایەندا ئەو توانا و تەجرەبە لە خۆیدا نابینی کە کارەکانی ڕاپەڕێنێ و هەمیشە پێوسیتی بە کەسانی دەوروبەریەتی. زۆر جار بۆ بەدەست هێنانی ئەم سەرنج و ئاوڕدانەوە هەڵدەستێ بە کاری ناڕەوا و ناشایست. بەڵام دایک و باوك بە جێ ی خۆماندوو کردن و توڕەیی و هەڕەشە دەتوانن بە ئانقەست خۆیان گێل بکەن لە مناڵەکەیان و واپیشان بدەن کە ئەو بوونی نیە و گرینگ نیە بۆیان. مناڵ زۆر زوو هەست دەکات و هەوڵ دەدا کە دڵی دایک و باوکی بەدەست بێنێتەوە. لێرەدایە کە مناڵ گوێڕایەڵ دەبێ و پێ ی بوترێ کە ئەگەر رەفتاڕی ناشیرین و نابەجێ بکات لە بیردەکرێ. لەم کاتەدا دەروازەی دیالۆگ لەگەڵ مناڵ دەکرێتەوە. بەڵام بۆ دروست کردنی ئەم دەروازە پێویستی بە خوێندنەوە و شارەزایی و دەوڵەمەندبوون لە سەر مناڵ هەیە. وەک هەر کارێکی تر دەست پێکردن و سەرەتاکەی گرانە. ڕەنگە عەیب و نابەجێ بێ کە کات بۆ مناڵ دابنرێ و گوێی لێ بگیرێ، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە کە مناڵ کاتێک درۆ ناکات و گوێ لە دایک و باوک دەگرێ کە هەست بە متمانە بکات. بۆ بە دەست هێنانی متمانەی مناڵ پێویست بە دۆستایەتی و گۆڕان هەیە.

**لە بابەتەکانی تر و دەرفەتی تردا زیاتر لە سەر لایەنەکانی پەروەردە و گەشەی مناڵ دەدوێین .**

شاهین کەریمی

azadee75@hotmail.com

01. 09 . 2007

# نـــــامۆ



سارا عومەر، دانیمارك
٢٠٠٦
Xozga86@hotmail.com

قەت مەڕوانە لە دڵی من
وەک پەروانە

لەتەك باخچە و

خۆزگەی تۆدا بخولێتەوە!

بەرسیلەی سۆزی غوربەتت

لەبەر دەرگا و قاپیيەكانی فەرامۆشی

بچنێتەوە!

تۆ كە خاوەنی چقڵێك بیت

لە چاوی مندا چەقیبێت!

نامۆ بیت

یاخود گوڵی شەو

هەر ئەو كەسەیت

بێماڵئاوا

خۆتت وێڵ كرد!

******

که تاریك بوو ڕۆح مەنێرە
تا خوێنی من بخواتەوە

یان لەگەڵ غەم لە ژوورێکدا

زکری جوانیت بکاتەوە

من وەك و تۆ سارد و سڕ نیم

دەستی خیانەتم پێمەسڕە

ژینی من پانتاییەکە

ئاسمانی هەموو مەلێکە!

******

لە تۆ وایە هەموو کەسێك

ڕەگی ڕاستی دامرکاوە؟

یان وەك و تۆ

ئابەم چەشنە

دەنگیان لە گوڵ دابڕاوە؟

نا... نا

چاو ساغی ڕێی چەواشە!!!!

ئەی نابینیت؟

هەرچی زوخاو و مەینەتە

لەبەر خۆپەرستی و مەبەست

لە تاوا دەمیان پژاوە؟!

******

وا خۆرنشینە

تۆ دەڕۆیت

تروسکەی ژینم تاڵ دەکەیت!

یادەوەری هەزار ساڵە

لە بوخچەیەکدا

توند دەکەیت!

هەرچی ئاساری خۆت هەیە
لەگەڵ خۆتدا ببیە و بڕۆ

گەر لێرە بیت

یاخود لەوێ

فەرقی نییە

خۆت جودایت

هەڵبژارد تۆ!

ڕەخنەنامەیەکی دەستەی پێشووی کۆمەڵەی کوردی هۆرسنس بۆ سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی گۆڤاری [کوردان] و دەستەی نوێی کۆمەڵەی کوردی یوولاند لە هۆرسنس . [کوردان] بێ دەسکاری لێرەدا نامەکە وەك خۆی دادەبەزێنێت .

بۆ/بەڕێز سارا عمر
بۆ/بەڕێزان دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی کوردی یولاند
بۆ/بەڕێزان سەرنووسەرو دەستەی نووسەرانی گۆڤاری کوردان

---

سلاوێکی گەرم

پاش ئەوەی دەستەی تازەی کۆمەڵەی کوردی یولاند دەست بەکاربوون و هەستان بە دەرکردنی گۆڤاری کوردان ،ئێمەی دەستەی کۆمەڵەی کوردی هۆرسنسیش ژمارە (١)ی ئەوگۆڤارەمان بە دەست گەیشت وە خوێندمانەوە کە بەداخەوە ئەوەی چاوەڕوانی نەبووین لەو گۆڤارەدا خوێندمانەوە ، لە جیاتی دەست خۆشی لێکردن لە دەستەی پێشوو بۆ خزمەت کردنی کۆمەڵەکە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ نامەیەکی (سارا عمر) مان خوێندەوە کە بۆ سەرۆکی کۆمەڵەی کوردی یولاند ناردوویەتی کە بەداخەوە لە بەشێکی نامەکەیدا لە لاپەڕە (٥)دا زۆر ناڕەوایانەو بێ ئاگا لە خزمەتی ئێمە باس لە کۆمەڵەی کوردی پێشوو دەکات و پۆستی سەرۆکی کۆمەڵە زۆر بەبێ سەروشوێن ناوزەند دەکات و بەشیاوی کەسی نازانێت بەدەر لەوبەرێزەی کەئێستا وەریگرتووە وە ئەو شەرەفە مەزنە بەکەس ڕەوا نابینێت ،چونکە تەنها ئەوە پارچە ووردبوەکانی کۆمەڵەکە کۆدەکاتەوە وە لە وون بوون و خنکان رزگاری دەکات،وە کۆمەڵەی پێشوو بەمردوو دادەنێت و دەبێ سەرۆکی تازە گیانی بە بەردا بکاتەوە.

ئێمە هیچ باس لەو پیاهەڵدانە ناکەین لەگەڵ توانای سەرۆکی تازە ئەوە بۆ ڕۆژانی داهاتووی کۆمەڵەکە بەجێدەهێلین ئێمەش هیوای ئەوە دەخوازین کە کۆمەڵەکە بەرەو ئاقارێکی باشترو باشتر بڕوات.بەڵام ئەوەی

جێگای نیگەرانی ئێمەیە ئەوەی ئەو خوشکە بێ ئاگایە ، نووسیویەتی دوورن لەڕاستی وە ئەوەی بەشداری چالاکیەکانی کۆمەڵەی پێشووی نەکردبێ بڕوا دەکات و پێی وایە کە ئەمە ڕاستە. ئێمە ماوەی ئەو دووساڵە کە زۆرینەی دەستەکەمان خزمەتمان کردووە وە لە کاتی ماڵ و منداڵمان دەگرت وە هەستاوین بەسازدانی چەندین چالاکی جۆراوجۆر وەک( یادکردنەوەی یادەکان و گێرانی ئاهەنگ و کردنەوەی قووتابخانەی کوردی و دابین کردنی مەلەوانگە بۆ ژنان و دروستکردنی گروپی شایی و دابین کردنی شوێن بۆ کۆمەڵی کوردی لە هۆرسنس و بەشداری چالاکیەکانی کۆمۆن لە سنووری شارەوانی هۆرسنس و هتد.....) .

دەکرا خوشکی نووسەری نامەکە لەجیاتی ئەو زمانی شکاندنە زمانێکی تری بەکار بهێنایە چونکە گەر بێوژدانی نەکات دەرهەقمان خۆ خۆی بەشداربووە لە هەندێ ئاهەنگی کۆمەڵەی کوردی هۆرسنس نازانم بۆ بیری چوە . جارێ زۆر زووە بۆ بەراوردکردنی ئیشەکانی دەستەی تازە لە گەڵ ئیشەکانی ئێمە چونکە ئەمان تازە لەسەرەتادان دەکرێ چالاکیەکانیان باشترو زیاتر بێت بەڵام داهاتووی کۆمەڵەکە ئەوە دەسەلمێنێت نەک تۆ ، بەداخەوە دەڵێین بەڕای ئەو خوشکە وایە کە ئێمە هیچ کارێکمان نەکردووە وە ئەو خوشکە مووچەی مانگانەی داوینێ .

باس لە سەرکەوتوویی هەڵبژاردنەکە دەکەیت و بە پاک و بێگەرد و عەیار ۲۱ی دادەنێیت ئەمە وانیە چونکە کەم وکوری زۆربوو بەڵام بێدەنگی ئێمە لەوەوە سەرچاوەی گرت دەمانویست کە هەرچۆنێک بێت دەستەی تازەی بۆ هەڵبژێرین چونکە ئێمە ماوەی یاساییمان تەواو بووبوو نەمان دەتوانی چی تر درێژە بەکارەکانمان بدەین دەنا خۆ ئینقلابمان لەسەر نەکرابوو وە هەندێکمان دەبوو بەسێ ساڵ و دەمانویست ڕێگە بۆ خەڵکی تر چۆڵ بکەین کە دەیانەوێ خزمەت بکەن.
ئێمە لەڕێگەی ئەم نامەیەوە بەناوی دەستەی کۆمەڵەی کوردی پێشوو وەوە داوا لە نووسەری نامەکە و سەرنووسەر و دەستەی نووسەران دەکەین کە جارێکی تر بەنامەکەدا بچنەوەو هەڵەکەیان چاک بکەنەوە و

داوای لێبووردن بکەن لەدەستەی پێشوو چونکە نەک هەر نووسەری نامەکە بەڵکو سەر نووسەرو دەستەی نووسەرانیش بەرپرسیارن لە بڵاو بوونەوەی نامەکە چونکە بەرەزامەندی ئەوان بڵاو بۆتەوە بەپێچەوانەی ئەم داواکاریەمانەوە .

١. لە یەکەم ئاهەنگ یان چالاکی داهاتووی کۆمەڵەی کوردی ئامادەدەبین و ڕوونکردنەوە دەدەین لەسەر کارو چالاکیەکانمان بۆ بە مەبەستی ڕاست کردنەوەی ناوەرۆکی نامەکە.

٢.داوا دەکەین لە ژمارەی داهاتووی گۆڤاری کوردانداا ڕوون کردنەوە بدەن لەسەر نامەکە.
٣.ئێمە تاکوو وەڵام وە ڕوونکردنەوە وەرنەگرین لەسەر ئەو نووسینە بەشداری کۆمەڵەی کوردی ناکەین نەوەک بەرەو پارچەپارچەکردن و هەڵدێری بەرین....

**لەگەڵ ڕێزماندا**

**دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی کوردی پێشوو لە هۆرسنس**

rabon darbandi < rabon1991@yahoo.dk > ٢٠٠٧/٨/٢٥

# بەڕێزان

## دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی کوردی پێشوو لە هۆرسنس

پاش ڕێز و نەوازشی زۆرمان ....! بۆ وەڵامی ڕەخنەکەتان دە ڵێین :
زۆربەی ئەدیبانی کورد لە نووسەران و شاعیران و رەخنەگران ، لەم سەردەمەدا وا شرۆفە لە ئەدەبی رەخنەگرتن دەکەن کە بەهایەکی ئەوتۆ و کاردانەوەیەکی پۆزەتیڤی لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواری دا نیە.
{ڕەخنە}کاتێك ئەنجامی باش دێنێتەبەرهەم ، کە لایەنی ڕەخنەگر ، لە ژێر فشار و کاریگەری ئۆرگانێك یاخود لایەنێکی سیاسی دا نەبێت و مەبەستی گۆڕینی سیستەمێکی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بێت ، لە حاڵەتی ناهەمواریەوە بەرە و هەموارکردن و ئاراستەکردنێکی پوختەتر وسوودبەخشتر لە ئاست توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریمان دا ، جا ئەگەر لە هەر شوێنێکی ئەم سەرزەمینەدا بوونیان هەبێت و ژیان بگوزەرێنین وەلێ ڕەخنەگرتن وەك لە هەنووکەدا دەبینرێت کردارێکی بێ بەروبوومە !.
بێگومان ئەو دەرئەنجامەی ڕۆشنبیران ئاواتەخوازین بە ئاسانی نایەتە-ئاراوە چونکە{ڕەخنە}لای کەسانگەلێك کە سوودی تایبەتی خۆیان و توێژەکەیان لە زەوتکردن وپێشێلکردنی مافی توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا بە ڕەوا بزانن ، ئەوا ئەو ئەدەبە هیچ بەهایەکی نامێنێ .
شاراوەنییە لای کەس کە دونیای کۆمەڵگەی پێشکەوتووی مرۆڤایەتی لە تەلانێك دا ئارامی گرتووە و کۆمەڵگەی کوردەواری ئێمەیش لە تەلانێکی تردا بێ ئارامە !.

ئەگەر لە ڕەفتارەکانی تاکی کورد لە تاراوگەدا ورد ببینەوە دەبینین کە هەتا ئێستایش زۆرهەڵسوکەوت سەرچاوەی لەو ڕەفتارە سلبیانەوە هەڵگرتووە کە لە ڕێگەی دووژمنانی کوردەوە بە مەبەستی شێواندن .. ئاوێتەی نێو کەلتوور و داب ونەریتی جوانی کوردەواریمان کراوە .

ناتەبایی و ناحەزی شێوازێکی نامۆیە بە گەلی کوردی ستەمدیدەمان بەڵام داخێکە و بە تەوێڵی کوردەوە لکاوە ، کە لە دێرزەمانەوە ڕۆشنبیران پێوەی دەناڵێنن، وەلێ ئەگەر پەراوێزکردنی ئەوان بەم شێوەیەی هەنووکە لە ئارادایە درێژەی هەبێت ، ئەوە شین و واوەیلایەکە کە نازانرێت کوردەواریمان تاکەی دەیگێڕێت و کەی ڕۆژی ئازادی ڕاستەقیینەی ڕۆشنبیران و پسپۆرانی کورد دوور لە دەستێوەردانی قەڵەمفرۆشان ، لە ئاسۆ سەرهەڵدێنێ ، و کەی دەسەڵات دەنگیان دەبیستێت و نەخشەی ماڵی کوردیان لێ قوبووڵ دەکرێت ..!

تا گۆمەڵگەی کوردەواری بچێتە سەر ڕێچکەی پێشکەوتن و ڕووەو ژیانی هاوچەرخ ، بۆ دابین کردنی ئاسوودەیی وپێشکەوتن لە ڕووەکانی زانستەوە هەنگاو هەڵبهێنێ .

بەرێزان : ئەو سەردەمەی کە ئێوە باسی لێوەدەکەن ، ئێمە داد و بێدادێکی زۆرمان کرد ، بەڵام کەس گوێی نەدایە خواستەکامنان .

ئێستەیش لە ڕەخنەنامە هەڕەشەئامێزەکەتاندا ، داوامان لێ دەکەن لەسەر بڵاوکردنەوەی بابەتێکی ڕەخنەئامێزی کیژە نووسەرێکی کورد ، کە لە ڕاستی زیاتر هیچی دیکەی نەخستۆتە سەربەڕە و لەبەر ڕۆشنایی بیری ئازادی خۆیدا دەنگی بە خەڵکگەلی کورد دەگێینێ و وەك کوردێك باس لە کەمترین مافی خۆی دەکات کە لە لایەن هاوزمان و هاوخوێنەکانی خۆیەوە لە وڵاتی غوربەتدا لێی زەوت کراوە .

دەتانەوێ ئێمە: سەرنووسەر ودەستەی نووسەرانی گۆڤاری کوردان دوور لە بەڕێز سکرتێری نووسین ، داوای لێبوردنتان لێ بکەین..؟

بەڕێزتان سێ مەرجتان  بەسەر ئێمەدا سەپاندوە ، لە بەرامبەر بە ئەندام بوونتان لە کۆمەڵەی کوردی یولاند دا لە هۆرسنس ، کە بەم شێوەیەن :
- لە مەرجی یەکەم دا : بڕیاری ئامادەبوونتان داوە لە ئاهەنگ ، یان چالاکی داهاتووی کۆمەڵەدا .
ئێمە زۆر خۆشحاڵدەبین بە هاتنتان . سەرجەمی ئەندامانی کۆمەڵە مافی خۆیانە بەشداری لە چالاکییەکانی کۆمەڵەی کوردی یولانـد دا بکەن بەڵام باوەبیرتانی بێنمەوە ....!! خۆ بۆنەی ڕۆژی [ ٢ ]ی مانگی ٩ ...!! ڕۆژی گێڕانی ماتەم بۆ شەهیدانی دەڤەری شەنگار ... چالاکیەکی پیرۆزی کۆمەڵە بوو .. کە بۆ چەندین پۆلی شەهیدی سەربەرز و بریندار و دەربەدەری  کوردانی شەنگارمان گێڕا. بەڕێزانیشتان باش دەزانن کە پاش ناردنی ڕەخنەنامەکەتان ، ئەو چالاکییە ئەنجام درا .
**بەواتای بەڕێز نووسەری بابەتەکە ئەوە چالاکی داهاتوومان بوو** .!!
ئەی بۆچی بەڕێزتان ئامادەی ئەو ماتەمیینیە نەبوون ..؟ تا لەوێدا و لەبەردەم ماتەمگێڕاندا گلەییەکانتان بخستایەتە ڕوو .. !! خۆ بەڕێز نووسەری بابەتەکە ، وەك نووێنەر و بەرپرسی لایەنێکی زۆر بەڕێز و گرنگ بانگێشەی ئەو بۆنەیە کرابوون ، کەچی لایەنێکی سەروەری سەرگۆڕەپانی خەباتی کوردایەتیتان لە وتار خوێندنەوە لەو بۆنە پیرۆزە دا دابڕاند .
ئێستەیش ئێمە چاوەڕوانی ئامادەبوونی ئێوەی بەڕێز دەبین لە چالاکییەکی تری کۆمەڵەی کوردی یولاند دا .
بەڕێزان : ئێمە ناڵێین چالاکیتان نەبووە ، بەڵام .. ئێمە و ئێوە ، لەو دیدەنیە چاوەڕوان کراوەدا ... باس لە چییەوە بکەین ..!! باسی ئەوە بکەین کە بێجگە لە چەند خوشکێکی بەڕێزی کورد لە خێزانە بەڕێزەکانی شاری < هۆرسنس > بەولاوە ، تەنها جارێکیش  ئافرەتێکی کوردتان لەو هەموو خێزانە کوردانەی لە شار و شارۆچکەکانی – ڤایلە - هدنستد – هۆنسویلد – باغییت – یولسمینە - و دەورووبەری ڤایلە و

هۆرسنس دەژین بانگێشەی بەشداریکردن لە سەردانی مەلەوانگەدا نەکردوە ، کە زۆربەشیان ئەندامی کۆمەڵەی کوردی هۆرسنس بوون و گلەییشیان هەیە.
یان باسی ئەوە بکەین کە لە دانشتنێکی پێش کۆتایی هێنان بە ماوەی یاساییتان و بە ئامادەبوونی چەندیین کەس و بەڕێز نووسەری ڕەخنەنامەکەتان ، کە لە پێناویدا ئەم وەڵامە دەنووسینەوە ... بەڕێزێك بەراشکاوی لە ڕووی هەموان دا گوتی :-
[ **ئەم کۆمەڵەیە ، کۆمەڵەی کوردی هۆرسنس**]ە . ئایا ئەو واتایە ئەوە ناگەیەنێت کە خێزانە کوردەکانی جێنشیین لە دەرەوەی شاری هۆرسنس مافی ئەندامێتیان نەبووە لەو کۆمەڵەیە دا؟!
یان ئێوەی بەڕێز لە بیری خۆتانی دەبەنەوە کە لە ماوەی [ ٢ ] دوو دەورەی هەڵبژاردنی کۆمەڵەی کوردی هۆرسنس دا چەندیین کەس خۆی بە ئەندامی کۆمەڵە ناوزەد کردووە ، بەڵام نە ناویان لە لیستی ئەندامان دا هەیە ، کە ئێستە لەبەردەستماندایە و نەش پسووڵەی ئەمانەتی وەرگرتنی ئابوونەیان بۆ کراوە . سەرباری ئەو هەموو کەموکووڕیانەیش بوختان و قسە و قسەلۆك بە دەممانەوە هەڵدەبەسترێ و کە دەچیینە بنج و بنەوانەی پاگندەکان ، قسەی پووچ دەسهەڵبەست دەردەچێت .
- لە مەرجی دووەم دا ، داوای ڕوونکردنە دەکەن دەبارەی بابەتەکەی کیژۆڵەی شاعیرونووسەر ، ئەندامی دەستەی نووسەران{سارا عومەر}ە کە بە قایلبوونی نووسەر خۆی دابەزێنراوە و سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانیش دەسناخەنە ڕێگەی هیچ نووسەرێکی گۆڤارەکە .
ژمارە [١]ی گۆڤاری کوردان لەژێر چاودێری بەڕێز سکرتێری نووسین دا کە دەوری< فیلتەر > دەبیینێ لە دابەزاندنی هەموو بابەتەکانی گۆڤارەکەدا ، هاتە چاپکردن و ئەو بەڕێزە لاری نەبووە لە سەرجەمی بابەتەکانی ژمارە[١]ی گۆڤاری کوردان و دەسخۆشیشی لێ کردین هەر

وەك بەڕێز نووسەری ڕەخنەنامەكەتان دەسخۆشی لێكردین ، بەڵام عەرەب وتەنی { سبحان مغير الأحوال } .
گۆڤاری{كوردان}دەقی ڕەخنەنامەكەی بەڕێزانتان و وەڵامەكەی دەستەی نووسەران بۆ ئێوەی بەڕێز لە ژمارە[٢]ی گۆڤاری - كوردان- دا دادەبەزێنێت ، بۆ ئەوەی سەرجەمی خانەوادە كوردە بەڕێزەكان و هەموو لایەنە سیاسێكان و كۆمەڵە و ڕێكخراوە كوردستانێكان ، لە ناوەڕۆكی مەسەلەكە بەرچاوڕوون بن و ئیدی گلەیی وگازندە نەبیستینەوە .
ئێوەی هێژا دەزانن میدیا ئازادە و ڕێگە لە بیروبۆچوونی كەس ناگیرێت.
ڕەنگە ئێوەی بەڕێز لە ئێمە زیاتر لە تواناى ئەدەبی [ساراخان] شارەزابن چونكە زووتر دەسخۆشیتان لێدەكرد ، بەڵام كاتێك كار دەگاتە باری ڕاستی و دەنگی نارەزایی دەبیسترێت ، ئیدی هەموو دۆستایەتی و ڕێزلێنان و پرەنسیپەكان لە بیر دەبرێتەوە .
ئێمە كەسمان پێویستمان بە پیاهەڵدان نیە .. وەك بەڕێز نووسەری بابەتەكە ناوزەدی كردووین..!! بەڵام ئەوە بابەتەی ساراعومەر نامەیەكی پیرۆزباییە لە دەستەی نوێی كۆمەڵەو وەك كچەشاعیرێك باس لە ئاوڕنەدانەوەی دەستەی ڕابردوو دەكات لە توانا ئەدەبییەكانی. هەموو نووسەرێكیش ڕای جیاوازی خۆی هەیە لە دەربڕیندا ، سارا عومەریش شاعیر و نووسەرە ، و لە بابەتەكەیشی دا ووشەی نابەجێی لە ڕووی هیچ كەسێكدا نەبێژاوە .
ئێمە .. دەستەی نووسەرانی گۆڤاری < كوردان > ئەو شێوازە ئاخافتنە كە لە نامەكەتان دا هاتوە ، بە شێوازێكی نامۆ لە دەقی نووسیینی ئەدەبی دادەنێین ، و ناكرێ بێتە ئاخافتن وەك لەم ڕستەیەی ڕەخنەنامەكەتاندا سەبارەت بە سارا عومەر هاتووە ، كە دەڵێن [**ئەو خوشكە بێ ئاگایە**] گەر شاعیر و نووسەر بێ ئاگا بن ، ئەی كێ بەئاگایە .. ؟ .
دەبوایە بەڕێزتان دەستی باوكایەتیتان بەسەر { ساراعومەر}دا بهێنایە نەك هێرش بەرنەسەری .

خۆشتان زۆرباش دەزانن کە باوی هەڕەشە نەماوە .
ئێمە : سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی گۆڤاری [ کوردان ] پاش ڕێز ونەوازشمان دەڵێین : بڵاوکردنەوەی بابەتێکی ڕەخنەیی هەڵە نیە و داوای لێبووردنیش بۆ کەسێکە هەڵەی کردبێ ، بۆیە ئێمە بەوپەڕی ڕێزەوە دەڵێین : **دەستی ماندوێتی بخەنە ژێر سەرتان و ئەمە دوا وەڵاممانە بۆ ئێوەی ڕێزدار .**

**دەستەی نووسەرانی گۆڤاری کوردان**
Kurdan2007@hotmail.com
٥ / ٩ / ٢٠٠٧

# Elbûmî kûrdîylekanî Kûrdan



















På nogle områder er de tæt på persisk, på andre er de fleste af dem det ikke, Nogle varianter er gensidigt nemme at forstå, men modsat er der også dialekter, der er så lang fra hinanden, at de ikke forstå indbyrdes, alt er afhængig af politiske undertrykkelse og Geografiske områder, da man levede under forskellige fyrstendømmer/ imperier i mellemøsten.
Kurdisk er tæt forbundet med det kurdiske folks etniske, kulturelle og sproglige identitet, Kurdisk er derfor et selvstændigt sprog, som har varianter præcist som ethvert andet sprog der tales af mange mennesker spredt over store arealer og ca. 40 millioner i (Tyrkiet, Iran, Irak, Syrien og Armenien).
Trods alt har kurderne bevaret deres sprog og overlevet som talesprog i århundreder.
Kurdisk sprog opfylder allerede alle moderne krav for uddannelse og administration.
KURDIS ER DERFOR ET SELVSTÆNDIT SPROG.

Adam Odison

# KURDISK SPROG ER ET RIGTIGT GAMMELT SPROG

Kurdisk er ligesom Dansk et indo- europæisk sprog og tilhører nordvest iransk sprogfamilie. Det er beslægtet med persisk/farsi(som dansk er beslægtet med tysk).

Kurdisk sprog er ikke i familie med tyrkisk(et altaisk- ikke indoeuropæisk sprog) eller med arabisk(et semitisk- ikke indoeuropæisk sprog).

Gammel – iranian kan dateres i det mindst 4200 år tilbage. Ny persisk og kurdisk sprog udvikles af gammel Iranian. Kurdisk sprog udvikles til et uafhængigt sprog i mindst 3500 år.

Kurdisk kan dokumenteres så langt tilbage.

Det findes to hovedvarianter af kurdisk (kurmanji/ Bahdini og Sorani) og adskillige andre mindre varianter, men uanset alle varianter af kurdisk er strukturelt tæt på hinanden , også når forskellige varianter har lånt ord fra forskellige sprog , pga arabisk erobring for ca, 1300år siden og under tyrker og perser .

Dansk

# Kurdan
# کوردان

kurdan2007@hotmail.com

وەرزەگۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتییە - بەرهەمی دەستەیەک قەڵەمی ئازادە



Werzegovarêkî Roşinbîrî Giştîye - Berhemî Desteyek Qellemî Azade

ژمارە { ٣ } زستانی ساڵی ٢٧٠٧ کوردی سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ زایینی

خاوەنئیمتیاز

عبدالکریم بەرزنجی



وتەی ژمارە

# کەرکووک ئارامبە ..!
## ئەی بووکە ڕەشپۆشەکەی کوردستانم

عەبدولکەریم بەرزنجی

کەرکووکی ڕووناکی چاوانی کورد .. هەمیشە شارێکی کوردستانی بووە ، باشترین بەڵگەنامەیش ئەویە کە لە دائیرەی مەعاریفی تورکي [عوسمانی]دا باسی لێوە دەکات و لەلایەن کەسێکەوە دەرچووە کە هەرگیز سۆزی بەلای کورد دا نەچووە ، و ڕاستییەکی خستۆتە ڕوو کە کەس ناتوانێ نکۆڵی لێبکات ، ئەویش کوردستانی بوونی شاری کەرکووکە ، ڕاستییەکە کە هیچ گەردێك بەخۆوە ناگرێت . بێگومان نەتەوەی تورکمان لە کەرکوکدا هەن و کوردیش هیچ کاتێک ئینکاری نەکردووە ، هەروا کەمینەیەك لە عەرەب هەن کە لە دەوروبەری کەرکوك دا لە حەویجە نیشتەجێن . بەڵام لە ناوچەکانی تری سەربە شاری کەرکووك دا ڕێژەی کورد لە ٧٠% کەمتر نیە هەرسەرژمێرییەکیش بکرێت ڕاستی ئەم بۆچوونەمان ئەسەلمێنێ . ئێمەی کورد لە سەردەمی هەموو ڕژێمەکانی عیراق دا قایل نەبووین کوردبوونمان و مافەکانی گەلی کورد لە کەرکووکی کوردان دا هەڵپێچرێت و لێمان زەوت بکرێت . هەمیشە وتوومانە ، بێ سڵەمینەوە لە هیچ هێز و لایەنێك و دەشیڵێینەوە : گەر پێویست بکات

ئێمەی کورد ئامادەین بۆ گێڕانەوەی کەرکووکی کوردان بۆ باوشی کوردستانی دایك بست بە بستی خاکی پیرۆزی ئەم شارە دێرینەمان بە خوێنی پاکی ڕۆڵە گیانبازەکانمان ڕەنگاڵە بکەین و لافاوی خوێنی بۆ هەڵبەستین ، تا شوێن پێی چەپەڵی داگیرکارانی لێ پاك دەکەینەوە..! ئومێدەوارین کار نەگاتە ئەوڕادەیە .

هەرچەندە دڵنیاین کە هەوڵ وهیممەتی دڵسۆزانی کوردمان لە نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا .. زامنە بۆ گێڕانەوەی کەرکووکی ئازیز بۆ باوەشی کوردستانی دایك و بەدەسهێنانەوەی سەرجەمی مافە زەوتکراوەکانی کورد لە کەرکووکە دێرینەکەی کوردستان دا .

ئیدی ئێمە دڵنییاین کە دڵسۆزانی گەل لە نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دا ، بست بە بست بە دوای سێبەری هاووڵاتیانمانەوە دەبن و سوورن لەسەر گێڕانەوەی مافەکانمان کە لە پێناویدا خەباتمان کردووە و قوربانی زۆرمان بۆ داوە . خۆشەویستی کەرکووك بۆ ئێمەی کورد وە ك پێکهاتەیەکی فیزیکی تێکەڵ بە پێکهاتەی خوێنمان بووە ..!!

بۆچ مەگەر خوین لە دەمارەکانی لەشی مرۆڤ دابڕا .. ژیان کۆتایی پێ نایەت ..؟ بۆیە خۆشەویستی ئێمەی ڕۆڵەکانی کەرکووکی گڕوکڵپە بۆ شاری خۆشەویستتر لە خۆشەویستی بۆ کەرکووکی قیبلەی کوردان.. تاسەر ئێسقانە .

لە سیمینارێکدا کە لە بارەی شاری کەرکووکەوە بۆ بەرپرسێکی بەڕێزی ئەم شارە لە وڵاتی دەنمارك بەسترا.. لە دەربڕینەکەمدا پێم ووت : نازانم ڕادەی خۆشەویستی ئێوە بۆ کەرکووك تا چـ ڕادەیەکە و چۆن وچەندە...!! بەڵام من کەرکووکم ئاوا خۆشدەوێ ، کە بەردەکانی چەمی خاسە لای من وەك{حجرالاسود} وان .

دەبێ کەرکووك پۆشاکی کوردی بپۆشێتەوە و بە جلوبەرگی بووکێنی کوردییەوە بە سەربەرزی بێتەوە باوان وئاسەواری عەرەباندنی لەڕوودا بسڕڕێتەوە و شارەکانی / چەمچەماڵ - خورماتوو - کفری و کەلار – قادرکەرەم ، کە ڕژێمی ڕەفتارفاشستی گۆڕکراوی بەعس لە کەرکووکی دابڕیبوو..! بگەڕێنەوە سەر قیبلەی کوردان .
هەروا دەبێ بڕیاری گێڕانەوەی کۆچپێکراوانی کورد و عەرەب و تورکمان بۆشوێنی ڕەسەنی خۆیان وئاسایی کردنەوەی باری پێکهاتەی شارەکەمان بە گوێرەی مادەی ١٤٠ی دەستوور.. پیادەبکرێت.
ئەودەمەیش کەرکووك...!! ئەی بووکە ڕەشپۆشەکەی کورردستانم دەبێ پۆشاکی ئاڵاوواڵا بپۆشێت و دەس لەملانی خۆشەویستانت بیتەوە و بێخەم لە ئامێزی عاشقانتدا ئارام بگرێت.



# کەرکووکیم



ڕە زا شوان

من کوردێکی بچـــووکم
ڕەسەنزادەی کەرکووکـم

کەرکووکی کوردسـتانم
زێـــــدی باوباپیرانـــم

باوەگوڕگوڕم شـــــەوان
کەرکووك دەکاتە چراخان

خڕی خاسەم دیــــــــارە
لە ناوەڕاستی شـــــــارە

قەڵاکەمان دێریــــــــــنە
شارەکەشمان ڕەنگیــــنە

کەرکووك پڕ نەوت وگازە
سامانی بێ ئەنــــــــدازە

خۆشم دەوێ شارەکـــــەم
من بێ کەرکووك هەڵناکەم

نەرویج /۲۰۰۱

# ئەنفالی خوێناوی

**سـەید تـاها شێخانی**
کەرکووك / ١٩٨٨

مێژووی ڕەشی پڕخوێناوی
ئەنفالەکان ..! کێ ئەیزانێ

نیسانی ساڵی هەشتاوهەشت
لە ئالیـــــاوەی گەرمیانەوە

داســــــتانێکی بێ وێنەبوو
خۆگێل مەکەن کێ نازانێ

بــــێرمە وئێوەش لە گەڵما
بـێن بــــــــــیرکەنەوە

زوحاکەکان جاڕیان دابوو
عەلەوباریق وکوردکوژان

لە گشت لاوە بەتانك وتۆپ
لەجەباری وزەنگنەوشێخان

لە هەمەوەنـــد و جافەتی
لــــــە تاڵەبــــــــــان

دەسك دەسك گوڵی گەرمیان
خرایەسەریەك وەكخەرمان

تاکەشکەلان فەلەك گردێ
دروســتکرا لە نەوجوانان

تووەمەزحەشرەوحەشریکوردە
تەنهاو بێکەس بێ دەرەتــــــان

تەڵە و فێڵی جەلادەکـــــان
ئالیاوەیکردە شوینخەرمان

ئەو دەڤەرەی تەواوتەنــــــی
بە تانك و تۆپ و مینەکـــان

بڕیار درا به پێی ئایـــــن
پاش راپرسی ئایینیەکـــان

ئەم ڕۆژه حەشره ڕەوایـــه
ناولـێبنرێ ئەنفالەکـــــان

سەر بۆ زوحاك وماڵانیش
بۆخوێنمژان وکوردکوژان

هۆ خەڵکینه توخوا هەســتن
با ڕووکەینه فریشتەکــــان

لەگەڵیانا کڕنۆش بەریــن
تا ئەگەینه پاکی یـــەزدان

داوابکەین ئەی خوایەگیــان
کورد ئازاد که له خوێنمژان

وا ئەبینی لـــه بەرچـــاوت
ئێڤا وزیل وفرۆکەکــــان

له ئالیاوه له چەمسورخـــاو
سۆفی ڕه زا ، له مشکیبان

لەهەرده وگوندی جەبـاری
له کۆرومۆر، چەمیڕەشان

له هه رێنه و گۆلباخـــەوه
قۆرەتوو ، صمود وشــوان

بێ بەزەی بێ ترسی تـــۆ
هاوارئەکەن ئەیکوردەکان

تاگورگەکەی عۆجه مـــابێ
عێراق ئەکەینه گۆڕســـتان

ئێ بۆگوایه بڕوای ئێمــــه
سەدان ساڵه بەخوای گەوره

تاوانێك بووعۆجەییەکــــان
کوردقڕانکەن له کوردستان

# لە کەشکۆڵی شاعیرێك دا



**نووسین وئـا / عەبدولکەریم بەرزنجی**

بێلان :

نازناوی شاعیرێکی نەناسراوی شاریگڕوکلّپە..کەرکوکی کوردانە.
محمد بابا علی بەرزنجی یەکێکە لەو چەندین شاعیرە هەست ناسکانەی شاری کەرکووك کە مەینەتی ڕۆژگار و ستەمی ڕژێمە ڕەفتار فاشیستەکەی بەعس ئاوارە و دوورەنازی شاری پیرۆزی کردن . بێلان لە نێو خێزانێکی نیشتمانپەروەری شاری کەرکوکی لانکی بیری کوردایەتی دا ساڵی هەزار و نۆ سەد و شەست وشەش ١٩٦٦ هاتۆتە دوونیاوە. ڕۆژگاری ناهەمواری ژیان لەڕووی ئەم شاعیرە گومناوە دا بووەتە کۆسپ و نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات. لە سەرەتای لاویەوە خولیای خوێندنەوەی شیعری کوردی بووە و لە نێو شاعیران دا شـیعرەکانی قانعی کردۆتە کارەکتەری رێبازی چوونە نێو دوونیای شـیعرەوە . زۆرێك لە شیعری سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرهەم هێناوە ، شیعرەکانی هەردوو شێوازی نوێ و کلاسیکی گرتۆتە خۆی .

بێلان:لەرێگەیشیعرەوە هەوڵی بەرچاوخستنی کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری داوە وبانگێشەی بۆ چارەسەرکردنی دەرد و مەینەتییەکانی کردووە . چەندین ساڵە ئاوارە و دوورەنازی شاری سۆز و کلّپە کەرکوکی کوردانە . بۆیەش بە زمانحاڵی شـیعر بەم شێوەیە بۆ کەرکوک دەدوێ !

زۆر لە مێژە بە ئاواتم بۆ دیـداریَ
بتبینمەوە کەرکووکیەمن تەنهاجاریَ

بۆ زیاتر ئاشـنا بونی خوێنـەری بەرێـز بە شـیعرەکانی بـێلان وا ئەم پارچە هۆنـراوەیـە ئەخەمە بەر دیدەی خوێنەرانی گۆڤاری نۆزا

# بۆ..جوانێك

بێــلان :

هۆ جوانە گیان... تامەزرۆتم
بڵێ وەك چی ؟
وەك کەسێکی برسی بۆ نان
وەکو منالَی بێ باوك
بۆ جەژنانە
بۆ بەرگی جوان
لە چەشنی دایك بۆ مندالَ
وەك عەبەی شوان لە بۆ شمشالَ
هۆ جوانە گیان... تامەزرۆتم
وەکو دیل بۆ دووری ولاَت
دەبێ تاکەی تامەزرۆت بم ؟
هیوا و ئاوات
وامن تـۆ بە خوا ئەسپێرم
تۆیش خۆت وخوات ...!!

**لەبەر ڕۆشنایی ٢١ فێبریوەری ، ڕۆژی جیهانی زمانی دایك**

## زمانی کوردی : هۆکار و ئەرکەکانی بەرەوپێش چوون



شاهین کەریمی

shaahinkarimi@yahoo.com

### پێناسە

ڕۆژی٢١ی فێبرواری لە ساڵی١٩٩٩وە لەلایەن - یونسکۆ- ڕێکخراوی کەلتوری و ڕاهێنانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەك ڕۆژی جیهانی زمانی دایک ناسراوە. ڕۆژی جیهانی زمانی دایك لەلایەن ئەندامانی یونسکۆوە بەرز دەنرخێندرێ و بۆ ڕێزگرتن لە بوون و برەوپێدان و دەوڵەمەندکردنی زمانەکان بۆنە و یادکردنەوەی جۆراوجۆر دەگیرێ. لەڕاستیدا زمان و ئاخاوتن بە زمانی دایک، یەکێکە لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ و لە جاڕنامەی گەردوونی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە ڕەسمی ناسراوە. ڕۆژی جیهانی زمانی دایکیش هەلێکە بۆ پاراستن و بەرگری کردن لە زمانەکان، بەتایبەت ئەو زمانانە کە مەترسی سڕینەوە و لەنێوچونیان لەسەرە.

## مێژووی ڕۆژی جیهانی زمانی دایك

ڕۆژی جیهانی زمانی دایك لەلایەن جوڵانەوەی ڕۆژی زمانەوە وەك ڕۆژێکی جیهانی ناسراوە. مێژووی ئەم ڕۆژە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٢ کە ئەو کات، پاش سەربەخۆیی هێند لە ساڵی ١٩٤٦ و پاشان جیابوونەوەی پاکستان لە هێند، هێشتا وڵاتی بەنگلادش لە پاکستان جیانەببوەوە و لەڕاستیدا پاکستان لە دوو بەش پێک دەهات پاکستانی ڕۆژهەڵات کە بەنگلادشی ئێستەیە و پاکستانی ڕۆژئاوا کە بریتیە لە پاکستانی ئەمڕۆکە. ئەو کات زمانی ڕەسمی لە هەر دوو بەشی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی پاکستان یەک زمان واتە زمانی ئۆردوو بوو. لە ساڵی ١٩٥٢ گرووپێک خوێندکاری زانکۆی بەنگلادشی" کەمپەینێکیان خستەڕێ بۆئەوەی کە زمانی بەنگالیش وەک زمانی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات بەکاربهێنرێ . بەڵام دەسەڵاتداریەتی ئەوکاتەی پاکستان، واتە ژنراڵ موحەمەد عەلی جیناح، ئەم داوایەی بەڕەسمی نەناسی و ڕایگەیاند کە زمان ناگۆڕدرێ و بەپێی بڕیاری کۆبوونەوەی گشتی لە ٢١ی مارسی ١٩٤٨ زمانی ئوردوو زمانی ڕەسمی هەردوو بەشەکە دەبێ . پاشان لە ڕۆژی ٢٠ی فێبرواری داوای جێبەجێ کردنی یاسای ١٤٤ی کرد. خوێندکاران ئەوبانگەشەیان ڕەت کردەوە و بانگەوازی مانگرتنێکی گشتیان کرد لە ڕۆژی ٢١ی مانگ و وتیان ئێمە دەست لە داوای خۆمان هەڵناگرین و لە هەمان کاتیش دا هیچ یاسایەک پێشێل ناکەین. سەرلەبەیانی ٢١ی مانگ دەوڵەت فەرمانی تەقەکردنی دا بە پۆلیس . پۆلیسی داکا تەقەی لە خوێندکارانی زانکۆ کرد و لە ئەنجامدا چەند خوێندکارێك کوژران . بەم بۆنەیەوە ئەم ڕۆژە وەك ڕۆژی جیهانی زمانی دایك دیاری کراوە.

## خەڵاتی لینگواپاکس

خەڵاتی لینگواپاکس لەلایەن ئنیستیتۆی لینگواپاکس ەوە بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی زمانی دایکەوە دەبەخشرێ بەو زانا و لێکۆڵەرەوانەی کە لە بواری زمانەوانی و زماننانسیدا توێژینەوەیان هەیە. ئەم خەڵاتە لە ساڵی ۲۰۰۲ەوە بەخشراوە بە ۹ مامۆستای زانکۆ لە وڵاتانی جۆراوجۆر (هەندێ ساڵ بەخشراوە بە دوو مامۆستا) و لە ساڵی ۲۰۰۵ەوە تەنها یەک کەس براوەی خەڵاتەکە بووە.

## ڕۆژی جیهانی زمانی دایک لە ڕوانگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە

نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەی بە مێژووی ڕۆژی جیهانی زمانی دایک کردووە کە لەسەرەوە باس کرا. هەروەها دەڵێ کە زمان گرینترین ئامرازە بۆ پاراستن و هێشتنەوەی میراتیە هەست پێکراو و هەست پێنەکراوەکان. دەبێ هەموو هەنگاوێک بۆ برەوپێدانی زمانەکان لە لایەنە جۆراوجۆرەکاندا بخرێتە گەڕ و ئەم هەوڵانە تەنها بۆ جۆراوجۆری ڕاهێنان یان هاندانی زمانەوانی نەبێ، بەڵکو دەبێ هەنگاوێک بێ بۆ پەرەپێدانی وشیاری زمانەوانی و سونەتە کەلتوورییەکان لە هەموو جیهاندا و بوار خۆش بکات بۆ بنچینەیەک کە تێگەیشتن، هەڵکردن و دیالۆگی لێ بکەوێتەوە.

## ڕۆژی جیهانی زمانی دایک لەلای یونسکۆ

یونسکۆ ئاماژە بەوە دەکات کە ٦۰۰۰ - ۷۰۰۰ زمان قسەیان پێدەکرێ. زیاتر نیوەی ئەو زمانانە لە مەترسی دان. بۆ وێنە ساڵی ۲۰۰۷ بە هۆی مردنی تاکە کەسێکەوە لە ناو سورپێستەکانی ئەمریکادا، زمانێک لەنێوچوو. بەمەستی پاراستن و دەوڵەمەند کردنی

زمانەکان ڕۆژێکی جیهانی وەک ڕۆژی جیهانی زمانی دایک ناسراوە.

یونسکۆ هەر ساڵە دروشم یان بابەتێك بۆ یادەوەری ڕۆژی جیهانی زمانی دایک هەڵدەبژێرێ. ئەم ساڵ جگە لە یادکردنەوەی ڕۆتینی ساڵانەی ڕۆژی زمانی دایک، ساڵی ٢٠٠٨ وەک ساڵی زمان لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دیاری کراوە و سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانگی مەی ٢٠٠٧ ئەمەی ڕاگەیاند، بۆیە ئەمساڵ گرینگیەکی دوو ئەوەندەی هەیە و دروشمی ئەمساڵی یونسکۆ بۆ بیرەوەری رۆژی زمانی دایک بریتیە لە "زمانەکان گرینگن". هەرتک ئەم یادکردنەوانە بە یەک جار بەڕێوەدەچێت و بانگی هەموو ئەندامان دەکرێ بۆ بابەتی بوون و گرینگی ئەم کێشە.

بەڕێز "کۆیچیرۆ ماتسورا" سکرتێری یونسکۆ پەیامێکی ناردووە بۆ یادکردنەوەی ٢٠٠٨ و ئاماژە بە گرینگی و پێویستی لە ئاوڕدانەوە لە زمانەکان کردووە.

## زمانی دایك لەلای کورد

لەڕاستیدا یەکێک لە ئامرازەکانی دیاری کردنی شوناسە و جیاوازی بۆ هەر نەتەوەیەك، زمانە. زمان جگە لەوەی کە پێویستی سەرەتایی مرۆڤ بۆ پێوەندی گرتن دابین دەکات، ئامرازێکە بۆ دەربڕینی هەست و خۆشی و ناخۆشی و توڕەیی و ئازار و چێژەکان. زمانیش وەک هەر زانستێکی تر پەرەی سەندووەو بۆتە خاوەن دەیان لق و بوار و قۆناخی تایبەتی. بۆ وێنە زمانی فەلسەفە لەگەڵ زمانی ئابووری یان زمانی شێعر لەگەڵ زمانی تەکنۆلۆجیا جیاوازی زۆریان هەیە. زمان بۆ پەرەسەندن و گەیشتن بە لوتکە، جگە لە ڕەوتی سروشتی و هەستان و کەوتنی خۆی، پێویستی بە پشتگیری و یارمەتی هەیە.

بەبڕوای زمانناسان گەورەترین پشتگیری بۆ زمانێک، پشتیگیری و یارمەتی سیاسیە، واتە دەوڵەت یان دەسەڵاتێکی سیاسی و حکوومی زمانێک بە ڕەسمی بناسێنێ و بەکاری بهێنێ و لە سیستەمەی پەروەردە و ڕاهێنان دا زمانی نوسین و خوێندن بێت. کاتێک زمان لە پەیڕەو و کاری ڕۆژانەدا ببێتە پڕاکتیک و پرۆڤە بکرێ، نەوە و گەلێک لەگەڵی ڕادێن کە بەشێکی جیانەکراوە لە هزر، زانیاری و بیرکردنەوەی دەبێت و لە ڕێگای ئەو زمانەوە هەست و خواست و حەزەکانی خۆی دەردەبڕێ. بەهەمان ڕادە دەبێتە کانگایەك بۆ داهێنان و نویٚ کردنەوە و دووبارە بەرهەم هێنانەوەی زمان. پاش ئەوە پشتگیری ئابوری، زانستی، کۆمەڵایەتی و هتد جۆرەکانی تری پشتیگیری و یارمەتی دەرن کە دەبنە هۆی گەشاوەیی و زیندوو بوونی زمانێك. کە لێرەدا ناچمە سەر وردەکارییەکانی هەرکام لەم لایەنانە.

کورد بەدرێژایی مێژوو و بوونی خۆی، خاوەنی زۆر شتی تایبەت بە خۆی بووە. بۆ وێنە خاک، مێژوو، زمان، دەوڵەت، کەلتوور و هتد.

بەڵام مێژووی زمانی کوردی وەك مێژووی نەتەوەی خاوەنی، بەردەوام توشی بەربەست و سنور و ئاستەنگی بووە. جگە لەوەی کە خزمەت و هەوڵ نەبووە بۆ گەشەو دەوڵەمەند کردنی لەلایەن سیستەمێکی ڕەسمیەوە، بەپێچەوانە خواستێکی سیستماتیزە لە ئارادابووە بۆ سڕینەوە و لەناو بردنی ئەو زمانە. لە ڕوانگەی منەوە هۆکاری جۆراوجۆر بوونەتە هۆی مانەوە و گەشەی زمانی کوردی. لێرەدا ئاماژە بە گرینگترینیان دەکەم.

## یەکەم: زمانی کوردی زمانێکی کۆن، ڕەسەن، دەوڵەمەند، نەرم و ڕێك و پێکە.

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە مامۆستایانی زمان و هۆگرانی زمانی کوردی کردوویانە زمانی کوردی خاوەن مێژوویەکی کۆن و دووروودرێژە و لە ڕەوتی پەرەسەندنی خۆیدا قۆناخی جۆراوجۆری بڕیەوە و توانیویەتی خۆی بەرهەم بهێنێتەوە.

## دووهەم: هەڵکەوتە و جوگرافیای کوردستان.

کوردستان بە هۆی تایبەتمەندی خۆی لە بواری سروشت و جوگرافیادا، بەتەواوەتی دەستەمۆی دارگیرکەر و بێگانە نەبووە. زۆرێك لە ناوچە سەربەرز و شاخاوییەکانی کوردستان بە دەست لێنەدراوەیی و کچیەتی ماونەتەوە و ئاسەواری پیشەسازی و گۆڕانکاری تێیاندا زۆر کەمڕەنگ بووە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە لە بواری زمانیش دا هەمان ڕواڵەتی سروشتی و ڕەسەنی خۆی بپارێزێ. زۆرەێك لە وشە کۆن و مانابەخشەکان لە زاری پیرەپیاو و پیرێ ژنانی گوندەکانەوە دەبیسترێ و لەهەمان کات دا بەنەبوونی ئەوان مەترسی لەبیر کردنی ئەو وشانە و زمانی ڕەسەنیش هەیە.

## سێهەم : مامۆستایان و خۆبەخشانی زمانی کوردی

یەکێك لە نگینە درەوشاوەکانی کۆمەڵگا و کیانی کوردی، هۆگران و ئاشقانی زمانی کوردیین. بەڕاستی تویژێکی خەمخۆر و دڵپاك و بێ ئیدیعا بەردەوام قۆڵی هیمەت و شەرەفیان بۆ پاراستنی زمانی کوردی هەڵماڵیەوە و بەبێ هیچ چاوەڕوانی و ئاوڕدانەوەیەك گەورەترین خزمەتیان بە زمانەکەمان کردووە. بەڕاستی کاتێ هەموو شتێك لە خزمەت قەدەغە و سڕینەوە و لاواز کردن و لەبیر کردنی زمانی

کوردی دا بووە و ئێستەش هەیە، ئەگەر هەوڵ و هیمەتی مامۆستایان نەبوایە، ئێستە چی لە زمانی کوردی بەجێ دەما؟

## چوارەم : تایبەتمەندییە تاقانەییەکانی کوردی

یەکێك لە خاڵە ئەرێیییەکانی زمانی کوردی نزیك بوونی شێوەی نوسین و وتنیەتی. واتە زمانی قسەکردن و نوسین زۆر لەیەکەوە نزیکە. ئەوەندەی من ئاگادار بم تەنها یەك پیت هەیە لە زمانی کوردیدا کە دەوترێ، بەڵام شێوازێکی تایبەت بۆ ئەو پیتە لە نوسین دا نیە. ئەویش پیتی ن، کاتێ بە پری یان تۆخی دەوترێ، بۆ وێنە وشەی مانگا، یان مانگ، یان کانگا، لێرەدا ن لە لوت دا دەوترێ و لەگەڵ پیتی ن لە وشەی بۆ وێنە نان دا جیاوازی هەیە، بەڵام هەردووکیان بەیەك شێوە دەنوسرێن.

حەقیقەتێکی ڕوون هەیە ئەویش ئەوەیە کە زمانی کوردی پێویستی بە گۆڕانکاری، چاکسازی و دەوڵەمەند کردن هەیە. پێویستە کاری بنەڕەتی و ئاکادمیك لە ئاستێکی بەربڵاودا بکرێ.

ئەو کارە هەنووکەییانەی کە دەبێ بۆ زمانی کوردی بکرێن ئەتوانن ئەمانە بن.

### ١ ـ ستاندارد کردنی زمانی کوردی

بەداخەوە بەهۆی نەبوونی سیستەمێکی پەروەردەیی یەکسان و ئاکادمیك، زمانی کوردی توشی سەرلێشێوان و جۆربەجۆرییەکەی بێ سەرەوبەرە بووە. دەکرێ بڵێین بە ژومارەی ئەو کەسانەی کوردی دەنوسن، زمانی کوردیشمان هەیە. هەر کەسەو وشەو دەستەواژەکان بە شێوازی خۆی دەنوسێ. ڕەنگە زمانێکی گشتی و وێکچوو هەبێ،

بەڵام ئەو زمانە نەبۆتە زمانێکی گشتی و هەموان بەوە نانوسن. بۆیە دەبێ زمانێکی تاك و یەکشێوە جێ بخرێ و لەهەمان کاتیشدا بە شێوەیەکی بەربڵاو لەناو خوێنەر و نوسەری کوردی دا پڕوپاگەندەی بۆ بکرێ و برەوی پێبدرێ.

## ٢ـ توێژینەوە و ڕوونکردنەوەی مێژووی زمانی کوردی

یەکێك لەو ئەرکە مێژوویی و پێویستانەی کە دەبێ بۆ زمانی کوردی بکرێ، خستنەڕووی ڕابوردوو و بەڵگەنامەکانە. ئەمە جگە لەوەی کە دەبێتە گەڕانەوەیەك بۆ سەرچاوە بەنرخەکانی زمانی کوردی، ڕێگایەك دەبێ بۆ سەلماندنی مێژووی کۆنی کوردەواری و بەدەست هێنانی ماف لە ئاستێکی بەرفراوان تردا. لەڕاستیدا وشیاربوون و ئاگاداربوون لە ڕابوردوو ڕێگەخۆشکەر دەبێ بۆ داهاتوو. ئەگەر ڕۆشنبیریی مرۆڤ پشت ئەستوربێ بە مێژوویەکی درەوشاوە، متمانە دەبەخشێ بە نەتەوەیەك و ئۆمێد و توانا بۆ بڕینی هەنگاوەکانی داهاتوو و دیتنەوەی ئاسۆ نوێیەکان قایم تر و پتەوتر دەبێ .

## ٣ـ پاکژ کردنەوەی زمانی کوردی

زمانی کوردی لە بواری نوسین و لەسەر کاغەز پاك و پاراو و دەوڵەمەندە، بەڵام بەشی هەرە زۆری کورد، جا بە پێی ئەوەی خەڵکی چ بەشێکی کوردستان بێ، لە زمان و دیالۆگی ڕۆژانەدا وشە و ناو و دەستەواژەی فارسی، عارەبی یان تورکی بەکاردێنێت.

زۆرجار ناو یان وشەیەکی دەرەکی لە کوردیدا بەکار دەبرێ لەلایەن تاکی کوردەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا وشەی جوان و پڕماناتر لە کوردیدا هەیە. تاڵی ئەم کێشە لەوەدایە کە ڕۆشنبیر و نوسەری کورد بۆخۆشی توشی ئەم نەخۆشیە دەبێ. زۆرجار بەکاربردنی دەستەواژەی

نامۆ و سەرسوڕهێنەر تەعبیر لە زانابوون و ڕۆشنبیری دەکات لای ئەوان. نازانم، ڕەنگە ناوی بنێین ڕاهاتن، بەڵام پێویستە، بەتایبەت توێژی ڕووناکبیر و پێشکەوتوو، واز لە نەریت و خوی ناشیرین بێنێت.

## ٤- پاراستنی زمانی کوردی

بەهۆی شەپۆلێکی خێرای بەجیهانی بوون و هەڵگیرانی سنور و بەربەستەکان، جۆرێك لە یەکپارچەبوون و دەقوەرگرتن دەبینرێ. لە سیستەمی ئەمڕۆی بەرهەمهێنان و بەکارهێناندا میدیا و پڕوپاگەندەی شمەك لەسەر ئەوە چڕبۆتەوە کە هەموو یەکجۆر بن، یەکجۆر بیربکەنەوە، یەکجۆر بخۆن، یەکجۆر بپۆشن، یەکجۆر.... هتد. لەڕاستیدا پیشاندانی جۆر یان مۆدێلێك لە کەسایەتیە کە مرۆڤەکان لەدەق دەدا. دیارە کەلتور یان زمانیش لەم هێرشانە بێبەش نین. بەتایبەت ئەو زمان یان کەلتورانەی کە چەکی بەرگری و خۆ نوێ کردنەوەیان نەبێ، زۆر زووتر سەرنەوی گلۆبالیزاسیۆن دەبن. دیارە ئەوەی من مەبەستمە بەمانای کۆنەپارێزی یان چەقبەستن نیە، بەڵکو خۆسازدان و خۆگونجاندنە لەگەڵ دونیای نوێدا، بەڵام لەهەمان کاتدا تۆش گوڵێك بی لە گوڵەکانی باخچەی ئەم سەردەمە، نەك بژاکێی و لەبن دار و دڕکی دراوسێکاندا بخنکێی. تۆش قسەیەکت ببێ بۆ کردن و شتێکت ببێ بۆ پێشکەش کردن.

## ٥- بوارەکانی تری زمانی کوردی

کوردی لە زۆرلایەنەوە خاوەن پاشەکەوتێکی زۆر و دەوڵەمەندە. بۆ وێنە لە زمانی شێعر، چیرۆك، سروشت، حەماسە و هتد کوردی بۆ وشە دانامێنێ و توانایی زۆری هەیە. بەڵام هەژراییەکی بەرچاو لە

بوارەکانی تردا دەبیندرێ. بۆ وێنە زمانی کوردی لە پانتایی فەلسەفە، ئینتێرنێت، پیشەسازی، زانست و هتد کاڵ و کرچ و دەستەوەستانە. بەداخەوە زۆرجار ناچارە لاسایی زمانەکانی تر بکاتەوە و ناو و دەستەواژەکان پڕاوپڕ بگوێزێتەوە بۆ ناو کوردی.

بەبڕاوی من، جوڵانەوەیەکی بەهێزی داهێنان و وەرگێڕان پێویستە. لەوەش گرینگتر خوێندنەوە و تێگەیشتن و لێکدانەوەیە. تەنها لەو شێوازەدا دەتوانین هەنگاوەکان خێراتر بنێین و کەلێنەکان پڕ بکەینەوە.

ئەوەی لەم وتارەدا ئاماژەی پێکرا، تەنها ڕیزبەندییەك بوو لە هۆکار و دەرەنجامەکانی ئەو بارودۆخەی کە ئێستە زمانی کوردی تێیدایە. دڵنیام کە دووان لەسەر پانتاییەکی وەك زمان و بەتاییەت زمانی کوردی، زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ و پێویستی بە لێکۆڵینەوە و تێڕامانی زیاتر هەیە. هیوادارام مامۆستایانی ئازیز کات و هەوڵی زیاتر بۆ دەوڵەمەندتر کردنی زمانی کوردی تەرخان بکەن.

بۆ زانیاری زیاتر لە سەر مێژووی زمانی کوردی، سەیری ئەو وتارەی خوارەوە بکەن کە نوسەری ئەم بابەتە وەرگێڕاوەتە سەر کوردی.

**مێژووی زمانی کوردی**

-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-.-

**سەرچاوە: لە سایتی یونسکۆ و نەتەوە یەکگرتووەکان کەڵك وەرگیراوە . مانگی فێبرواری ٢٠٠٨**

**پاشکۆ: ئافیشی یونسکۆ بۆ ڕۆژی جیهانی زمانی دایك لە ساڵی ٢٠٠٨**



# تەوەری ڤەلەنتاین ...



سازدانی تەوەر : ئالان پەری

ئەگەر باسی ڕۆژێک بکەین بۆ عیشق ئەوا هەمیشە دەچینەوە سەر ١٤- ٠٢ کە بە ڕۆژی عاشقان ناسراوە کە چیرۆکەکەی بەم شێوەیە بووە : ڕووداوی ئەم ڕۆژە لە ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا و لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی قەیسەری ( کلاودیۆسی دووەم ) ڕویداوە . قەیسەر فەرمان بە داروودەستەکانی دەدات کە ئەوانەی سەربازن بۆیان نییە ژن بخوازن و دەبێ بێژن بمێننەوە وئەوەی بەرپەرچی ئەوفەرمانە بداتەوە سزای توندی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت، بەڵام قەشەیەک بەناوی (ڤالانتینۆس) لە کەنیسەکەی خۆیدا ژنی بۆ بەشێک لەوسەربازانە خواستووە ، واتە لەیەکتری مارەکردوون .. کلاودیوۆسی دووەم کە ئەم کارە دەبیستێ زۆر توڕەو نیگەران دەبێت ، بۆیە بڕیاری لەسێدارەدانی قەشە (ڤالانتینۆس) دەدات. لە ڕێکەوتی ١٤-٠٢-٢٧٠ ی ساڵی زاینیدا .

لەوڕۆژەوە یادی ئەوڕوداوە بۆتە یادی عاشقان وخۆشەویستان. بۆ ئەم مەبەستە تەوەرێکمان ڕێکخست بەناوی تەوەرەی ڤەلەنتاین کە تیایدا پەیوەندیمان بە کۆمەڵێک نووسەرو شاعیر و هونەرمەندێکەوە

کرد بۆ ئەوەی لە بیر و بیرۆکەی ئەوانەوە بزانیین ئەو ڕۆژە لە کوردستاندا چۆن یاد دەکرێتەوە . ئایا کورد بە دەر لە سیاسەت ڕۆژێک یان ساتێکی تەرخان کردووە بۆ عیشق؟؟ ئایا پێویست ئەکات ڕۆژێک هەبێت بە ناوی ڕۆژی خۆشەویستی لە جیهاندا و بەتایبەتی لە کوردستاندا ؟؟



# شــاعیر و نووسەر/ سارا عومەر



xozga86@hotmail.com

بۆ ئەوەی وەڵام بە بۆنەیەک ، تەنها بۆ ڕازاندنەوەی خودی بۆنەکە نەبێت.. چەند جوانتر بوو ٦ مانگ لەمەوپێش شرۆڤەی پێویستمان لەسەر بوونی جیهانی خۆشەویستیمان بکردبایە!

باشە ٣ مانگ لەمەوپێش و ئێوە بڵێن سێ سەدە لەمەوپێشیش خۆ ئەوە هەر ئێمە بووین کۆدەنگانە لەسەر سفرەی کەلتورێك کۆ دەبووینەوە کە دواجار سوارچاکەکانی عەشق تفیان لە زەوای سەری دەکرد و ئێمەش خوێنیانمان حەڵاڵ دەکرد.

پێش ئەوەی کون و قوژبنی شارو شارۆچکەو لادێ بێنازەکانمان بپشکنین بۆ لافیتە و تراکتی هەڵواسراو سەبارەت بە بانگەواز بۆ خۆشەویستی، بۆ ڕێز لێنان لە مێژوویەک، کە قەشەیەک لە هەلومەرجی شەڕدا نەخشاندی، من پێم وایە دەبێت بپرسین.. ئەوە چ دنیایەکە دەبێت خۆشەویستی بە جاڕنامە بسەپێنرێت؟

ئەوە چ ژیانێکە.. کە خۆشەویستی بکرێتە بۆنەوساڵی جارێک بە ڕەسمی یادی بکەینەوە؟

ئەی ٣٦٥ ڕۆژەکەی تری ساڵی پڕ بەچی ئاوبدەین؟ بوغز و فێڵ و درۆ.. ؟

نازانم، بۆ هێندەی تێڕامان لەم دیاردەیەم بۆ گرنگە، کە ناونراوە ڕۆژی خۆشەویستی بۆچی نیو هێندە ئەوەم بۆ گرنگ نییە، کە ئەم ڕۆژە چی دەگەیەنێت لای کورد؟

ئاخر ئەم ڕۆژە هەرچی بگەیەنێت.. ناتوانێت پەڵەی ئەو خوێن و شەرمە لە ڕوخسارمان لا بدات کە لە ژێر زەبری بلۆکەکانی سەر و جەستەی کچۆڵە و ژنە ڕۆح سپییەکان لێمان دەنیشێت.
توانیوتانە ئەو پەڵەی خوێن و شەرمە بسڕن.. تا بێن و ڕووتان بێت باسی ڕۆژی خۆشەویستی بکەن؟ ئەرێ هۆ بەنی ئادەمینە، خۆ پێم وابێت عەیب نییە، من بڵێم؛ "بەڕاستی هێشتا من تەوێڵم تەڕو خوێناوییە، ئەوکم پڕ سیمفۆنیای خەجاڵەتیە... "
نازانم چەند بەیداخ سیمای سلێمانی و هەولێر و بەعشیقەو دهۆک و سەردەشت و سنە و قامیشلی و ئامێدی و مەریخ دادەپۆشێت ، لەو ڕۆژەی ناو نراوە ڕۆژی خۆشەویستی!
ئایا بەڕاستی خۆشەویستی کەوتۆتە کوێی دڵمانەوە؟
تەنها و تەنها یادێک بکەینەوە، یان دەمانەوێت لە گۆشەی یادێکەوە بڕوانینە مانایەک، کە پێیەوە هاتووین و کەچی وا خەریکە بە تەواوی لە دەستی دەدەین؟!!
براله ، خۆشەویستی وەک خۆمان کۆیلەیە و .. ئەگەر خۆمان کۆیلەی سەردەمە تاریکەکانی دەستی جەلادان و هەوەسی پیاوە ناشیەکانین ئەوا خۆشەویستی کۆیلەی ناو سینە داخراوەکانی خۆمانە! ئەگەر خۆشەویستی ئەسیر نەبێت.. تفەنگ چۆن دەیتوانی بە ناو جەرگەی سەردەمەکاندا ئەم هەموو خوێنە بڕژێنێتە بەر پێی ئەسەفمان؟ ڕق چۆن دەبووە شۆفێری شارەزای سەرانسەری ڕێگاو بانی ناو چیرۆکەکان .. ئەرێ ئێمە چیرۆکەکانمان پڕنین لە دەربەدەرکردنی ئاشنایی و کوشتنی ڕۆح و کوشتنی وەفا ؟
ئەگەر خۆشەویستی ئەسیر نەبێت، هەژاری ڕووی دەهات بە ئاشکرا بە کۆڵان و جادەی گشتی تەمەنی زۆربەماندا جرت و فرتی بێت ؟

ببینن خۆشەویستی زیندانییە چۆن سەرکردە فیتنەکانی ماڵ و کۆمەڵگا ئازادی و ماف و تەحەمولیان ئەتک کردین، بڕوانن ! خۆشەویستی لێرە نییە، بەنیئادەمینە.. پێش ئەوەی من لەگەڵتان بم بۆ یادکردنەوەی بەهایەک کە شایانی ئەوەیە هەر ٣٦٦ ڕۆژەکەی ساڵی تێروتەسەل هی ئەو بێت، نەک تەنها ١ ڕۆژ.. من خۆم خۆشخەیاڵ ناکەم بە هات و هاواری بۆنە و یادەکان.

من دەزانم خۆشەویستی دەبێت پێش نەتەوەکەشم ئازاد بکرێت.. دەبێت ساڵ ببێتە موڵکی خۆشەویستی.. ئەوسا ڤالانتینۆش دەتوانێت هەموو ڕۆژەکانی ساڵ لە یادماندا بێت، نەک تەنها ١ ڕۆژی ئەسیر.. !

لە کۆتایدا ئەگەر خۆشەویستی بۆ ١ ڕۆژ بتوانێت هەبێت لە ساڵێکدا.. ئەوا من ڕوخسەت لە حەزرەتی ڤالانتینۆ دەخوازم و بە دەنگی بەرز دەڵێم؛

مەرگ بۆ خۆشەویستی!

# شاعیر/ قوبادی جەلی زادە



jalyzada@yahoo.com

بەداخەوە تا هەنوکەش ڤالانتاین لای ئێمەی کورد هیچ مانا و ماهییەتێک لە خۆ ناگرێت. ڕۆژی عیشق وەک ساتە وەختی کشانی ئەستێرەیەک یا بلاچای بروسکەیەک وایە!! لە بەر ئەوەی کەلچەری ئەرەبی / ئیسلامییە، مەودای هیچ ڕۆژێکی جوانی بۆ ئێمە نەهێشتۆتەوە جگە لە بۆنە ئاینییەکان.. ڕۆژی خۆشەویستی ڕۆژی منالّێکی هەتیوی بێ نازە سەری لار کردۆتەوە سەر شانی خۆی و بە کوڵ ئەگری!! ئێستاش عیشق لە کوردەواریدا لە ڕیزی هەرە پێشەوەی تاوانە سەختەکانا کە سزاکەی کوشتنە.

کورد وەکو میلەت، یان وەکو عەقڵی جەمعی ئەوەی بە خەیاڵا نایەت کە ڤالانتاینە... ئەگەر لەو ڕۆژەدا سەرتاپای شەقامەکانی شارەکانی کوردستان و سەرجەم دەزگاکانی حکومەت بگریت، نە وێنەیەک نە لافیتەیەک نە ئاهەنگێک بەم بۆنەیەوە چاوەکانت ڕۆشن ناکاتەوە. لە هەر شوێنێکیش دا کۆبونەوەیەکی خنجیلانەت دی ئەوا کۆمەڵێک گەنجی کوڕو کچی عاشقن، کۆبەنەتەوە تا لەو ڕۆژەدا هەناسەیەک هەڵبکێشن و ئەو ماچانەی کە زەمانێکە لەناخیاندا پەنگی خواردۆتەوە، وەک پۆلێک کۆتر بە ئاسمانی خۆشەویستیدا هەڵفڕێنن.. لاوەکان دێن لەو ڕۆژەدا ئەو کۆت و کەلەپچانە ورد و خاش ئەکەن کە کەڵچەرێکی دەرەکی دەست و گەردن و ڕۆحی زنجیر کردوون!!

کورد زۆری ماوە باوەش بۆ عەشق و خۆشەویستی بکاتەوە... کورد کاتێکی زۆری ئەوێ تا بتوانێت عەشق لە لیستی تاوانە گەورەکان بسڕێتەوە، ئەوسا ڕەنگە بیر لەوە بکاتەوە ئاخۆ بەشی ڕۆژێک دەست نیشان بکات بۆ خۆشەویستی.

ئێمە پێویستیمان بە ڤەلانتاینێکە، بەڵام منداڵدانی ئینسانی کورد جارێ لە توانایدا نییە ئەم کۆرپەیە پەروەردە بکات... !!

عەشق خەمی تاکە هۆشمەند و ژیان دۆستەکانی کوردە و بەس.. !!

ڕەنگە بۆمان هەبێت بپرسین لە وڵاتێک بێ ڕوناکی و بێ ئاو... لە وڵاتێک تا سەر ئێسقان نوقمی فەساد دا بێت، ئایا عەشق لە کوێو لەکام زەمینەدا چەکەرە بکات...

ئەوکاتە لە کۆمەڵگای ئێمە ڤەلەنتاین پیرۆز ئەبێت، کە ئەو دەستەی گەمەیەکی عاشقانە لە گەڵ سنگ و مەمکێک دەکات، پیرۆزتر بێت لەو دەستەی بەخەنجەر سنگ و مەمکێک لەت و پەت بکات. لەسەردەمی فتوحاتی ئیسلامیدا، کام کچ و ژنی جوان بوو ئەنفالیان کردوو بردیان تا لە سێبەری کەعبەدا ئیختیسابیان بکەن... کەچی جوملەیەکی سەرەتانیان بۆ ئێمە بەجێهێشت کە هەزار و چوارسەد ساڵە پێوەی دەناڵێنین و سەدان ساڵی دیکەش یەخەمان بەر نادات: ئەم جوملەیەش ئەوەیە: نەزەر حەرامە!! ئیتر لە زەمینەیەکی بۆگەنی ئاوادا چۆن گوڵە نازنازەکانی خۆشەویستی چاو ئەکەنەوە؟!

# نوسەر و شاعیر / دانا نزار



rashaba2003@yahoo.com

کاتێك کە عەشق قەدەغە دەکرێت ، هەوڵ بۆ لەناوبردنی دەدرێت نەمری بۆخۆی و هاولانەکانی و دوژمنەکانی دەسەلمێنێ، ڤالانتاین یادی ناسکترین و جوانترین پەیوەندی مرۆڤە ، بەڵێ وەك دەستپێکێ بۆ ئەم پەیوەندیە لەقەڵەم نادرێ ، بەڵام خۆی لە خۆیدا یادی بە بەهاترین سەرکەشیەکانی مرۆڤە بەرامبەر بە هاوکێشە نادروست و نا تەندروستەکانی خودی مرۆڤ.

یادی سەلماندنی بوونی تەواوی مرۆڤ خۆیەتی یادی ویستە مەزنەکانی مرۆڤە بۆ بەردەوام بوون، یادی سەلماندنی سوڕی خوێن و ترپەی دڵە. زۆر جار گومان لە بەتوانایی عەشق دەکرێت و یان بەدەم جیهانگیری و پێشکەوتن و تەکنەلۆجیاوە بێ هێزی و لاوازی ئەم پەیوەندیە ئەخرێتە ڕوون، هێندەی کە ئەم گومانە ساختەیە لە عەشق دەکرێت لە یادێکی وەهادا کاتێك زیاترین نامەی ئەلیکترۆنی و (SMS) و هەموو پەیوەندیە جۆراو جۆرەکانی دونیا بێ تەل و ئاسمانیەکانیش ئەوە دەسەلمێنن کە عەشق بۆ ژیان یان عەشق لە خودی ژیاندا زۆرترین دەنگ بەدەست دەهێنێت، لەم ڕۆژە پیرۆزەدا ڕاستیەکان و ئەفسانەکانی باس لە عەشق دەکەن کە هەر وڵاتەو بەشی خۆی هەیە لەم ڕۆژەدا و لەزۆر بۆنەی جواندا وەك گوڵی هێخە هەر وڵاتەو چیرۆکی خۆی دەنێت بە سنگیەوە جاری وا هەیە وەك ئاڵایەك

لەسەر زەمینەی پەیوەندیەکاندا بەرز دەنرخێندرێت، کاتێك هێندەی بوونی خۆی باسی لێوە بکرێت دەبینین ڕاستیەکان عەشق دەسەلمێنن هونەرەکان ئاینە ئاسمانیەکان هەموو تا دەسپێکردنی ژیان قوڵ بە قوڵی عەشق هەنگاو دەنێن، تا بەشێك لە بڕوای مرۆڤەکان بۆخۆی ڕاکێشێت و لە کاتێکدا و هۆی دروستبوونی ئەم فیداکاریە لەناو دڵی مرۆڤێکی خواناس کە لەبری ئاین خۆی کردە فیدای ئەم پەیوەندیە لەکاتێکدا کە جەمسەرە شەرانگێزەکان زۆرتر بوون، بۆیە دەبێت ئەوە لە یاد نەکەین کە عەشق لەم بۆنەیدا خۆی خۆی ڕزگار دەکات و مرۆڤەکان دەبنە فیدای، بەڵام کێشەی هەرە گەورەی ئێمە لە کوردستان ئەوەیە کە سفرەی عەشق بە واتا پڕ پێستەکەی نەناسراوە، وە بەشێوەیەکی تر ئەڵێم مرۆڤی کورد بە گشتی ڕۆشنبیری نیە سەبارەت بە مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم پەیوەندیە ناسکەدا چ وەك بینەرێك کە لە نزیکەوە کەسەکان دەبینێت ممارسەی ئەم پەیوەندیە دەکەن چ وەك خودی خۆی کە ڕۆڵی سەرەکی لەم پەیوەندیەدا دەبینێت لەبەر هێندەی کامڵ نەبوونی پەیوەندیە سێکسیەکان و کامڵ نەبوونی بڕیاری تاکە کەسی کە لە کۆمەڵگایەکی وەك ئەمەی لە کوردستاندا هەیە، کە کۆمەڵگای گشتیە واتە بڕیاری گشتی نەك تاکە کەسی، کاتێك کە جڵەوی بڕیاریش دێتە دەستی تاکە کەس بە ترسەوە مامەڵە لەگەڵ پەیوەندیە تەندروستەکاندا دەکات لەبەر هێندەی کە دادەمێنێت بەدەست پرسیارە ناتەندروستەکانەوە ( ئایا من ئەمە بکەم ، ئایا من ڕاستم ، ئایا ئێوە ئەمەی منتان بەدڵە) ، دواتر ئەم دوایین پرسیارەیە کە مرۆڤ بەتەنها وێرانی ئەوەی نیە کە بڕیار بدات ، دواتر لە مقۆمقۆی ئەم خەیاڵانەدا کردەوەکانی هی خۆی نین ، ئەگەر ویستێکی سێکسی بێت هەر بە چەوتی ، ئەگەر عەشق بێت بە سێکس و پەیوەندیە ئەفلاتۆنیەکانیەوە هەر بە کەمتەرخەمی ، بێگومان ئەگەر یەکێك لە جەمسەرەکانی ئەم

دوو عاشقە لەم زۆرانبازیە فکریە دەرچوو بە سەلامەتی جەمسەرەکەی تر بێ قوتابخانە دەمێنێتەوە و کارەکە لە دواییدا بەرهەمی خۆی ناپێکێ و گەڕانەوە بۆ سەرچاوە تەنها وشەیەکە ئەویش عەشقە بەبێ وردەکاری ئازادی، جا ئەگەر ئەم دوو عاشقە بە معجزە سەرکەوتوو بوون بێگومان بەشەرمەوە تێدەپەڕن و چاودێری نا تەندروستیان بۆ قوت دەبێتەوە، دواتر زمانی عەشق ناگاتە ماچێك و ناگاتە باوەشێك و ناگاتە جووتبونێك و ناگاتە وەرگێران، کەسێك لەمانە ناتوانن لەپڕ لە نیوە رێگەدا باوەشێك یان ماچێك ناتوان جێ عەشقێك بدۆزنەوە، چی تر کاردانەوەی مەزن لسەر دەروونی هەردوو عاشق درووست دەبێت، لێرەدا ڕۆشنبیریە گشتیەکان لێرەنین بۆ تەبەننی کردنی عەشق و لە دوای ئەمانە هەمووی دەنگێکی چاوەڕوان و بێ ئاگا خۆی مەلاس داوە و چاوەڕێی پەرت بوونی عەشق دەکات تاکو بە دەنگی بەرز بڵێت (عەشق پارە ناکات و هۆنراوە ناتژیەنێ و مۆسیقا کفرە و وێنەکێشان دۆزەخە و خۆشەویستی ئەنجامی نیە، بێ گومان پێکەوە ژیان باشترین شتە واتە زەواج) ئەو ژیانەی ئەویش باسی لێوە دەکات تەنها ڕازی کردنی کۆمەڵگەیە نەك ڕازی کردنی دڵ و کەسانی پێکەوە بوو، کاتێك دەڵێ زەمەنی عەشق نەماوە کە ئەو نەك تەنها هیچی لێ نازانێ بەڵکو لە وڵاتی ئەودا عەشق هێشتا دەستی پێ نەکردووە، بەو شێوەیەی کە تەندرووستە کە عەشقە کە درێژبوونەوەی هەیە بۆ کاتێکی دیاری کرا و دیاری نەکراو کە ئەویش هەر عەشقە کە ئەو کاتانە دیاری دەکات نەك مرۆڤە نا تەندرووستەکان. بۆیە کاتێك سەیری کوردستان دەکەین دەبینین کە لەکاتی لەدایکبونی عەشقدا لە هەمان کاتدا مرۆڤەکانی دەوروبەر بڕیاری لەناوبردنی دەر دەکەن، سەرکەوتنی کارەکەشیان بەداخێکی زۆرەوە تەنها بەدەستی عاشقان خۆیان دەبێت ئەوەندەی کە ئەو مرۆڤە عاشقانە دەکەنە خۆیان و بێ هیوایان دەکەن تا لێرە لەناو

دەچێت بەڵام لەوێ لەدایك دەبێتەوە، لە ڕۆژێکی وەهادا عاشقان بە سەرکەوتنی دەزانن کە تەنها گوڵێك بدەنە دەستی خۆشەویستەکەیان یان بە (SMS) ێك یان تەلەفونێك ئەم ڕۆژە پیرۆز بکەن، بەداخەوە کە ئەمیش بە دەگمەن دەبینرێت.
کاتێك کە ورد تر بکۆڵینەوە دەبینین ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە نێوان خێر و شەڕ هەموو جەمسەرە بەرامبەرەکانی دیکە. بۆیە بەرز ڕاگرتنی ئەم بۆنەیە خۆی لەخۆیدا کارێکی سروشتی و لەدایکبووی ناو ناخی مرۆڤ و پەروەردە کردنی مرۆڤ و جارێکی دی ڕەنگ کردن و بەرز نرخاندنی بەردەوامی ئەم پەیوەندیە مەزنەیە کە بەشێوەیەکی نا جێگیر جێ گۆڕکێ دەکات لە لێکترازانە نەخشینەکاندا هەر جارەو بە زمانێك هەر جارەو بەگێك بەلاَم لەژێر ناونیشانی ڤالانتاین دا .

# کامەران برایم



kamran@kurdantv.com
www. kurdantv.com

چێژ و جوانی خۆشەویستی لەوەدایە کە بێسنورە و وادەیەکی زەمەنی دیاریکراوی نیە. بەڵام ئێمەی مرۆڤ وا راهاتووین یان پێویستکراوە لە سەرمان کەجگە لە کردوەکانمان ، هەست و سۆزیشمان لە قاڵب بدەین و دەیان و سەدان سنورو بەرنامەی بۆ دابرێژین . دەربڕینی سۆزو ئەوین بۆ کەسێک یان هەر توخمێک لەم سروشتەدا کارێکی ماتماتیکی نیە، بەڵکو جووڵەو بزواندنی هێزێکی نادیارە کە پێناسەکردنی زۆر ئاستەمە هەروەها هیچ توانایەک نیە بتوانێت ئەم هەڵچوونە دەروونی و رۆحیە ، کاتێکی دیاری کراوی بۆ دابنێت.
چۆن دەکرێت ٣٦٥ رۆژ لە٣٦٦ دەربکرێت و تەنها رۆژێک بدرێت بە ئەوینداری؟ دەبوایە بە پێچەوانەوە بوایە.
مەبەست لەم چەند دێرە (ڤەلانتاین) ەواتا رۆژی ئاڵوو گۆڕکردنی گوڵی سوور و دەربڕینی هەستی خۆشەویستیە لە نێوان دوو ئەویندار کە بەداخەوە ناتوانم من ئەم رۆژە واببینم و لە درۆیەکی گەورەتر نیە.
ناکرێت گڕو کڵپەی ناخی بورکانێک بە زۆر و لە ساتێکی دیاری کراودا پێ دەربهێنرێت.

لەم رۆژگارەدا مرۆڤایەتی زۆر شتی لەدەستداوە و پێم وا بێت لە کۆتایی بوونێک نزدیک بوینەتەوە کە بەدەگمەن مانایەکی ئاوهای وەک خۆشەویستی تێدا بەدی بکرێت.

ئەگەر هەمووان لەسەر ئەوە کۆکبین کە تەنها ١٤/٠٢ رۆژی ئەوینە و باقی رۆژەکانی تر بێ هەست ودوور لە خۆشەویستین و دەبێت یادی بکەینەوە و مانا بە ئەوین ببەخشینەوە.. ئەوا لەم حاڵەتەدا بە کارێکی خراپی نازانم !! ئەگەر بمانەوێت (قەشەیەك)ی تر زیندوو بکەینەوە بەڵام ئەمجارەیان لە کوردستان مەشخڵی ئەوین و ئویندارى بەرز رابگرێت و ئەم رۆژەمان بۆ بکات بە سەرەتایەکی نوێ بۆ خۆشەویستی و پەیمان بە دڵان بداتەوە کە چیدیکە دەستی تێنەگەیشتن بە خوێنی سووری دڵی کیژەکانمان سوورتر نەکرێت و خەوی شیرینی کورە لاوەکانمان تاڵتر نەکرێت ، جا با هەمووان پێکەوە بە گوڵێکی سووری راستی نەک گوڵە (لاستیك) یەکدی بەسەر بکەینەوە و پەیامی راستی ئەشق سەرلەنوێ نوێتر بکەینەوە .

ئارەزومە وەبیرخۆمی بهێنمەوە ، کوردستان خاکی دڵانە و مێخەکی بۆنخۆشی سەر سنگی کیژانە ، ساباتی فێنکی رۆحی شیرین و فەرهادە ، ئاوێنەی رووی مەم و ئالانە ، دوامەنزڵگەی ئاشقانە.

# کوردستانی بوونی کەرکوك

## بە پێی گرنگترین بەڵگەنامەی عوسمانی لە ساڵی ( ١٨٩٦ ) دا

ئـا / کوردان

چەندین جار ئاماژە بەو بەڵگەنامەیەی عوسمانی کراوە ، بەڵام ئێستا تورکەکان سورن لەسەر ئەوەی نابێ کەرکوك بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان ، بەباشی دەزانین دەقی پێناسەی جوگرافیایی (کەرکووك) لە ئەنسکلۆپیدیای عوسمانی دا بە [ قاموس الإعلام ] ناسراوە ، و لە ساڵی (١٨٩٦) دا لە چاپخانەی (میهران) لە ئیستانبۆڵ چاپکراوە و(شەمسەدین سامی ١٨٥٠-١٩٠٤) نووسیویەتی ، بخەینە بەردەست .

* ئەم بەڵگەنامەیە لە چاپی پێنجەمی ئەنسکلۆپیدیاکە دا و لە لاپەڕە ٣٨٤٦ دا بلاَوبوەتەوە.

* نوسخەیەکی ئەم پەرتووکە لە کتێبخانەی بەریتانی (Rare Books) لە لەندەن پارێزراوە .

* ئەم دەقەی خوارەوە : وەرگێڕدراوی بەڵگەنامەکەیە لە زمانی تورکیعوسمانیەوە :

**کەرکوك** : لە نێو کوردستاندایە لە ویلایەتی موسڵ ، و کەوتۆتە دووری ١٦٠ کیلۆمەتر لە باشووری رۆژهەلاَتی مووسڵەوە ، لە خوار زنجیرە گردێکەوە و لە نزیك دەشتێکی پان وبەرین دا . هەروەها ( وادی ئەدهەم ) لە سەرەوەی شارەوە شۆڕدەبێتەوە بۆ ناوەندی سەنجەقی شارەزوور.

ژمارەی دانیشتوانی کەرکوك ٣٠ هەزار کەسە ... قەلاَیەك ، ٣٦ مزگەوت ، ٧ قوتابخانە ، ١٥ تەکیە و زاویە ، ١٢ خان ، ١٢٨٢ دوکان ، ٨ حەمام ، پردێك ، روشدییەك ، ٣ کەلیسای هەیە .

شارەکە پێك دێت لە قەلاَ و ئەو گەڕەکانەی لەدەوروبەر و لای راستی قەلاَ دروست کراون . سێ لەسەر چواری دانیشتوانی شار کوردن و بەشەکانی دیکەش لە ئاسوری و تورك و عەرەب و ٧٦٠ ئیسرائیلی ( لە دەقەکەدا نووسراوە ئیسرائیلی ) و ٤٦٠ کلدانی پێك دێن .

چەند کاروانسەرایەکی بۆ بازرگانی هەیە ، کشتوکاڵی بەراو و باخی میوە لە دەوروبەریدا هەیە . لە دەوروبەری شار ئاوی کانزایی و نەوت زۆرە . لە شاردا نزیکەی ٢٠ ئامێری رستن و چنینی قوماش هەیە. لە شاردا دەباغی دەکرێت و تەنانەت ئاوریشم بەرهەم دێت ، و ئاوی شکوفەی پرتەقاڵ دەگیرێت .

له هاوین دا ئاو و هەوای شار گەرمە . بەشێوەیەکی گشتی ئاو و هەوای شار فێنك و پاکە. لە شارەکەدا چەند گۆڕستانێکی هەیە و گۆڕی هەندێ پیر و پیاوچاکیشی لێیە ، خەڵك بۆزیارەت دەچنە سەری. کەرکوك شارێکی کۆنە و ناوە کۆنەکەشی ( کەرکورە ) یە.

# راستی پێكهاتەی نەتەوەیی

## لە ویلایەتی موسڵ و پارێزگای كەركوك دا

وەریگێڕان و ئا/ كوردان

* ژمارەكان راستی پێكهاتەی نەتەوەیی ویلایەتی موسڵ و پارێزگای كەركوك لە كۆن و نوێ دا دەردەخات .

* ژمارەكانی توركی و عیراقی و بریتانی ، دەریدەخەن كە زۆرینەی كورد زاڵە لە ویلایەتی موسڵ و پارێزگای كەركوك دا.

* ژمارە عیراقیێكان جیاوازیەكی گەورە لە نێوان دانشتوانی كورد و توركمان لە شاری كەركووك دا دەردەخەن .

* كورد زۆرینەن لە پارێزگای كەركوك دا ، لەگەڵ عەرەباندن و بەعسـانـدنیش دا .

كورد سێ ئەوەندەی توركمانن لە كەركوكی ئەسلی دابەش نەكراودا .

كورد لە كەركوك دا دوو ئەوەندەی توركمانن بە گوێرەی سـەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ ی عیراقی .

دەرئەنجامی ناكۆكی لە نێو ( عصبة الامم ) لە ساڵانی ١٩٢٢– ١٩٢٥ دا دەربارەی ویلایەتی موسڵ هەرسێ وڵاتانی عیراق و توركیا و بریتانیا ئەم ژمارانەیان پێش چاو خستوە ... وەك لە چاپی سێیەمی كتێبی (كێشەی موسڵ)ی دكتۆر فازل حسێن دا هاتوە كە لە سە ر ئەركی زانكۆی بەغدا چاپ كراوە ، لە لاپەرە ٨٢ دا بەم شێوەیەی خوارەوە باسی لێوە دەكات . ئێمەیش لێرەدا وەك خۆی بڵاوی دەكەینەوە .

# سەرژمێری عیراقی

| | |
|---|---|
| كورد | ٤٩٤،٠٠٧ |
| توركمان | ٣٨،٦٥٣ |
| عەرەب | ١٦٦،٩٤١ |
| مەسیحی | ٦١،٣٣٦ |
| ئێزدی | ٢٦،٢٥٧ |
| جوولەكە | ١١٨٩٧ |

چونكە ئێزدێكان كوردی ڕەسەنن ، بۆیە ژمارەی كورد لە ویلایەتی موسڵی لكێنرا وبەعیراقەوە دەبێتە ٢٦٤ ، ٥٢٠ .

# سەرژمێری تورکی

سەرژمێری تورکی بۆ دانشتوانی ویلایەتی موسڵ بەم جۆرە بووە :

| | |
|---|---|
| کورد | ٢٦٣،٨٣٠ |
| ئێزدی | ١٨،٠٠٠ لێرەدا ژمارەی کورد دەبێتە ٢٨١ ، ٨٣٠ |
| تورکمان | ١٤٦،٩٦٠ |
| عەرەب | ٤٣،٢١٠ |

لێرە دا موبالەغەیەکی زۆر دەبینین لە سەرژمێری تورکی دا ، لە زیادکردنی ژمارەی تورکمان و کەمکردنەوەیەکی ئاشکرا لە ژمارەی کورد وعەرەب دا ، لە ویلایەتی موسڵ دا .

**ئەو سەرژمێریەی تورك كە عیسمەت پاشا ئینەنۆ ئەنجامی داوە**

یە کە م :- دەربارەی ولایەتی مووسڵ.

کورد ٢٨١،٨٢٠

تورکمان ١٢٦،٢١٠

عەرەب ٤٣،٢١٠ کەواتە ژمارەی کورد بە ٦٦،٩١ کەس لە عەرەب و تورکمان زیاترە .

دووە م :- دەربارەی شاری کەرکوك .

کورد ٩٧٠٠٠

تورکمان ٧٩٠٠٠

عەرەب ٨٠٠٠

کەواتە عیسمەت پاشایش دان بەوەدا ئەنێ کە کورد لە تورکمان زۆرترن لە کەرکوک دا .

سێ یه م :- دەربارەی شاری موسڵ .

| | |
|---|---|
| کورد | ١٢٢٠٠٠ |
| تورکمان | ٣٥٠٠٠ |
| عەرەب | ٢٨٠٠٠ |
| مەسیحی | ٣١٠٠٠ |

بەم شێوەیە دەبینین کە سەر ژمێری تورکی ژمارەی کورد کەم وکرژدەکاتەوە و ژمارەی تورکمان زۆر و زل دەکات لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا کورد لە کەرکوك لە تورکمان زۆرترن بە ژمارە ی ١٨هەزار کەس .

## سەرژمێری بریتانی بۆ [ عصبة الامم ]

کورد ٤٢٤،٧٢١

ئێزدی ٣٠،٠٠٠ کەواتە ژمارەی کورد دەکاتە ٤٥٤ ، ٧٢١

عەرەب ١٨٥،٧٣٦

تورکمان ٦٥،٨٩٥

لێرەدا ژمارەی تورکمان وعەرەب گەیشتە٢٥١، ٦٣١ کەس . کەواتە ژمارەی کورد زیاترە بە ٢٠٣ ، ٠٩٠ کەس لە پێکرای عەرەب و تورکمان .

تێبینی /

ئەفسەرانی بریتانی دان بەوەدا دەنێن کە عەشائیرە کوردەکان کورەکانیان دەشاردەوە لە ناونوس کردنیان لە سەرژمێری دا بەڵام خەڵکی شارەکان لە تورکمان ئە وەیان بۆ نە دە کرا [تورکمان] یش تە نها لە شار و شارۆچکەکان دا هەبوون .

## سەرژمێریکانی تری عیراقی لە پارێزگای کەرکوك لە سالی ۱۹۲۲ ـ ۱۹۲٤ دا

| | |
|---|---|
| عەرەب | ۲٥،۱٥۰ |
| تورکمان | ۲٦،۱۰۰ |
| کورد | ٤۷،٥۰۰ |

هەروەها دەبینین کە کورد لە تورکمان زۆرترن بە ۲۱،٤۰۰ کەس .

## لیوای موسڵ

| | | |
|---|---|---|
| عەرەب | ۱۱۹،٥۰۰ | کەس . |
| کورد | ۱۱٤،۲۰۰ | لە گەڵ کوردە ئێزدییەکان دا . |
| تورکمان | ۹،۷٥۰ | کەس . |
| مەسیحی | ٥٥،۰۰۰ | کەس . |
| جولەکە | ۷،٥٥۰ | کەس . |

بەم شێوەیە دەبینین کە :-

١- تورکمان کە مایە تییە کی زۆر کە من.

٢- عە رە ب زۆرینە نین لە لیوای موسڵ دا .

٣- کورد ژمارەیان نزیك دەبێتەوە لە ژمارەی عەرەب و جیاوازی نێوانیان تەنها ٥،٣٠٠ کەسە . بڕیاری بە عەرەب بون ، یان کورد بونی لیواکە ئەدەن . مەسیحێکانن کە

٤- سە رچاوەمان/ کتێبی ( کێشە ی موسڵ ) لاپەڕە ٨٢ چاپی زانکۆی بە غدایە .

{ سە رژمێری عیراقی سالی ١٩٥٧ لە پارێزگای کە رکوك }

کورد / ١٨٧،٥٩٣

تورکمان / ٨٣،٣٧١

عەرەب / ١٠٩،٦٢٠ لە نێوانیان دا ١٩،٣٨٦ لە زادگە وهاوردەی پارێزگاکانی عیراقی عەرەبین .

کە واتە ژمارە ی کە رکوکێکان لە عە رە ب ٩٠،٢٥٢

هەروا دەبینین کە جیاوازی نێوان ژمارەی کورد و تورکمان ١٠٤،٢٢ کەسن و کورد لە دوو ئەوەندە ی تورکمان زۆرترن لە گەڵ نارەزایی کورددا دژ بە کارمەندانی نووسەر لەسەر ژمێرییەکەدا. چونکە ئەوەی بە تورکمانی دوابێ بە تورکمانیان نووسیوە .

## { سه رژمێری عیراقی سالی ١٩٧٧ }

ئەو سـەرژمێریە کە پاش ١٤ سال لە ئەنجام دانی کۆچ پێکردن و دەربەدەر کردنی جوتیارانی کورد کە گوندەکانیان لە دەوروبەر یان نزیکی کـێڵگەکانی نەوت بوون هەروا ، دەرکردنی هەزاران کرێکاری کورد لە کۆمپانیای نەوت و فەرمانگەکانی تر وهێنان ونیشتەجێ کردنی دەیان هەزار عەرەب بۆ ناوچەکە . لەگەڵ هەموو ئەوانەش دا ژمارەکان وا دەدوێن :

## { مه رکه زی قه زای که رکوك }

| | |
|---|---|
| عه ره ب | ٣٨،٤٩ % |
| کورد | ٣٨،١٢ % |
| تورکمان | ٢١،٠٤ % |

## پارێزگای کەرکوك سالی ١٩٧٧

| | | |
|---|---|---|
| عەرەب | ٤٤،٤ % | ٢١٨،٧٥٥ |
| کورد | ٣٧،٥ % | ١٨٤،٨٧٥ |
| تورکمان | ١٦،٣ % | ٨٠،٣٤٧ |

# { قه زای دووبز }

| | |
|---|---|
| عەرەب | ٣٧،٤٦ % |
| کورد | ٥٢،٢٠ % |
| تورکمان | ٨،٥٩ % |

سەرچاوە / کتێبی (سـەرژمێری قەومی دانشتوان) کە بەرێوەبەرایەتی گشتی ئەمن ، لە مەڵبەندی پێشخستنی ئەمنی ڕژێم ئەنجامی داوە . هەروەها نوسراوێکی نهێنی کە دابەش کراوە بەسـەر ژمارەیەکی دەسـنیشان کراودا ، لە لێپرسراوانی ڕژێم بەعس .

تێبینی / گەر قەزا کوردە دابراوەکانی - خورماتـو - کفری - کە لار - بگێرینەوە سـەرژمارەکانی سـەرەوە دەبینین کە ژمارەی کورد بە ئاسـتێکی بەرچاو سـەردەکەوێ بەسـەر ژمارەی عەرە ب و تورکمان دا هەروا دەبینین کە کورد دوو ئەوەندەی تورکمانن لە پارێزگـای کەرکووك دا .

# سه رژمێریەکی تایبەت که به ژماره ی کورد و عه ره ب و تورکمان له
# مه لبه ندی شاری که رکوك له ١٩٩٧ دا

به گوێـرەی سـەرژمێری ساڵی ١٩٩٧ و پاش ئەنجامدانی ڕەفتاری فاشـیستانەی عەرەباندن و هەولی پاکتاوکردنی ڕەگەزی ژمارەکان بەم جۆرەبوون :-

| | | |
|---|---|---|
| عەرەب | ١٧١،١٤٩ | ٣٩،٦١ % |
| کورد | ١٤٧،٧٥٤ | ٣٧،٦٢ % |
| تورکمان | ٨٢،٧٣٦ | ٢٢،٢٧ % |

ژمارەی ئەو کوردانەی ناچاری گۆرینی قەومییەت کراون ٣٨،١٤٧ کەسن . ژمارەی ئەو تورکمانانەی ناچاری گـۆڕینی قەومییەت کران ٤٢،٣٨٦ کەسن . ژمارەی تر ٢٦٨ کەسن .

**تێبینی /**

١. له هەموو سـەرژمێرییەکان دا ژمارەی کورد گەلێ زۆرترن له تورکمان .
٢. له سەرژمێرییەکاندا کورد له عەرەب گەلێ زۆرترن له ڕووی گشتییەوە . کـــورد له ولایەتی موسڵ دا نزیك دەبێتەوە به رامبه ر به ژمارەی عه ره ب له پارێزگای موسڵ .
٣- لەو سـەرژمێریانەدا که سێ وڵاتەکان پێش چاویان خستوە و ئەنجامیان داوە ، شتێك له کورد نەبیستراوە و بواریان پێ نەدراوە ژمارەی خۆیان له بارەی دانیشـتوانیانەوە پێش چاوبخەن . لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا ڕاستی هاوار دەکات که کورد زۆرینەن له ویلایەتی موسڵ و پارێزگای کەرکوك دا.

* ئەم بابەتە له رۆژنامەی الاتحاد ژمارە ٦٦٥ ی رۆژی ١٤ / ١ /٢٠٠٤ بڵاوکراوەتەوە .




ئەبمەدایک بۆت
بە لایەلایە ئەتلاوێنمەوە
بە ماچ و گەمە هیلاکت ئەکەم
ئەتخەوێنمەوە

سارا عومەر

تێبینی / ئەم ژمارەیە لە کەرکووکی کوردان دا بڵاوکرایەوە

# Kurdan
# کوردان

Kurdan2007@hotmail.com

وەرزەکۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتیە - بەرهەمی دەستەیەک قەڵەمی ئازادە



کرێکارێکی کورد / لە دانیمارک

ژمارە {٤} بەهاری ساڵی ٢٧٠٩ کوردی بەرامبەربە ٢٠٠٩ زایینی

خاوەن ئیمتیاز

عەبدولکەریم بەرزنجی

وتەی ژن

# ئافرەت وکار



عەبدولکەریم بەرزنجی

گومانی تێدا نیە کە ئافرەت داینەمۆی کۆمەڵە و دەوری گرنگ دەبینێت لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا،لە سەرەتاکانی مێژووەوە ئافرەت لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا رۆڵی گرنگی بینیوە، لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا بەشداریکردنی ئافرەت لە بوارەکانی کاردا بە گوێرەی پێویستی سەردەم وبارودۆخی ژیانی کۆمەڵگەکەی بوە ، وەك بەشداریکردنی ئافرەت لە جەنگدا بە هەڵگرتنی چەك یان تیمارکردنی بریندارەکانی جەنگ و هاندانی جەنگاوەران لە کاتی کوشتاردا.

ئافرەت سەرچاوەی گەشەکردن و نەشونماکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە لە جێی خۆیدایە کە وەك ئەندامێکی سوودبەخش و تاکێکی کۆمەڵگە داوای مافی خۆی بکات .

کاتێك کە ئافرەت دێتە مەیدانی کارەوە ، و دەیەوێت بەوپەڕی متمانە و دڵسۆزیەوە خزمەتگوزاری پێشکەش بە کۆمەڵگە وهاووڵاتیانی خۆی بکات و بوونی خۆی بسەلمێنێت .

بەڵام پێکهاتە وسروشتی لەشولاری ئافرەت وەکو[مێ] بەرپرسایەتیەکی ئەوتۆی خستۆتە ئەستۆی خودی ئافرەت ، کە لە ئەستۆی پیاودا نیە .

هەموو ئەمانە وای لە ئافرەت کردوە کە لە بەردەم ماندووبوونی فیکری و جەستەییدا بێت و زۆرجاریش ماڵ ومنداڵەکانی بکەونەبەر هەڕەشەی داڕوخان و پەرتە بوون .

ڕەنگە هەندێك ئافرەتان لە خۆیان بپرسن و بڵێن:- ئێمە دەمانەوێ بچینە نێو بازاڕی کارەوە وجۆرێك بەرپرسێتی ئەرکەکانی کۆمەڵگە لە ئەستۆ بگرین ، بەڵام کە نەرێت لە ئاستماندا رێگربێت ئیدی بۆ بۆچی کاربکەین ..؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسانە..!بەرپرسییەك کە قورس بێتەسەرشان و مرۆڤ بخاتە ترس ودڵەڕاوکێوە و بۆچوونی وابێت.. کە

ڕەنگە نەتوانێت ئەو کارە ئەنجام بدات ، بێگومان ئەو هەستە دژوارە لە ژیانی رۆژانەدا کاریگەریەکی ئەوتۆ دەکاتە سەر ژن کە بەردەوامبێت لە بەرانگاربوونەوە و هەوڵ وکۆششدا.
بۆگەیشتن بە چارەسەر و گونجاندن لە نێوان کاری نێوماڵ و کاری دەرەوەدا ، ڕەنگە تارادەیەك هەندێك لە ئافرەتان نەتوانن زاڵبن بەسەر گرفتەکاندا بەڵام مانای ئەوەنیە کە ئافرەتان هیوابڕاوبن لە گونجاندنی نێوان بەرپرسێتی کاری نێوماڵ و بەرپرسێتی ئەواندا وەك کارمەند .
زاڵبوونی ئافرەتی کارا بەسەر گرفتەکاندا ، قوربانی زۆری دەوێت لە کات و دابڕان لە هەندێك پەیوەندی نێو کۆمەڵگە و ماندوبوون وشەکەتی جەستە و کەم وچانی لەو پێناوەدا .
چەندە پلەی پەرپرسێتی ئافرەت لە نێو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەدا بەرزبێتەوە یان پلەی زانستی بگاتە هەرڕادەیەك..!ناتوانێت لە سروشتی خۆی و دەوری خۆی وەك[ مێیینە ] لابدات ، چونکە غەریزەی ئافرەت وەکو رەگەز بەو ڕێچکەیەدا دەبیات کە بۆی خولقاوە .
ئەو بە دوای دڵنیایی وهاوسەر وباوکی جگەرگۆشەدا دەگەڕێت و ئاسوودەنابێ تاوەکو رۆڵی سروشتی خۆی وەکو {مێ}نەبینێت ، ئەودەمە لە پاڵ ئەو بەرپرسیارێتیەیدا تێدەکۆشێت ، بۆ دەرچوون لە سنووری ماڵەوە و پەیوەستبوونی بەکاری دەرەکیەوە.
لە پێناو گونجاندنی ئەو دوو کارەیشدا ئافرەتان تووشی ماندوبوونی دەروونی و جەستەیی زۆردەبن .
ڕەنگە بۆ هەندێك لە ئافرەتان بلوێ کە دایکیان یان ئافرەتێکی خزمیان لە نێوخێزانەکەیاندا بژین و هاوکاری ڕێکخستنی کاری نێوماڵ وکاری دەرەوەیان بۆ بکەن و چاودێری منداڵەکانیان بکەن ، بەڵام زۆربەی ئافرەتان ئەو بوارەیان بۆ نارەخسێت و ناچار دەبن دایان بۆ کۆرپەکانیان بەکرێبگرن ، یانیش بە خزم ودراوسێیان بسپێرن .
زۆریشن ئەو ئافرەتانەی کارمەندن و منداڵەکانیان بێ سەرپەرشت لە نێوماڵدا بەجێدێڵن،بەوڕەفتارەیش منداڵان تووشی مەترسی زۆر دەبنەوە.
ئەوەی باسمانکرد،شێوازی ژیانی ئافرەتانی کارمەندبوو لە کوردستاندا.
هۆی بەرجەستەبوونی ئەو گرفتانەی دێنە ڕێگەی ئافرەتانی کارمەند لە کوردستاندا زۆرن و زۆربەیشیان نادیارن .

بەڵام باری ژیانی ئافرەتی کارمەندی کورد لە وڵاتانی ئەوروپا و وڵاتانی دیکەی جیهاندا زۆر جیاوازترە ، بۆنموونە لە وڵاتی دەنیماركدا...هەموو شار و شارۆچکە و تەنانەت لە زۆربەی گوندە گەورەکانیشدا دایەنگە بۆ منداڵان هەموارکراوە ، دایکان وباوکان منداڵەکانیان دەسپێرنە ئەو شوێنانە بەرامبەر بە گوژمەیەك پارەی دیاریکراو، بۆیە دەبینین زۆربەی ئافرەتانی کورد لە هەندەراندا بازوی کاریان لێهەڵماڵیوەو شانبەشانی پیاوان لە فەرمانگەودامەزراوە و کارخانەکاندا ، لە سەرانسەری ئەم وڵاتەدا بێ وچان کاردەکەن .
بێگومان رۆڵی ئافرەتی کورد لە مەیدانی کاردا هێمایە بۆ زاڵبوونی ژنی کورد بەسەر ئەو گرفتانەدا کە پێشتر بەربەستبوون لە رێگەیدا .
دەبێ نکۆڵی لەوە نەکرێت کە زۆربەی ئاسانکارییەکان لە ڕووی ئافرەتاندا بۆ چوونەنێو بازاڕی کارەوە..! قانون هەمواری کردووە.
بە ئومێدی پراکتیزەکردنی بازاڕی کار لە کوردستاندا لە شێوەی وڵاتانی پێشکەوتوی ئەم سەردەمە و دەرکەوتنی رۆڵی ئافرەتانی کورد لە بواری کاردا. دروودی بێکۆتاییمان دەگەیێنینە ئافرەتی کارمەندی کورد لە هەموو لایەکی ئەم جیهانەدا.



# نەوەی دوارۆژین


ڕەزاشوان

ئێمە منداڵی وردین
نەوەی دوارۆژی كوردین
پەروەردەی شاروهەردین
ژیر و ڕووسوور ومەردین

ئێمە هەموو دڵپاكین
وریا وئازاو بێباكین
بەڵێن ڕاست ودڵپاكین
دڵسۆزی گەل وخاكین

ئێمە هەردەم بێوەستان
بۆ ڕزگاری كوردستان
دەست دەخەینە نێودەستان
بەیەكێتی ویەك هەستان

هیوای ئێمە شادییە
سەربەستی وئازادییە
دادمان لە بێدادییە
لە ژیانی نامرادییە

كەركووك : ١٩٩٥

# بۆمەرگی موهەندس هۆشەنگ

حسێن بەرزنجی

تابلێی هێمن لەسەرخۆ و بێدەنگ
لاوی هەڵكەوتو،موهەندیس هۆشەنگ

بە هەوڵ وكۆشش ، بە شەونخوونی
بە ئاخ وحەسرەت ، دەردی نەبوونی

تاڵی وسوێری چەشت،بە قاتوقڕی
بە سەركەوتوویی .. كۆلیجی بڕی

بۆ خوێندەواری .. هەوڵی زۆری دا
بەڵام مەرگی ڕەش..! ماوەی پێنەدا

نەونەمامێك بوو جێگەی بڕوا بوو
جێگەی متمانە وجێی پرس وڕا بوو

خاوەن وشیاری ، بیر و تەدبیر بوو
هەرچەندە لاوبو، بەڵام زۆرژیربوو

تازە باخەكەی ها تبووە بەرهەم
شوومە ڕەشەبا وەرانی سەرجەم

هۆشەنگ ودۆستی،گیانی برابوون
بۆ كوردەواری تیشكی چرابوون

خوێنیان تێكەڵبوو بەم خاك و گڵە

بۆشاری كەركووك قودسە یا دڵە

بەخوێن نەخشانیان ئەم خاكوخۆڵە
بە فییرۆ ناچێت دەبێتە تۆڵە

حسێن/ ٢٠٠٩



# شینی ڕۆحێکی خێرلەخۆنەدیوی هەڵەبجەوە



عبدالکریم بەرزنجی
١٦ – ٣ – ٢٠٠٣

هەڵەبجە .. من کوفەیی نیم..!
عاشورای درۆت بۆسازدەم
بۆچاوبەستەی نەوەی نوێمان
بەسەر ڕاستێکاندا بازدەم
شینی تۆ ناکەم بە پەرژین
وەك ئەوانەی چەندین ساڵە..!
بە عاشوورای تۆوە دەژین..!
چەندین ساڵە گوێرایەڵین
زۆر بەتاسە وئاواتەوە ..!!
لەمیدیای خۆماڵی دەستەڵاتەوە
هەواڵی ئاوەدانکاری هەڵەبجەی شەهید ببیستین

وتیان گەلۆ چاوەڕوان بن..!!
هاکەزانیت .. هەڵەبجە دەکەینە پاریس
سەدان کۆشك و باڵەخانەی سەرلەهەوری تیا دەچێنین
ڕازاوەتر لەوانەی خۆمان هەمانە
لە پایتەختە جوانەکانی ئەورووپای شیرین وئازیز
زۆرمان بیستو .. زۆریان چڕی ..!
بەڵام نەبینرا بەرپرسێك ، پەتی پرۆژەیەك ببڕی..!!

هەڵەبجەکەم ..!
بە شەهیدانی ژێر خاکت سوێندت دەدەم
بەهەرچی پیرۆزە لەلات..!!

به گۆڕی دێوانەکەی شەم
بەو- عاشورا- یە دڵخۆشیت..؟ کە ساڵانە..!
لە نێو بازاڕ وکۆڵانا..
لافیتەی بۆ دەنەخشێنن ..!
بەناو عاشورای گازەوە ..
بەسەدان نەخشەی سازەوە..!
لە بانکی پڕ لە دۆلاری میری گەورە..
خەرجی دەرماڵە دەردێنن..
چون دڵنیان ، کەبۆ ئەوان..
حەتمەن پاروویەکی چەورە .

هۆ خەڵکینە..!ئێمە و ئەوان باش دەزانین..!
هەڵەبجە..شاری بەگزادە و سەرچاوەی موڵکی بابانە
کۆنە میرنشین و کانی کلتوری گشت کوردستانە
هەڵەبجەیەك..![ئەحمەد موختار، تاهیربەگ و مەولەوی وگۆران]ی لێ بوو.
هەڵەبجەیەك: قەڵەم لە ئاستیا شەرمندە ..!
لاپەڕەی مێژووی ئەعرابی بێچوە شەیتانی خستەڕوو .
هەڵەبجەیەك:
بە سۆزی - یارسان - ەوە.....!!
بە - تەمبووری عیرفان - ەوە.....!!
بە خوێندنی قورئانەوە.....!!
نزای بەرەو ئاسمان چوو.....!!
ئەو هەڵەبجەیە پێویستە موقەدەس بێ .....!!
نەك بنێشتەتاڵەی زاری ، گەندەڵی خاوەن مەبەست بێ .



# حەمدیە قادری

شاعیر



عبدالكريم بەرزنجی

حەمدیە قادر زەنگەنە ، لەدایكبووی ساڵی ١٩٦٦ی گەڕەكی شۆریجەی شاری كەركوكە . خاتو حەمدیە قادر مرۆڤێكی زۆر لەسەرخۆ و خاوەن سەلیقەیە و دەسرەنگینە ، یەكێكە لەو سەدان شاعیرە گومناوانەی نێو كۆمەڵگەی كوردەواریمان كە تا ئێستا میدیا كوردییەكان بەدواداچوونیان بۆ نەكردوون. خاتو حەمدیە : تا ئێستا چەندین پەخشانە شیعرو هەڵبەستی نوێ وكلاسیكی بەرهەم هێناوە ، كە تێیدا كێشە كۆمەڵایەتییەكانی كۆمەڵگەی كوردەواریمان شرۆڤە و شەنوكەو دەكات و ڕازی پەنهانی توێژە بەشخوراوەكان.. یەكاڵا دەكاتەوە . هاوڕێ لەگەڵ ئەو توانا ئەدەبییەدا ، خاتو[حەمدیە قادر] دەسڕەنگینیە لە بواری چەندین كاری دەستیدا. ئەو خاتوونە لە نێو خانەوادەیەكی كوردپەروەردا نەشونمای كردوە. بۆیەش هەستی نیشتمان پەروەری باڵی بەسەر هەڵبەستەكانیدا كێشاوە.

بۆ زیاتر ئاشنابوونی نووسەران وئەدیبان وخوێنەرانی ئازیزمان، لێرەدا ولەگەڵ نەوازشماندا ، چەند نموونەیەك لە بەرهەمەكانی خاتو حەمدیە قادر دەخەینە بەر دیدی ئێوەی هێژا .

## [١] سۆزێکی کوردانه


حەمدیە قادر زەنگەنە

پیتەجوانەکانی ناوت ، ملوانکەی ملی پەیڤێکـن
لەئاسمانی هەستی مندا،پۆلێك ئەستێرەو هەیڤێکن

بەتریفەی مانگی ناوت ، بیروهۆشم چراخانـــە
زمانی نووسینی کوردیم،ئاوێتەی تیشکی ئەوانە

بۆیەهەرشیعرێك دەنووسم،لەچەشنی سروشت خواکردە
وێنەی خۆشەویستی تۆیەو، ڕەنگدانەوەی خەمی کوردە

بەهۆی خۆشەویستی تۆوە،بەر هەمی بەهرەم بەپێزە
بۆ بەرۆکی شیعرەکانم ، ناوی تۆ نیشانەی ڕێـــزە

کوردستان : ناحەزانی کورد ، دڵیان لەناوت بەترسە
بۆچی لەناوت دەترسن؟ ئەمەشیان هەربۆخۆی پرسە

# [ ٢ ] بۆکڕووز

حەمدیە قادر زەنگەنە

لەکاریگەری ئاهێکی دوکەڵاویدا..
بارانی فرمێسکم دایکرد..!
پۆل پۆل وشەی پەپوولە ئاسا ، هاتن و..
خۆیان لەخوم هەڵکێشا..!
خۆڵەمێشی دڵی سووتاوی شاعیرێکیان..بەسەرخۆیانداکرد.
بۆ یەکێك لەوکارەساتانەی
قەستی سەری میللەتێك بوو
دەڵێی بۆکڕووزی دەروونی باوك ودایکی
بە ئەنفالکراوانی کوردن
کە بەردەوام کزەی هەناسەی ساردیان..
باوەشێنی پشکۆی جەرگی سووتاویان دەکات و
تادێ زیاتر ئاگری بێسەروشوێنکردنی ڕۆڵەکانیان
لە ناخیاندا کڵپەی بەرزدەبێتەوە.
چرکە ئازاراوێکانی ساڵانێك چاوەڕوانی
بێ ئەنجامی ئەوان ودەنگی خورپە ولێدانی دڵی
سەدوهەشتا ودووهەزار مرۆڤی کوردە
بەدیار زیندە بەچاڵکردنی خۆیانەوە.
تەپ وتۆزی خۆڵی داپۆشینی ، زیندەبەچاڵ کروانی کوردە
لە بیابانی گەرمی عەرەبستاندا..!!
خوێنی یەکێك لەبرینە سەخت و سارێژنەبووەکانی
دڵی مێژووی کوردە..! بۆ مەرگی ڕۆڵەکانی.
پەڕەسێلکەی لانە شێوێندراوی نیشتمانی کوردە
لە یادی ئەنفال کراواندا
هاتوون بۆ بەردەباران کردنی ئەوتاوانبارانەی..!
دەست وپەنجەی خوێناویان..!

به سوورەتێك لە قورئانی پیرۆز سڕیەوه..!
ئەوان هاتوونەوه..تا لە نێو وێرانەی مزگەوتەکانی کوردستانەوه
بانگی مەزڵوومییەتی خۆیان ونەتەوەکەیان
بەگوێی ویژدانی مرۆڤایەتیدا بدەن .!
هاتوون نوێژ لەسەرتەرمی ویژدانی مردووی-
سەرانی دەوڵەتانی عەرەب و جیهان بکەن...؟
ئەوانەی کە لە ئاست هەوڵی سڕینەوەی
بوونی نەتەوەی کورد دا چاویان لێکنا .
خەندە بزربوەکانی ئەوانه..!
لە نێو لمی گەرمی عەرعەرەوه ، گەڕاونەتەوه .
سا بفەرموون .. ئەوخەندانە بگێڕنەوه بۆ بەهەشتەکەی خودا
ئەی ئەو باوك ودایکانەی بۆکڕووزی هەناسەتان
لە شیعرەکانی مندا ڕنگ ئەداتەوه .

کەرکووك / ١٦ ــ ٤ ـ ٢٠٠٩

# وەحشیگەری بەعس

مەلا ئەحمەدی ووژن / ٢٠٠٩

مەینەت وحەسرەت تاڵی وکارەسات
بەردەوامبوونمان هەردەم لە خەبات

ڕێی مەبەستی دوور بە هەڵمەتەوە
هەوڵ و تێکۆشان بە هیمەتەوە

ئاگر.. سێکوچکە ، چێشت..دوکەڵاوی
سەنگەر لەسەرشاخ ، مژ و تەماوی

گوڕەی کۆپتەرو گرمەی تۆپ باران
دەبارانەسەر کوردی بێ تاوان

منداڵبوون لە ناو ئەشکەوتانی توون
باروت وفیشەك ، بوونە گوڵ بەیبوون

خشە و فیشکەی مار لە هەموولاوە
بێنەوە بەرچاو.. دەرفەت نەماوە..!

لەولا دیمەنی دێهات ڕاگواستن
کیمیا باران و بەسەردا خستن

مناڵ ، پیر و جوان ، گشت ئەنفال کران
بەجارێك هەموو لە نێوان بران

دێهاتیان ڕووخان باخاتیان سووتان
سەرچاوەی کانیاو، بە بۆمبان پڕان

مزگەوت و قورئان بە سووتماك بوو
مافی مرۆڤان ژێرپۆستاڵ کەوتوو

باس بەسەرهاتی نێوشاران بکە
کوشتن و بڕینی کوردەکان بکە

باسی ئەتکەکەی نیشتمان بکە
باسی وەحشێتی بەعسیان بکە

پاش خەباتی زۆر، ڕەنج وماندوێتی
زامی ڕێی دووروسەختی ومەینەتی

دەم ڕاکە ڕاکە ، و دەربەدەریمان
ئاهی نەبوونی ، ڕۆی هەژاریمان

ئێستاش وادەڵێن:[کاکەچیتکردوە]..!
هەوڵ وکۆششی ئێوە[ تیاچووە ]..!

ئەو نانە نانە .. ئەمرۆ لە خوانە..!
جاشبووین یا باشبووین..! ئێستە هەمانە..!

# بۆ کەرکوک

ئەتپارێزین وەکو چاومان
تۆی ناسنامە و بوون وناومان

ئەتۆی دڵەکەی هەموو کورد
کورد بۆ تۆ بوو خەباتی کرد

چەوساوەی دەستی دوژمنی
تۆ[قودسی پیرۆز]ی منی

گیان دەبەخشین لەپێناوت
لامان زۆر پیرۆزە ناوت

شارەکەی جوان و دڵگیرم
بە تیشکی گڕت ئەسیرم

کەرکوک بەڕاستی تۆ گوڵی
بێ تۆ ناژین..چون تۆ دڵی.

بێلان
١٧– ٣– ٢٠٠٨

چیرۆكی

# برینی پیرۆز

عەبدولكەریم بەرزنجی

ئەم چیرۆكە ڕوداوێكی واقیعییە ، لە ساڵی ١٩٨٦ دا لە گەڕەكی شۆریجەی شاری كەركوك ، ئەنجام دراوە ساڵی ٢٠٠٦ وەك دەقێكی شانۆیی نوسرایەوە و لە ئاهەنگی دامەزراندنی كەرتی[ نێستفد ]ی یەكێتی نیشتمانی كوردستاندا لە دەنیمارك بە ئامادەبوونی هەندێك لە كەسایەتیە حەقیقیەكانی چالاكییەكە وجەماوەرێكی زۆر نمایش كرا.

كەسایەتییەكانی حەقیقیەكانی ئەم شانۆگەریە :-

كەریم شێخ أحمد : برینپێچ .

عەتا وخان : خێزانی كەریم .

عبدالله عبدالكریم مارف : هاوڕێی كەریم .

سەڵباتو: پێشمەرگەی مامەڕیشە .

حەمرین و سەگرمە : براكانی سەڵباتو.



## { دیمەنی یەكەم }

شوێن : كەركوك ، گەڕەكی شۆرجە ، ماڵی[كریم شێخ أحمد].

كات : ٩ ی شەو ، هاوینی ساڵی ١٩٨٦

كەریم : لە نێو هۆڵەكەدا خەریكی خۆگۆڕینە ، عەتاوخانی خێزانی چاكەتەكەی لێ وەردەگرێت و چاوەڕوانی خۆ گۆڕینی دەكات.

زەنگی دەرگای ماڵ لێدەدرێت ، كریم ڕووەو دەرگای دەرەوە دەروات.. بەر لەوەی درەگا بكاتەوە دەپرسێ ....!!

كەریم : كێ لە دەرگایە .. ؟ .

كەسێك: كاك كەریم .. خۆمانین ..!

كەریم:دەرگاكە دەكاتەوە... كاك عبداللە..! بەخێربێیت فەرموو برا وەرەژوورەوە .

عبداللە : عەتاوخان ...ها لە ماڵ..؟

كەریم : بەڵێ لە ماڵەوەیە ..!

[هەردووكیان پێكەوە ڕووەو ژووری مێوان دەڕۆن و عەتاوخان دێتە پیری عبداللە وە بەگەرمی بەخێرهاتنی دەكات] .

عەتاوخان: كاك عبداللە بەخێر بێیت.. سەرچاوان .. یاخوا بەخێربێیت ئەی بۆچی دایكی زانات لەگەڵدا نییە ..؟ خۆزگە ئەویشت ئەهێنا.

عبداللە: سەلامەت بیت عەتێخان ، وەخت درەنگ بوو ، منیش ئیشێكی زەروریم بە كاك كەریم هەیە بۆیە بەم درەنگە هاتم..!

عبداللە: ئەی تۆچۆنی..های لەچیا..؟ هێمن..خەوتوە..؟

عەتێخان:- سوپاس كاك عبداللە،باشم شكور.. بەڵێ هێمن خەوتوە . باشە برا یاخوا بەخێر بێیت..بە یارمەتیت با من چایەكەتان بۆ لێنێم .

عبداللە:- نەنە عەتێخان وەختی چای خواردنەوە نیە..!

كەریم...بەزەردەخەنەوە:عەتاوخان...وادیارە ئیشەكەی كاك عبداللە تایبەتە..! زەحمەت نەبێ تۆ چایەكەمان بۆ لێنێ .

عەتاوخان: بەڵێ بەسەرچاو..! ئەڕوات بەرەو چێشتخانەكە .

كەریم : فەرموو كاك عبداللە .. ئەمركە ، خێرە ئیشەكەت چیە..؟

عبداللە : كاك كەریم .. ئیشەكە زۆر تایبەتە ، بە تۆ نەبێ چارەسەر ناكرێت..!!

کەریم : کاری تۆ بێت و بەمن چارەسەربکرێت .. بە چاوان .
عبداللە : بەڵام نەئی تیا نەبێ .. دەبێ ئەمکارە ئەنجام بدەی..!! ئەشزانم تۆ دۆستی دڵسۆز و هاوڕێی ڕاستەقینەی.
کەریم بەزەردەخەنەوە:- دیارە گلۆڵەکە خراپ ئاڵۆسکاوە..ئەگینا بۆ نەئی تیا نەبێ ؟ فەرمو ئەمرکە بزانم چی ڕوویداوە..؟
[ لەو دەمەدا عەتاوخان...دوو پەرداخ ئاوی خواردنەوە دێنێت و دێتەوە ژوورەوە...عبداللە قسەکانی نابڕێت چون،لە دڵسۆزی و کوردپەروەری عەتاوخان دڵنیایە ]
عبداللە: مامەڕیشە سەلامی هەیە....! پێشمەرگەیەکی لە شەڕەکەی ڕێگەی (تەپەلو) دا پارچەی بەرکەوتبوو..! نەتونراوە چارەسەربکرێت لاقی سەقەتبوە . ئێستە بەهەر حاڵێك بێت ناردویەتی بۆلای ئێمە ، دەبێ چارەسەری بکەین .
[کەریم کەمێك ڕادەمێنێ و بێ دەنگ دەبێ....]
عبداللە:- چیت وت کاك کەریم..؟
عەتاوخان: بڕواناکەم باوکی هێمن بڵێ نەء ..!
کەریم:- باشە کاك عبداللە ... لە کوێیە..؟
عبداللە: وەڵلا ئەوی ڕاست بێت هێناومە ، ئەوەتان هان لە سەیارەکەیا لەبەردەرگا.
کەریم:- ئەی چۆن..!؟ چۆن دەیهێنیە ژوورەوە..!؟ چۆنی بیبینم..!؟ خۆ خۆت دەزانی ئەم چایخانەیەی خوسەنەخۆش لەبەرامبەر دەرگاکەمان مۆڵگای سیخور و بەعسییەکانە..نەئەکرا بیهێنی بۆ عیادەکەم..؟
عبداللە:- نەوەلا نەئەکرا ، چونکە کوڕەکە ئەناسرێتەوە ، بۆیە ماڵەوەم بەباشتر زانی .
کەریم:- ئاخر تۆ ئەڵێی لاقی کرژبوەتەوە..ئەی چۆنی دێنیتە ژوورەوە؟
عبداللە:- ئەوەیان کێشە نیە ، براکانی لە گەڵیان..ئەیهێننە ژوورەوە .
کەریم:- باشە کاك عبداللە ، فەرمو با بیهێننە ..! بەڵام کاك عبداللە..!!
عبداللە: برا دڵنیابە هاتنەکەمان زۆر ئاساییە ، دوکان وبازاڕیش نەماوە.. خەڵکیش زۆر بەدەرەوە نەماون .
[عبداللە هەڵدەستێ ڕووەودەرگای دەرەوە دەچێت ، و پەردە دادەخرێتەوە]

## { دیمەنی دووەم }

[کەریم لە ژووری مێواندایە کەمێك پەشۆکاو دێتودەچێت . پاش کەمێك عبداللە وسێ کەس دێنە ژوورەوە ، دووکەسیان چوونەتە ژێرشانی نەخۆشەکە ویارمەتی ڕێکردنی دەدەن].
سێ کەسەکە: شەوباش کاك دکتۆر.
کەریم:- شەوتان باش برایان..بەخێربێن سەرچاوم .. فەرموون..لەسەر ئەو کورسیە داینێن .
[پاشان عبداللە بەدوویاندا دێتە ژوورەوە و دەرگاکە دادەخات ، لەسەر کورسیەکی نزیك کەریم .. دادەنیشێ].
کەریم:- بەڵام کاك عبداللە خۆت دەزانی گەر ڕژێم بەم کارە بزانن..! چیم بەسەر دێنن ..!
عبداللە:- دڵنیابە کاك کەریم .. تۆ هیوای ئێمە وشۆڕشی ، دەبێ وەك چاوانمان بپارێزین .
کەریم:- چاوتان خۆشبێ کاکە گیان ، منیش بەگوێرەی توانا لەخزمەتی ئێوە وشۆڕشدام . بەڵام کاك عبداللە تۆ ئەم برادەرانەت پێم نەناسان..!
عبداللە: ئا..کاك کەریم ببورە..!ئەو قارەمانە کاك[سەڵباتو]ە ، پ.م مامە ڕیشەیە ، ئەم دوانەیش براکانین[حەمرین وسەگرمە]. ئەمان لە خزمانی > تەپەلو <ن.
کەریم:- خۆشحاڵم .. فەرمون کاك سەڵباتو لەسەر ئەو قەنەفەیە ڕاکشێنن با سەیرێکی برینەکەی بکەم.
[عەتاوخان سینیەك چا دێنێت وبەخێرهاتنی میوانەکان دەکات . کەریم چاکانی لێوەردەگرێت ودەڵێ : ]
کەریم: جارێ فەرموون چاکانتان بخۆنەوە .
[چاکان بەسەر میوانەکاندا دابەش دەکات . لەماوەی چاخواردنەوەدا کەریم و عبداللە بە چرپە دەدوێن . پاشخواردنەوەی چاکان ]
کەریم: ئینجا فەرموو کاك سەڵباتو با برینەکەت ببینم
سەڵباتو:- بەڵام کاك دکتۆر برینم نەماوە .
سەڵباتو:[ بەیارمەتی براکانی ئەچێتە سەر قەنەفەکە و ڕادەکشێ ] .

کەریم:- کاکە تۆ جوڵەی لاقت چۆنە..؟ ئەتوانیت لاقت ڕاکێشی ؟
سەڵباتو : نەوەڵڵا دکتۆر ، ناتونم .
پاش ئەوەی کەریم لاقی سەڵباتو و جێ برینەکەی دەبینێ ، دەپرسێ :-
کەریم:- لەکەیەوە لاقت ئاوا کرژ بوەتەوە ..؟
سەڵباتو : کاك دکتۆر، پاش چاك بوونەوەی برینەکەم وردە وردە لاقم کرژ بوەوە.
کەریم:- چەند مانگی بەسەرا چوە ..؟ ئادەی هەوڵبدە لاقت ڕاکێشی .
[ سەڵباتو هەوڵی ڕاکێشانی لاقی دەدات، بەڵام ئازاری زۆری دەگاتێ ]
سەڵباتو: نزیکەی ٧ مانگە....ئاخ،ببورە دکتۆر ناتوانم لاقم ڕاستکەمەوە زۆر ئازارم ئەدات..!
کەریم:- ڕوو دەکاتە عبداللە :- کاك عبداللە پێویستمان بە ئەشیعەیە.
عبداللە:- ئا..کاك حەمرین ئا ئەو ئەشیعەیەی بەرە کاك کەریم .
عبداللە:کاك کەریم...زانیم ئەشیعەی پێویستە ، بەهەرحالێك بوو لەڕێی چەن برادەرێکەوە ئەشیعەیەکمان بۆگرت..!
[حەمرین دەس بەگیرفانی شەرواڵەکەیدا دەکات و لولەیەك دەردێنێ]
حەمرین:- فەرمو دکتۆر گیان .
[پاش تێڕوانینی ئەشیعەکە ]
کەریم:- کاك عبداللە پێویستە عەمەلیات بکرێت.. بەڵام شوێنی پارچەکە زۆر حەساسە ، زەحمەتە لێرەدا ئەنجامی بدەین ، بە ڕاستی دەترسم تووشی نەزیف بێت ، چونکە پارچەکە گەورەیە ودەوروبەری هەموو بوەتە ئەلیاف..!
عبداللە: کاك کەریم..خۆ منیش دەمزانی حاڵەتی وا هی خەستەخانە و عەمەلیات کوبرایە ، بەڵام هیچمان بۆ نەکرا.بەسەد فروفێل ئەو ئەشیعەیەمان بۆی گرتوە..! بۆیەش بەم درەنگی شەوە گەیاندومانەتە لای تۆ .. چونکە تۆ ئومێدي ئێمەی.!هەرچۆنێك بوە دەبێ عیلاجیکەی.
کەریم:- کاك عبداللە مەسەلەکە گاڵتە نیە ، من لە ژیانی کاك سەڵباتو ئەترسم خوانەکەردە گەر تووشی نەزیف بێت بۆمان چارە ناکرێت..!!
عبداللە :- کاکە.. من و براکانی بەرپرسین ، ناوی خوا بێنە ، ڕیشە پێویستی بەم قارەمانەیە ، بۆی چاك کەوە با بۆی بنێرینەوە.

کەریم:- بڵێم چی کاك عبداللە ، من سەریشم لەڕێی شۆڕشدایە هەرچەن کارەکە مەترسی لێدەکرێ...مەبەستم خودی عەمەلیاتەکەیە ، بەڵام پشت بەخوا..! با پێویستییەکان ئامادەبکەم ، بەڵام هاوکاریتانم دەوێ.
عبداللە:- ئەمەیان منی تیا نیم ..بەڵام ئەمان هان لەبەردەستتا .
[عبداللە دەیەوێت لە ژوورەکە بچێتە دەرەوە ]...
کەریم:- چیە کاك عبداللە ناشێ ..........
عبداللە:- نانا من ئەچمە سەربان .
[عبداللە هەڵدەسێت و لە ژوورەکە دەچێتە دەروە]



## { دیمەنی سێیەم }

[كەریم خەریكە دەسكێش لە دەست دەكات ، پێویستی عەمەلیاتی ئامادە كردوە . لەهەمان كاتدا ، حەمرین و سەگرمە خەریكن [سەڵباتو] ئامادە دەكەن بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەرێكە .
[كەریم بە دەم ئامادەكاریەوە ، ڕوو لە سەڵباتو دەكات ودەڵێ :
كەریم :- كاك سەڵباتو.. حەساسیەت نیە ..؟
سەڵباتو : نەخێر دكتۆر گیان .!
كەریم :- جاری تر عەمەلیات كراوی.. بەنجت وەرگرتوە ..؟
سەڵباتو: بەڵێ دكتۆر، لە شەڕەكەی[حەمك]دا بە سەختی بریندار بووم . بردمیان بۆ سەركردایەتی و لەوێوە ناردمیان بۆ ئەودیو. لەوێ عەمەلیات كرام .
كەریم :- زۆر باشە ، كەواتە دڵنیات كردم .
[ كەریم بەنج و ئامێری پێویستی بۆ نەشتەرگەری ئامادە كردوە ] .
لا لە سەڵباتو دەكاتەوە و دەڵێ :
كەریم :- كاك سەڵباتو.. ئەمە كاری نێو ساڵەی عەمەلیاتی كوبرا بوو . دەبوایە بە بەنجی عومومی عەمەلیات بكرێیت.. بەڵام ئەوە لێرەدا ئیمكان نابێ ، بۆیە بەنجی مەوضعی عەمەلیاتەكەت ئەنجام دەدەم .
[كەریم بەزەردەخەنەوە بە سەڵباتو دەڵێ ]
كەریم :- دڵنیاشم كاك سەڵباتو خۆڕاگرە .. ڕەنگە كەمێك ئازاری ببێ .
سەڵباتو بە زەردەخەنەوە:- دڵنیابە دكتۆر گیان .
[ كەریم ریكی بەنج كردنی- سەڵباتو- وە ، پەردە دادەخرێتەوە] .



# { دیمەنی چوارەم }

[ کەریم نەشتەرەکەی بە دەستەوەیە و دەمامکی بەستوە و دەست بە ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە دەکات. سەگرمە لای سەری سەڵباتو وەوە وەستاوە دەستەکانی دەوشێ و حەمرین لە تەنیشتێوە وەستاوە . کەریم بە حەمرین دەڵێ :] .

کەریم :- کاك حەمرین ئەتوانی کە شتێکم ویست بیدەیتە دەستم ..!

حەمرین :- بەڵێ بە چاوان دکتۆر .

کەریم :- کاك سەگرمە تۆیش یارمەتێ سەڵباتو بدە، با بێتاقەت نەبێ ..!

سەڵباتو:- دکتۆر گیان ، لێم مەترسە، دڵنیا بە وبە ئارەزوی خۆت ئیشی تیابکە .

کەریم :- نە کاك سەڵباتو ، من دڵنیام لە خۆڕاگری تۆ ، ها .. ئە .. ئێستە برینێکی بچوك لە لاقت دەکەم، و دڵنیاشم لە نەشتەرگەرێکەماندا سەرکەوتو دەبین .

سەڵباتو و براکانی : ئینشائەڵڵا دکتۆر .

[کەریم دەسبەکار دەبێت و لەسەر یەك داوای پێویستێکانی بەردەستی لە حەمرین دەکات. بەڵام ئەوەی لەپڕ دەبێتە کێشە بۆ کەریم ، بێخودبوونی لەپڕی براکانی سەڵباتو[حەمرین و سەگرمە] یە بەدوای یەکدا..بەهۆی بینینی برینی براکەیانەوە. ئەو حاڵەتە کەریم دەشڵەژێنێ ، بۆیە ناچاردەبێت بانگی عەتاوخانی خێزانی دەکات:

کەریم :- دایکی هێمن فریام کەوە..!

عەتاوخان بە پەلە بەدەنگییەوە دێت ودەڵێ:- خێرە.!چیبکەم ؟

[ هەوڵ ئەدا یارمەتی حەمرین و سەگرمە بدات ]

کەریم :- نە دایکی هێمن وازلەوان بێنە فریای من کەوە ..! زووکە [ئارتری]یەکان بەدەستێك بگرە و بەودەستەکەی دیکەت گۆزم بەرەێ.

عەتاوخان: باشە بەسەرچاو.

پاش چەند چرکەیەك کەریم پارچەکە بەدەم ئارترێکەوە لە برینەکە دەردێنێ و لە بەرچاوی سەڵباتو دا نمایشی دەکات و دەڵێ:

کەریم :- کاك سەڵباتو تەواو.. سوپاس بۆخوا سەرکەوتین .

[سەڵباتو بێتاقەتبووە ، لەسەریەك ئارەقە دەڕێژێت و زەردەهەڵگەڕاوە لە بەرئازاری نەشتەرگەرییەکە، بەڵام بە دەرهێنانی پارچەکە گەشدەبێتەوە وخۆشحاڵ دەبێت و سوپاسی کەریم و عەتاوخان دەکات] .

[کەریم دەس بە تەعقیم کردن ودوورینەوەی برینەکەی سەڵباتو دەکات .

عەتاوخان ، بەپەلە دوو پەرداخ ئاو بۆ حەمرین وسەگرمە دێنیت .

کەریم :- دایکی هێمن ئاوپەرژێنی دەموچاویان بکە .

عەتاوخان :- بەڵێ باشە .

لەوکاتەدا عبداللە دێتەوە ژوورەوە و بە زەردەخەنەوە دەڵێ :

عبداللە:عەزیمە...عەزیمە...دەسخۆش کاك کەریم ، ئاخر من دەمزانی ئەم کارە لەدەست تۆ دەرناچێت .. بۆیە ئیلحاحم لێت دەکرد .

[عبداللە سەیرێکی براکانی سەڵباتو دەکات و دەڵێ :]

عبداللە :- ئەمەیش دەبی بابم ئەمەیش دەبی .

پاش بەخودبوونەی براکانی سەڵباتو ، هەموو بەجارێ سوپاسی کەریم و خێزانی دەکەن . کەریم لە دوورینەوە و تیمارکردنی نەشتەرگەرییەکەی سەڵباتو دەبێتەوە و دێتە کەناری پێشەوەی شانۆکە و ڕوو دەکاتە جەماوەر و دەڵێ :

کەریم:- ئێمە، بۆدەرهێنانی دڕکێکی ژەهراوی دەستی دوژمنی فاشست لەشی پیرۆزی پێشمەرگە بە پیرۆزی بریندارەدەکەین و بە دڵ و گیان تیماریان دەکەین تا برینی پیرۆزیان قەتماغە ببەستێ و جارێکی تر بەگژجەلادەکانماندا بچنەوە . دەبا هەمو بە یەك بیروبۆچوون پەیمان نوێ کەینەوە بۆ درێژەدان بە خەبات ، بۆ ڕزگار کردنی دواگەردیلەی خاکی پیرۆزی کوردستان لە چنگی ڕەشی دوژمنانی گەلە ستەمدیدەکەمان ، دەبا سارێژکەین برینە پیرۆزەکان ، لە دڵ و دەروون وجەستەی هەمو ڕۆڵەیەکی بە ئەمەکی کوردستانی گەورە ماندا .

**[ئیشارەت بە - سەڵباتو- دەکات و لەگەڵ وتنەوەی سرودی- پێشمەرگە - دا پەردە دادەخرێتەوە]**



# " شێوازەکانی دەسەڵات "

ئامادەکردنی لە ئینگلیسیەوە
شاهین کەریمی

تێبینی :
ئەم دەقەی خوارەوە گەرچی به شێواز بابەتێکی سانایه، بەڵام وێنەیەکی جوان و پوختی سیستەمەکانی بەڕێوەبردن لە گێتیدا دەنوێنێ .

## سۆسیالیزم :

تۆ دوو مانگات هەیە. دەبێ دانەیەکیان بدەیتە دراوسێکەت.

## کۆمۆنیزم :

تۆ دوو مانگات هەیە. دەوڵەت هەردووکیانت لێدەسێنێ و تۆزێ شیرت دەداتێ .

## فاشیزم :

تۆ دوو مانگات هەیە. دەوڵەت هەر دووکیانت لێدەسێنێ و تۆزێ شیرت پێدەفرۆشێ .

## نازیزم :

تۆ دوو مانگات هەیە . دەوڵەت هەردووکیانت لێدەسێنێ و دەتکوژێ.

## سوررئالیزم :

تۆ دوو زەڕافەت هەیە . دەوڵەت هانت دەدا کە فێری بەکار هێنانی دەمت بیت.

**بیرۆكراتی :**

تۆ دوو مانگات هەیە. دەوڵەت هەردووكیانت لێدەسێنێ ، یەكێكیان سەر دەبڕێ ، شیری ئەوی دیكە دەدۆشێ و فرێی دەدا.

**سەرمایەداری سونەتی :**

تۆ دوو مانگات هەیە. دانەیەكیان دەفرۆشی و گایەك دەكڕی . ئەودەمە گاگەلەكەت زیاد دەبێت و ئابووریت باش دەبێ .
گاگەلەكەت دەفرۆشی ، پاشماوەی ژیانت لەبەر قازانجەكەی دەژیت.

**سەرمایەداری مۆدێرن :**

تۆ دوو مانگات هەیە. دانەیكیان دەفرۆشی و پاڵەپەستۆ دەخەیتە سەر ئەوی دیكە ، كە بەقەد چوار مانگا شیر بەرهەم بێنێ . پاشان ڕاوێژكارێك بەكرێ دەگری كەبۆت شیبكاتەوە .. بۆچی مانگاكەت مرد.

**كارگەیەكی ئای تی سەرمایەداری :**

تۆ دوو مانگات هەیە . دانەیەكیان دەفرۆشیت بۆ بە گشتی كردنی كۆمپانیاكەت ، چونكە گەرەنتی پێویست بۆ بانكەكەت نیشان دەدا كە لە ڕاستیدا چوار مانگات هەیە. بۆچی بە قەد پێنج مانگا لە باجەكەت كەم نەكەیتەوە. مافت هەیە تا شەش مانگا بگوێزیتەوە لە بانكی پۆلینێسیا كە خاوەنەكەیان كۆمپانیایەكی بەرژەوەندی خوازە و پاشان بەنرخی حەوت مانگا پێت دەفرۆشێتەوە و میرانەی پشت ڕاست كراو لە لایەن ژمێریارەوە دەسەلمێنێ كە تۆ خاوەنی هەشت مانگای و هەروەها ئەگەری هەبوونی نۆ مانگاشت هەیە. تۆ بانگەشەی ئەوە دەكەی كە تۆ گایەكت هەیە كە لە شەڕە گا دا دەبێتە یەكەم و دەیفرۆشیت و لەپڕ بزردەبی.

**كارگەیەكی فەرەنسی :**

تۆ دوو مانگات هەیە. و مان دەگریت و هەموو ڕێگاكان دەبەستیت لەبەر ئەوەی كە دەتەوێ سێ مانگات ببێ.

**كارگایەكی ئیتاڵی :**

تۆ دوو مانگات هەیە ، بەڵام نازانی لە كوێن . بڕیار دەدەی كە خوانی نیوەڕۆ بخۆی .

**كارگەیەكی ڕووسی :**

تۆ دوو مانگات هەیە. دەیان ژمێریت و دەگەیتە ئەو ئەنجامەی كە پێنج مانگات هەیە. دووبارە دەیان ژمێریت و ئەمجارە چل و دوو مانگات هەیە. دیسان دەیان ژمێریت بەڵام ئەم جارە دوو مانگات هەیە. بۆتڵێك ڤۆدكا هەڵدەبچڕی بۆ خواردنەوە.

**كارگەیەكی چینی**

تۆ دوو مانگات هەیە ، و ٣٠٠ كەست هەیە كە چاوەڕوانی شیر دەكەن . تۆ بانگەشەی ئەوە دەكەیت كە هەموو ئەوانە لەسەر كارن و بەرزترین ئاستی بەرهەم هێنانت هەیە. ئەو ڕۆژنامانەی كە باسی ساغ و سەلامەتی دەكەن دادەخەیت.

**كارگەیەكی هێندی :**

تۆ دوو مانگات هەیە. تۆ دەیان پەرەستی.

**كارگەیەكی ئۆسترالیایی :**

تۆ دومانگات هەیە. بازرگانیەكەت وا پیشاندەدا كە دۆخەكە باشە. تۆ نوسینگەكەت دادەخەی و شایی سەركەوتن بە چەن بەرمیلێك بیرە دەگێڕی .

**کارگەیەکی ژاپۆنی :**

تۆ دوو مانگات هەیە. دووباره دایان دەڕێژیتەوه و له ڕاستیدا ده ئەوەنده له مانگایەکی ئاسایی بچوکترن . پاشان چەندین هێما دروست دەکەیت و ئابوورییەکەت لەڕێگەی یاری منداڵانەوه به ناوی کۆکیمۆن بەسەر گشت جیهاندا برەو پێدەدەی.

**کارگەیەکی عیراقی :**

هەموو پێیان وایه تۆ ژمارەیەکی زۆر مانگات هەیه. بەڵام پێیان دەڵێیت که مانگات نیه . کەس بڕوات پێناکات ، بۆیه بۆمبارانت دەکەن و وردت دەکەن و دێنەناو وڵاتەکەتەوه ، بەڵام هێشتا هەر مانگات نیه.



# مەستوورەی کوردستانی

## ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ئاسمانی کوردەواری

**ئامادەکردنی/** شاهین کەریمی

خاتوو{ مەستوورەی کوردستانی } لە ساڵی ١٨٠٥ لە شاری ‹ سنە › لە کوردستانی رۆژهەڵات لە دایك بووە . ناوی تەواوی[ ماهشەرەف ] خانم ناسناوی ‹‹ مەستوورەی ئەردەڵانی ›› بووە ، کە دواتر ناسناوی مەستوورەی کوردستانی بۆ خۆی هەڵبژارد و هەروەها بە ناوی - مەستوورەی ئەردەڵانی- یش ناسراوە. مەستوورەی کوردستانی وەك کوڕ پەروەردە وگەورە بووە ، ئەمە رێك بە پێچەوانەی نەریت و شێوازی ئەو سەردەمەوە بووە . مەستورە خانم لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا لەگەڵ [خەسرەوخان] خێزانی پێکهێناوە . خەسرەوخان خاڵی باوکی مەستوورە بووە . مەستوورە ئامادەی ئەو ژیانە نەبووە ، بەڵام بە هۆی خزمایەتی و نەریتی ئەو دەمەوە ناچار بووە کە ڕازی بێت. خەسرەوخان بەرێوەبەر و سەرکردەی ئەردەڵان بووە. بۆیە خێزان و کەس وکاری مەستورەی گرتوە و سزایەکی قورسی بۆ بریونەتەوە. دیاریشی کردوە کە ئەگەر بنەماڵەی مەستورە بیانەوێ لە زیندان ڕزگاریان بێت ، دەبێ مەستوورە مل بدات بە ژیانی هاوسەری لەگەڵ ئەودا . پاشان مەستوورە ڕازی بووە بە ژیانی هاوسەری لەگەڵ خەسرەوخان دا ، ئیدی خەسرەو زۆر خۆشحاڵ و کەیفخۆش بووە . بەڵام جیاوازی تەمەنیان زۆر بووە ، مەستورە زۆر جوان و شیاو و بەڕێز بووە.

تەمەنی مەستوورەی کوردستانی تەمەنی دەگاتە ٢٩ساڵان خەسرەوخان کۆچی دوایی دەکات وئیدی مەستوورە دووبارە ژیانی هاوسەری پێك نەهێناوە. مەستورەی کوردستانی پەروەردەی نێو بنەماڵەیەکی ئەریستۆکراتی هەرێمی ئەردەڵان بووە . مەستوورە لەژێر چاوەدێری

باوکیدا" ئەبولحەسەنی بەگ قادری"زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی خوێندوە . کاتێك کە سیلسیلەی قاجار دەستیان گرتوە بەسەر هەرێمی ئەردەڵان دا ، مەستوورە خانم لەگەڵ بنەماڵەکەیدا کۆچیان کردوە بۆ هەرێمی ئیمارەتی بابان کە هەنووکە لە ناوەندی سلێمانی کوردستانی عێراق دا هەڵکەوتووە.
" ڕەزاقولیخان " کوری مەستوورەخانم ، جێگری خەسرەوخان بووە بۆیە لەلایەن قاجارییەکانەوە بەندکراوە.
مەستوورە خانم پەرتووکی زۆری لە بواری شێعر- مێژوو- ئەدەب و ئایین دا نووسیوەتەوە. نوسراوەکانی لە هەر دوو زاراوەی کوردی - سۆرانی و هەورامی - هەروەها بە زمانی فارسی نوسراون.
مەستورە ، یەکەمین ژنی مێژوونوس بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا.
دووسەدەمین فستیڤاڵی ساڵیادی لە دایکبوونی مەستوورە لە هەولێر پایەختی کوردستانی باشوور بەرز ڕاگیرا ، زیاتر لە سەدان کەس لە زانایان و پسپۆڕانی زمان وکەلتوور ومێژوو لە سەرانسەری جیهانەوە بەشداری ئەو کۆنگرەیە بوون . زۆرێك لە کتێبەکانی مەستوورەی کوردستانی لە میانەی کۆنگرەکە دا بە زمانی کوردی و فارسی لە چاپ دراون.

- (مێژووی ئەردەڵان)- خرۆنیکا دۆما- لە ساڵی ١٩٢٤ لە چاپ دراوە.

-(دیوانی شێعر)مەستوورەی کوردستانی لەساڵی ١٩٤٩ لە چاپ دراوە.

هەروەها کتێبێکی تری هەیە بە ناوی[بۆچوونەکانی مەستورە] کە لە سەر مەزهەبی شافعی نوسیویەتی .
مەستوورەیکوردستانی یەکەمین ژن بووە کە لەبواری ئاییندا کتێبی نووسیوە.
دەکرێ مەستوورەی کوردستانی نمونەیەکی باش بێت بۆ ژنان کە بڕوا بە خۆیان بکەن ، هەروەها واتایەکی گونجاو بێت بۆ یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو دا.

مەستوورە خانم لە ساڵی ١٨٤٨ لە تەمەنی ٤٤ ساڵیدا لە سلێمانی گیانی لە دەست دا و لە شاری نەجەف بە خاك سپێردراوە.

القسم العربي

# الكورد

## شعب وارض وقضية ورؤية تاريخية

إعداد/ مجلة كوردان

الكورد شعب من الشعوب الاسلامية يبلغ تعداده اكثر من ٤٠ مليون نسمة ، و يعتبر اكبر شعب في العالم ليس له حق السيادة على ارضه وحق ادارة بلاده بنفسه .

موطنهم (كوردستان) التي تعد المهد الثاني للبشرية بعد الطوفان ، حيث بدأت الحياة تنطلق من سفوح جبال جودي الواردة في القرآن الكريم لتعمر شتى بقاع الارض.

ولهذا الشعب لغة خاصة بهم تسمى ( الكوردية ) وهي تنتمي الى فصيلة اللغات ( الهندوأوربية ) وتتفرع منها لهجات عدة.

كانت لهم حكومات وممااليك مختلفة منها :-

حكومة( لۆلۆ)عام (٣٥٠٠ق.م) والتي استمرت ١٤٠ عاماً ، وحكومة [گوتي] ومملكة (ميديا) الشهيرة التي قضى عليها الفرس الأخمينيون عام (٥٥٠.ق.م) . بعد ذلك أصبحت الأمة الكوردية تحكمها حكومات وإمارات مشتتة تابعة للفرس حتى ظهور الاسلام . وكان الفرس يستخدمهم لمواجهة الرومان والحكومات البيزنطية ، مستغلاً ضعفهم وتشتتهم .

دخل الكورد في الإسلام منذ عام (١٨هـ) وشاركوا في بناء الحضارة الإسلامية والثورة الفكرية ببسالة وجدارة . كما وساهموا في أحداث تأريخية هامة مثل:-

- ملاحقة بقايا جيش كسرى التي تحصنت في جبال وسهول كوردستان .

- استرجاع مصر من يد الفاطميين بقيادة صلاح الدين الايوبي وكذلك فتح الشام والقدس على يده.
- مشاركة الفتوحات الاسلامية في شرق الخلافة لتوسيع رقعة حكم الخلافة.
- كما أن الشعب الكوردي ربى المئات من العلماء الأفذاذ الذين ساهموا في بناء الصرح الحضاري والثقافي للمجتمع الإسلامي ، من امثال:-
الفقيه الشهير( إبن صلاح الشهرزوري ) ، و القاضي والمؤرخ البارع والحافظ المحدث [ إبن خلكان ] والعلامة [ إبن تيمية ] والفقيه الكبير سيف الدين الآمدي ، والعالم الفقيه [ابن الأثير الجزري] و [إبن الحاجب] و[ الآلوسي ] و[ الزهاوي ] و [ أحمد شوقي ] و[ الرصافي ] وغيرهم .
وكانت للكورد حكومات وإمارات مستقلة في ظل الحكم العباسي والعثمانين ، مثل :- (الحكومات الايوبية) المتتالية في مصر و الشام و(الحكومة الزندية) و(الأردلانية) في إيران، و(الدوستكية) في دياربكر- تركيا والحكومة (البابانية) وإمارات - سوران و بهدينان - في العراق .

# كوردستان رؤية جغرافية

(كوردستان) هو المصطلح الذي كان يطلق - منذ مئات السنين على المنطقة التي يعيش فيها الكورد ، ويعني (موطن الكورد) ، والمصطلح مشابه لمصطلحات(هندستان ، تركمانستان ، وأفغانستان)وغيرها..التي تشير الى المناطق الجغرافية التي يعيشون فيها تلك الاقوام.

ويشكل المسلمون ٩٨% من الشعب ، وهناك اقلية مسيحية وطوائف من اليزيدية "الأيزديه" والعلوية ، معظم الاكراد في تركيا ثم ايران ثم في العراق فسوريا فاذربيجان.

تشتهر(كوردستان) بجبالها الرواسي(خاصة جبال زاگروس و آرارات) وسهولها الخصبة التس تشقها الانهار . فهناك ثلاثة انهار كبيرة تنبع من كردستان هي: الفرات و دجلة و آراس الذي يصب في بحر قزوين اضافة الى انهار فرعية اخرى وروافد مثل: الزاب الكبير والزاب الصغير ، وبحيرة أورمية ، وبحيرات صغيرة متفرقة .
توجد في كوردستان ثروة نفطية هائلة ، وخاصة في (كركوك وخانقين-العراق) و(سعرت - تركيا ) و(شاه آباد - ايران) و(رميلان - سوريا).
والثروة الزراعية تعتبرمن أغنى الثروات التي يعتمد عليها السكان من القمح والشعير والرز والحبوبات المختلفة و البقوليات ، إضافة الى زراعة القطن والخضروات المتنوعة ..
كما بإمكان الثروة الحيوانية في كوردستان أن تزود جميع الأقطار المجاورة بمحاصليها لو أحسن أستثمارها.

# القضية الكوردية

في أعقاب الحرب العالمية الأولى قسمت الدول الاستعمارية (كوردستان) على خمس دول هي : تركيا وإيران والعراق وسوريا وروسيا. وأكثر الظن يذهب الى أن هذا التمزيق يرجع الى سببين رئيسين:-
اولاً : الثأر من صلاح الدين الأيوبي الذي ينتسب الى الشعب الكوردي والذي كسر شوكة الصليبيين في الحروب الصليبية.
ثانياً : إصرار الكورد على رفض التجاوب مع الدول الاستعمارية بعد إزالة السلطة العثمانية ومناصرة خططهم في المنطقة ، حيث بدأت ثورات و إنتفاضات في أجزاء عديدة من كوردستان ، منها :-
ثورة الشيخ [ سعيد پيران ] عام ١٩٢٥ ، و ثورة الجنرال [ إحسان نوري باشا ] عام ١٩٢٧ - ١٩٣٠ ، و ثورة [درسيم] عام ١٩٣٧ ، و سلسلة الثورات البارزانية وغيرها والتي كانت تطالب بحق تقرير مصير الشعب الكوردي .
ومنذ ذلك الوقت أصبح الشعب الكوردي يتعرض لأسوأ ( حملات التميز العنصري و الإبادة الجماعية و محاولات التتريك و التفريس و التعريب) من قبل أنظمة الأقطار المتواجدة فيها .. كما تعرضت معظم قراهم ومدنهم للتهديم والتدمير ، ومنعت لغتهم والكتابة بها في الإستعمال والتداول الرسمي ، وليس لهم حق ( الادارة الذاتية ) ولحد الآن .. ما عدا كوردستان العراق . وجرت بحق الكورد أبشع الجرائم في الأعوام الاخيرة من حكم البعث في كوردستان العراق ، أكبرها جريمة [الأنفال] في سنة ١٩٨٨ ، حيث هدمت في تلك العملية الأجرامية أكثر من ٤٥٠٠ قرية كوردية و أبيد أكثر من ١٨٢ الف أنسان كوردي أكثرهم من النساء والأطفال والمسنين في العمليات الاجرامية السيئة السيط ، هناك الآن

عشرات الآلاف من الأرامل والأيتام من جراء تلك الجريمة النكراء . كما هدمت أكثر من ألفي قرية في كوردستان تركيا ، مع تهجير الساكنين فيها و ترحيلهم الى أماكن بعيدة ، وقد سمع الجميع بجريمة قصف مدينة - حلبجة - في كوردستان العراق ، بالأسلحة الكيمياوية والتي راحت ضحيتها أكثر من خمسة آلاف شهيد معظمهم من النساء والأطفال والشيوخ ، وجرح خمسة عشر ألف شخصاً آخرين ، كما ونفقت الآلاف من الأغنام والماعز والأبقار. كذلك أستعمل النظام البعثي المقبور الأسلحة الكمياوية ضد الشعب الكوردي المسلم في مناطق – تكية – باليسان – بهدينان – ومناطق أخرى في كوردستان العراق ، حيث أستشهد من جرائها آلاف من الكورد الأبرياء ، ونهبت أموالهم وهدمت منازلهم .

والآن يطالب الشعب الكوردي - في جميع الاقطار التي يتواجد فيها - باعطائهم حق تقرير مصيرهم ، وتحقيق مطالبهم التي لا تتعدى رفع الظلم عنهم والسماح لهم بممارسة حياة كريمة كبقية شعوب العالم .

# الوضع الحالي لكوردستان

الكورد في جميع الاقطار التي يتواجدون فيها ماعدا كوردستان العراق المحررة..محرومون ولحد الآن من جميع الحقوق المشروعة لهم ، حيث حرموا من استعمال لغتهم وتعيينهم في المؤسسات والوزارات والقوى الرسمية وليس لهم حق ترشيح وإنتخاب ممثلين لهم في البرلمانات إلا من تزكيهم السلطات من الموالين لها ، وفي بعض البلدان التي يتواجدون فيها لا يعترف بوجود قومية بإسم ( الكورد)، رغم أنهم يشكلون نسبة كبيرة من شعوب تلك البلدان وتحكمهم منذ سنين (الأحكام العرفية) التي لا تزيد الأزمة الا تعقيداً . وتقوم الأنظمة الحاكمة بترحيل الشعب الكوردي وإسكان قبائل من قوميات أخرى في مناطقهم بهدف تغيير ديموغرافيا المناطق الكوردية تماماً ، كما قام بها النظام العراقي في مناطق مدن كركوك وخانقين .. منذ سنوات ولحد الآن . ومن المؤسف أن( القضية- الكوردية) لم تخرج عن كونها (مشكلة أقلية ) منتشرة في بعض الأقطار. ولم يتمكن معظم الدارسين والمراقبين لحد الآن بأن يفرزوا (ملف القضية الكوردية)عن(ملف الحركات القائمة)في المنطقة وعدم الخلط بينهما . فالقضية الكوردية قضية شعب مظلوم يريد أن يعيش مع شعوب المنطقة متمتعاً بحقوقه المشروعة. بينما (الحركات) هي إجتهادات لتحقيق هذا الغرض . وإنا نحن المثقفين من الكورد نعلن للجميع و - إيصالآ للحقيقة وشاهدين عليها - بأن التضليل الإعلامي الذي مارسته الدول التي تقتسم كوردستان والتعتيم الخبري الذي تولته الدول العظمى كانا لايزالان الحاجز المنيع أمام الرؤية الصحيحة للقضية الكوردية لدى شعوب العالم . فلا يمكن حل القضية الكوردية إلا بالتعاطف معها ومساندتها والضغط على الدول الظالمة لها بمنحهم حق تقرير مصيرهم .

# أوضاع كوردستان العراق

نرى من الضروري إعطاء صورة إجمالية عن وضع كوردستان العراق في عهد حكم النظام البعثي:-

- تم في حينه ترحيل اكثر من ٧٠ % من سكان منطقة كوردستان في حملات وحشية ، وتشريدهم في مدنهم العراقية و إسكانهم في مجمعات قسرية.
- هدم حوالي (خمسة الاف) قرية بمدارسها ومساجدها ومستوصفاتها.
- أسر ١٨٢ ألف إنسان كوردي في عمليات ما يسمى بالأنفال وقتلوا ودفنوا في مقابر جماعية.
- إحراق البساتين والمزارع في منطقة كوردستان العراق والتي كانت تغطي معظم حاجيات العراق.
- تجفيف ينابيع المياه الطبيعية وسد معظمها بالإسمنت ، كي لا يستفاد منها.
- هدمت معظم المعامل والشركات في مناطق كوردستان أثناء الحرب أو توقفت عن العمل.
- أكثر الايدي العاملة عاطلة للأسباب أعلاه.
- هناك الآن أكثر من ٣٠ ألف أرملة وحوالي ٥٥ ألف يتيم ، كبقايا حملات(الانفال) و(الابادة الجماعية).
- بالنظر لضخامة حجم المأساة التي يعانيها الشعب الكوردي ، نتيجة لما تعرض له ، اصبحت المعيشة مشلولة ، واصبح الفرد المسلم في كردستان ليس له أي دخل او مورد مالي لتأمين ابسط احتياجاته الاساسية كـ(الغذاء والدواء والكساء). وفي هذه الظروف هناك حوالي(٦٠) منظمة أجنبية غربية تعمل في المنطقة باسم (الخدمات الانسانية) ، إضافة الى أطماع إقليمية ودولية وإثارة نعرات طائفية وعرقية ومذهبية ، مما يستوجب إزدياد الإهتمام والإغاثة من الجهات والأطراف الإسلامية.

# واجبات العالم الإسلامي تجاه الشعب الكوردي

إن واجب الاخوة الإسلامية يقتضي العناية الجدية بالشعب الكوردي الذي يعتبر نفسه جزءاً من الأمة الاسلامية وأرضه (كوردستان) جزءاً من العالم الإسلامي .

ولكي نجنب الشعب الكردي وشعوب وأقطار المنطقة من أخطار و مشاكل أكثر تعقيداً، وخطر جعل المنطقة الكوردية بؤرة قلق و مشاكل. نرى من اللازم أن نخرج القضية من دائرة كونها قضية داخلية تهم بعض الاقطارالى (قضية شعب مظلوم) تستوجب الإهتمام والمناصرة والضغط على الحكومات التي إنقسمت عليها كوردستان عن طريق - *المنظمات الدولية والهيئات العالمية* - كي ترفع يد الظلم عن الكورد وترجع الحقوق المهضومة وتعترف بحق تقرير مصيرالشعب الكوردي بأية صيغة او أي خيار من الصيغ والخيارات المطروحة في القوانين والأطروحات الدولية التي لا تلح على القيادات والحركات الكوردية - ذات الشعبية الواسعة - على اكثر منها.

هذا هو الواجب الأخوي على المدى البعيد ، أما الواجب العاجل فهو واجب إغاثة الملهوفين و كفالة الإيتام و إعانة الفقراء والمساكين و المشاركة في إعادة البنية التحتية والعمل الأكثر في مجالات الصحة والإعمار والتعليم والإلتفات الى التطورات في الساحة الكوردية ، وذلك إمتثالا لقول الله تعالى [ إنما المؤمنون إخوة ] .

وقوله سبحانه وتعالى [ المؤمنون والمؤمنات بعضهم أولياء بعض ] .

وقول النبي- ص -[ **مثل المؤمنين في توادهم وتراحمهم وتعاطفهم كمثل الجسد الواحد،إذا إشتكى منه عضو تداعى له سائر الجسد بالسهر والحمى** ].

Dansk

# Kurdere

*De mennesker, og den jord, og spørgsmålet om vision og historiske*

Kurdiske folk i de muslimske lande med en befolkning på mere end 40 millioner mennesker, er den største af alle mennesker i verden har ingen ret til suverænitet over arealforvaltning ret til sin egen.
Home (Kurdistan), som er vugge menneskeheden efter andre oversvømmelser, der startede livet off skråningerne af bjerget var jeg i Koranen til at overleve de forskellige dele af jorden.
Dette er grunden til, at folk nominerer deres eget sprog (flag), som tilhører familien af sprog (Indien og Europa) og være i stand til at afsætte flere dialekter.
De har forskellige regeringer og lander, som(Lolo)regeringen(3500BC.M), der varede 140 år, regeringen for [min] Jeg blev tilskrevet den Mount, og Kongerige (Media) brugt af den berømte persiske [Al ahkminyon] året (550th s. M) og derefter regeringer og UAE er spredt en hest har sin telematikredskaber islam, og blev ansat af persere og romerne til at klare den byzantinske regering, der udnytter deres svaghed og disintegration.
Kurderne i indkomst siden islam (18 h) og deltog i opbygningen af den islamiske civilisation og den revolution af intellektuelle mod og fortjeneste. Også bidraget til vigtige historiske begivenheder såsom:-Fortsætte med at resterne af resterne af

-Kisra - holed op i bjergene og sletterne i Kurdistan.
Inddrivelse af Egypten som [ Fatimids ] af innovatorer, der ledes af helten [ Salahadin] , samt åbningen af Levanten og den hellige by Jerusalem på hans hånd.
Deltagelse af den islamiske erobring i den østlige del af succession.
Som det kurdiske folk og Lord of the hundredvis af gode forskere, der har bidraget med at opbygge bygningsværk af civilisation og kulturelle udvikling, såsom: den fundamentalistiske akademiker måned søn af (Salah cheherzori), og opdaterede den irakiske Al-Hafiz, og dommeren og søn af master [ Ibin Khalakan],og Imam (IbnTaymiyah)varemærke,den store fundamentalistiske(Seifeddin Amade)
og søn af (Hajeb Alusi) og (Zahawi) og andre. Svaret fra regeringer og UAE i henhold til en særskilt bestemmelse i Abbasid og Osmanind,såsom(Ayyubid regeringer) successive i Syrien, og de (zendi regeringen)og(Ardalani) i Iran,og(Doski)i Diyarbakir-Tykrit,
og(Babani)i Irak.

# Kurdistan Geografisk vision

(Kurdistan) er et begreb, som blev kaldt - for hundreder af år i området beboet af kurdere,
og den gennemsnitlige (hjemsted for kurderne), som udtryk som (Engtan, Turkmenistan og Afghanistan), der henviser til den geografiske region, hvor de nationer.
Muslimer udgør 98% af befolkningen, og der er et mindretal kristne og Ezidi samfund af "Ezidiya" og den øverste, mest kurdere i Tyrkiet og derefter Iran og Syrien i Irak, Aserbajdsjan.
Berømte (Kurdistan) Rawasi bjerge især bjergene i ( Ararat og Zagros) og frugtbare sletter, der havde Chgaha floder. Der er tre store floder stammer fra Kurdistan: Eufrat og Tigris og ARRAS, som er i Det Kaspiske Hav samt floder og vandløb på den anden datterselskab, såsom: den store - Zab - og Little - Zab - og Lake ( Urmia ) , og små spredte søer.
I langt de olie væld af Kurdistan, især i de (Kirkuk , Khanaqin) Irak og (prissat-Tyrkiet) og (Shah - Pakistan - Iran) og (Rmelan - Syrien).
Tattabrmen landbrugs velstand og de rigeste velstand afhænger af befolkningen i hvede, byg, ris og forskellige Alahbubat, i tillæg til dyrkning af bomuld, grøntsager, diverse..
Livestock kan også i Kurdistan, der indeholder alle de nabolande Bmhasaliha, hvis de investerede.

# *Kurdiske spørgsmål*

I kølvandet på Første Verdenskrig delt kolonimagterne (Kurdistan) til fem lande: Tyrkiet, Iran, Irak, Syrien og Rusland. Og mere tilbøjelige til at gå til fragmenteringsprocessen skyldtes to hovedårsager: --

First: The hævn af kriger Salahadin, der henføres til det kurdiske folk og bryde rygraden i Korsfarere i korstogene.

II: Bestemmelse af kurderne nægtet at efterkomme den koloniale magt efter fjernelse af det osmanniske og rådgivningsarbejde planer i området, begyndte revolutioner og opstande i mange dele af Kurdistan, herunder Sheikh Said Piran oprør i 1925, som opfordrer til tilbagegivelse af kalifatet og den revolution, General ( Ihsan Nuri Pasha) , 1927 - 1930 og 1937 Darsim revolution, revolutioner og andre Albarzani oprører og bad om retten til selvbestemmelse for det kurdiske folk.

Siden dengang er det kurdiske folk bliver udsat for den værste (kampagner for racediskrimination) og (folkedrab) og forsøg (Alttrick og Altfires og Arabization) af de allerede eksisterende systemer i hvilke lande.. De fleste landsbyer og byer af nedrivning og ødelæggelse, og forbudt deres sprog og script i officiel brug, omsætning, og de ikke har ret til at (selv-forvaltning).. Og det værste forbrydelser mod dem i de seneste år. Størst er Iraks Kurdistan, kriminalitet folkedrab i 1988, nedrevet i straffesagen proces mere end 4500 Kurdisk landsby og tilintetgøre mere end 182 tusinde Kurdisk mennesker, flest Var kvinder og børn og ældre i de kriminelle handlinger, som han har navngivet irakiske regime (Anfal), der nu er titusinder af enker og forældreløse som følge af, at kriminaliteten. Så rives

mere end to tusinde kurdiske landsbyer i Tyrkiet, med flytning af beboere og deporteret til fjerne steder, og vi har alle hørt hændelsen for bombningen af byen - Halabja - der ligger nord for Irak, og det kemiske bombardement, der dræbte mere end fem tusinde mennesker, fortrinsvis kvinder og børn, gamle mennesker og såret fem ti tusind andre mennesker, også døde, tusindvis af får, geder og køer. så bruge våben det kemiske, irakiske regime mod befolkningen i kurdiske muslimske regioner - Takya - Balisan - Bahdinan - og andre områder i Irakiske Kurdistan, forårsager drab på tusinder af uskyldige kurder, og plyndret deres penge.
Nu er det kurdiske folks krav - i alle lande, hvor der er - får ret til selvbestemmelse, og kræver, at ikke mere end oprejsning dem og give dem mulighed for at udøve et anstændigt liv som andre mennesker.

# *Den aktuelle status for Kurdistan*

Kurderne i alle de lande, hvor de er befriet Irak undtagen Kurdistan, nu frataget alle rettigheder, der er blevet berøvet brug af sprog og udnævnelsen af de institutioner, ministerier og officielle magt, og de har ikke ret til at udpege og vælge deres repræsentanter i Europa-Parlamentet kun er sponsoreret af loyalister. I nogle lande, hvor de er Kurder, ikke anerkender eksistensen på vegne af mennesker (kurdere), selv om de udgør en stor del af folkene i landet og regerede for år (undtagelsestilstand), som ikke overstiger den krise, men kompliceret. De bestemmelser om udvisning af den kurdiske stammer af boliger og andre nationaliteter i deres områder for at ændre den helt Kurdiske demografi, som det irakiske regime i byerne i Kirkuk og de olierige nationer (Khanaqin), for et par år siden, og indtil videre.

Det er uheldigt, at (det kurdiske spørgsmål) ikke komme ud som et (problemet med mindretallet) er i nogle lande, de fleste studerende var ude af stand til at producere og observatører (sagsakterne flag) om (fil-baseret bevægelser) i regionen, ikke at forveksle dem, forårsager problemet med flag folk ønsker Mazloum til at leve med befolkningerne i den islamiske nation til at nyde deres rettigheder, mens (bevægelser) til jurisprudens af dette formål, den fejlagtige praksis af disse bevægelser ikke aflede opmærksomheden fra retfærdighed af årsagen kurdiske.

Vi annoncere for alle - det forhold, for modtagelsen og vidner - den misinformation praktiseres af de lande, der deler Kurdistan, og Bri, der kom til at dække meget at stormagterne, var de stadig uindtagelig barriere for visionen om retten til at flag spørgsmålet om muslimske folk og folkene i verden, det spørgsmål, som kun kan løses med sympati og støtte pres på stater og uretfærdig for dem.

# Betingelserne i irakisk Kurdistan

Vi mener, at det er nødvendigt at give et samlet overblik om status for det irakiske Kurdistan: --
- Var på tidspunktet for udvisning af mere end 70% af befolkningen i de flag i de kampagner og grusomheder, og fordrivelse i de irakiske byer eller på boligmarkedet komplekser tvangsindgreb.
- Nedrivningen af nogle (fem tusinde) landsbyer, moskeer .
- 182 Kurdisk familier En mand i det såkaldte i Anfal og dræbt og begravet i massegrave.
- Afbrænding af gårde og frugtplantager i området Irakisk, Kurdistan som den dækker de fleste af behovene i Irak.
- Afdrypning og påfyldning af naturlige vand fjedre, hovedsagelig cement, så jeg ikke bruger dem.
- Rives de fleste laboratorier og virksomheder i de Kurdistan områder under krigen, eller holdt op med at virke.
- Mere arbejdsstyrken ledige grunde ovenfor.
- Der er nu mere end 30 tusinde enker og forældreløse børn på omkring 55 tusinde, Kbakaya kampagner (Anfal) og (folkedrab).
- I betragtning af størrelsen af den tragedie, lidt af det kurdiske folk, som et resultat, den levende bliver lammet, og den enkelte muslim i Kurdistan ikke har nogen indkomst eller finansielle ressourcer til at sikre de grundlæggende menneskelige behov, k (mad, medicin og tøj).

Under disse omstændigheder er der ca (60) Western udenlandsk organisation, der opererer i regionen på vegne af (menneskelige tjenester), ud til regionale og internationale ambitioner, og at ophidse sekteriske og etniske, sekteriske, som kræver øget opmærksomhed og støtte fra de islamiske partier.

# Hverv i den muslimske verden mod det kurdiske folk

At den told af muslimske broderskab kræver seriøs opmærksomhed fra det kurdiske folk, er den samme del af den islamiske nation og dets territorium (nordlige) del af den muslimske verden.
For at skåne den kurdiske folk og folk og lande i regionen til de farer, og problemerne bliver mere komplekse, og risikoen for, at fokus for bekymring for den kurdiske region, og de problemer og risikoen for en opsplitning af de islamiske lande, vi føler, at det er nødvendigt, at vi tager spørgsmålet om at være et internt spørgsmål af betydning for nogle lande til (årsagen til undertrykte mennesker), kræver opmærksomhed og støtte og pres regeringer, som har været delt af Kurdistan - gennem internationale organisationer og verden organer - at ophæve uretfærdighed forårsaget af trædes rettigheder og anerkende retten til selvbestemmelse, af nogen formel eller et af de variationer og muligheder i den internationale lovgivning og afhandlinger, der ikke insistere ledere og kurdiske bevægelser - populært -- flere af dem.
Dette skyldes, at de langsigtede broderlige, men snart bliver told (ATD) og (børn) og (støtte de fattige og nødlidende (f) deltage i genopbygningen af infrastruktur) og mere handling på områderne (sundhed, uddannelse og genopbygning) og (være opmærksom på udviklingen kurdiske i arenaen).

I overensstemmelse med de ord, som Gud (men troende er brødre) og siger den Almægtige (de troende, mænd og kvinder, nogle af dem forældre) og ordene af profeten - ص - (såsom de troende i < Tawadihim og Tarahumihim > og sympati، som kroppen af en, når det medlem klagede over ham til at vakle, resten af kroppen for at sikre en feber)

# موهەندیسی شەهید هۆشەنگ بەرزنجی



دەنمارک/ بەهاری ساڵی ٢٧٠٩ی کوردی بەرامبەر بە ٢٠٠٩ز- *Danmark*